
نازم حیکمەت



# فەرهاد و شیرین

جۆرە داستانێکە
شانۆنامەیەکە لە سێ پەردەدا

و. لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە

# فەرهاد و شیرین

نازم حیکمەت

# فەرهاد و شیرین

جۆرە داستانێکە

شانۆنامەیەکە لە سێ پەردەدا

و . لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
**ئاراس**

زنجیرەی رۆشنبیری

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**
**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

کتێب: فەرهاد و شیرین
شانۆنامە. دانانی: نازم حیکمەت
و. لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٠
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی بەرگ: خۆشنووس محمەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر
ژمارە (٢١٩)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ
* * *

# کەسەکان

جارچی
مهیمەنەبانوو
وەزیر
سەرپزیشک
ئەستێرەناس
سەرویناز
شیرین
پیاوە تازەهاتووەکە
دەروێش
سەروەستا
شەریف
فەرهاد
بۆیاخچی
سەمەرقەندی
پیاوە مەشخەڵ بەدەستەکە
ئەو پیاوەی لە تەکیەتی
ژنە منداڵ لە باوەشەکە
مێردی ژنە منداڵ لە باوەشەکە
پیاوە کورتە باڵاکە
پیاوە باڵا بەرزەکە
لاوە کچی یەکەم
لاوە کچی دووەم
کرێکارەکان
شاگردان
ئێشکگران
ئەرزەنییان (خەڵکی ئەرزەن)
گورز، چیای ئاسنین، ئەستێرەی ناهید، تاریکای درەوشاوە، کەڵەکێوی و ئاسک، کۆرس، بلبل، ئەو هەنارەی پێدەکەنێ، ئەو خۆخەی کە دەگرییێ، کات (زەمان).

**تێبینی بۆ دەرهێنەر:** خۆ دواندنەکان بەیەک شێوە، بە دەنگێکی گران دەبێ. لە دیمەنی دووەمی پەردەی یەکەمدا خۆ دواندنەکانی شیرین و مهیمەنەبانوو (کە یەکەم جار فەرهاد دەبینن) لە شێوەی بڕگە بڕگە دا دەوترێتەوە.

# پەردەی یەکەم
## پێشەکی

(جارچی لە دوورەوە دەنگ هەڵدەبڕێ و ڕێ دەکا، تا لە لای ڕاستەوە دەچێتە بەردەمی پەردەی دادراوەوە.)

جارچی: ئەرزەنییینە، مەڵێن بیستمان و نەمانبیست، ئەرزەنییینە، فەرمانی فەرمانڕەوا دەخوێنمەوە. فەرمانی فەرمانڕەوا دەخوێنمەوە... فەرمانی فەرمانڕەوا دەخوێنمە وە. ئەرزەنییینە.

(جارچی، دەگاتە ئەو شوێنەی کە دوو لای پەردەی شانۆ بەیەک دەگەن، واتە ڕێک لەناوەڕاستی پێشەوەی شانۆ، ڕادەوستێ، پاش ئەوەی سێ جاران فەرمانەکەی دەستی ماچ دەکات و دەیخاتە سەر سەری، دەست بە خوێندنەوەی دەکاتەوە.)

جارچی: «ئەرزەنییینە، ڕووی قسەمان لە گشتتانە، هەر لە حەفت سالآنتانەوە تا وەکو حەفتا سالآنتان.. ئێمە کە کیژی شا سەنەم-ین. ئێمە کە مهیمەنە بانووی فەرمانڕەواتانین، ئێمە، کە دادپەروەری، نەک بە تەرازووی هێزم، بەڵکو بە تەرازووی گەوهەرفرۆشان دەپێوین، لە کاتێکدا کە لە چلە دارەبی ناسکترین و قژی سورمەمان پاژنەی پێمان دەکوتێتەوە... ئێمە کە لەو کاتانەدا وا لەشکری دوژمنان شارەکەتانی گەمارو دابوو، وێنەی پاڵەوانان جەنگاین و ناودارترین پاڵەوانانمان بە زەویدا دا. ئەرزەنییینە، ڕووی قسەمان لە گشتتانە. خوشکمان چل ڕۆژە نەخۆشەو لەناو جێدا کەوتووە... ئەو کەسەی دەرمان بۆ دەردی نەخۆشمان بدۆزێتەوە، گەربییەوێ چل شاری پێ دەبەخشین، گەر دەیەوێ گەنجینەکەم لە چل حوشتران بار بکات، بیبات... ئەرزەنییینە، ڕووی قسەمان لە گشتتانە، هەر لە حەفت سالآنتانەوە تا حەفتاتان... خوشکمان چل ڕۆژە نەخۆشەو لەناو جێدا کەوتووە...».

(جارچی، دوای ئەوەی دیسانەوە سێ جاران فەرمانەکە ماچ دەکات و

دەینێتە سەر سەری، ڕێ دەکا.)
جارچی: ئەرزەنییینە، مەڵێن بیستمان و نەمانبیست، ئەرزەنییینە، فەرمانی فەرمانڕەوا دەخوێنمەوە...
(جارچی لە لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە.)
فەرمانی فەرمانڕەوا دەخوێنمەوە..

*

## پەردە دەکرێتەوە

## پەردەی یەکەم. دیمەنی یەکەم

لە کۆشکی مهیمەنە بانوودا، ئەو شوێنەی کە شیرین-ی لێ لەناو جێدا کەوتووە، شەوە. چراکان هەڵکراون .

مهیمەنە بانوو، وەزیر، سەرپزیشک، ئەستێرەناس، دایەن، سەروناز، شیرین .

وەزیر و سەرپزیشک لە لای دەرگاوە بە پێوەن. ئەستێرەناس لە بەردەمی پەنجەرە گەورەکەدایە، بە دووربین سەیری ئەستێران دەکا. شیرین لەسەر لاکێشەدا بێ جووڵە نوستووە. مهیمەنە بانووی تاتای لەلای سەرییەوە دانیشتووە. میهمەنە بانوو نێوچەوانی لەناو دوو لەپیدایەو بێدەنگ دەگریێ. لە خوارییەوە، دایەن چۆکی داداوە و بەم لاولادا دەجووڵێتەوە. سەروناز لەلایەکەی دیکەی لاکێشەکەدا، بەپێوەیە، بەو باوەشێنە زلەی دەستی باوشێنی دەکات.

لە دەرەوە، لە دوورەوە دەنگی جارچی دێ...

دەنگی جارچی: ئەرزەنییینە، ڕووی قسەمان لە گشتتانە، هەر لە حەفت ساڵانتانەوە تا حەفتاتان، ئێمە کە کیژی شا سەنەمین، ئێمە کە میهمەنە بانووی فەرمانڕەواتانین... (دەنگی جارچی هێدی هێدی بزر دەبێ.)

میهمەنە بانوو: (سەر بەرز دەکاتەوە، وەکو داوای یارمەتی بکا، سەیری ئەم لاو لای دەکات.) ئا... وەزیرەکەم...

وەزیر: بەڵێ ئەی بانووی گەورەمان...
میهمەنە بانوو: سەرپزیشک...
سەرپزیشک: فەرمان میرم...
میهمەنە بانوو: ئا... ئەستێرەناس...
ئەستێرەناس: بەڵێ گەورەم...
میهمەنە بانوو: دایە...
دایەن: دایەت بە قوربان... لێرەم ئەی پارچەی جگەرم... لەژێر پێیە ناسکەکانتدام...
(میهمەنە بانوو دەگەڕێتەوە باری پێشووی... ئەم جارەیان هەنیسکە زۆر نەرمەکانیشی دەبیسترێن.)
(دیسانەوە و لە دوورترەوە دەنگی جارچی دێ.)
دەنگی جارچی: ئەرزەنییینە، خوشکمان چل ڕۆژە نەخۆشەو لەناو جێدا کەوتووە...
(دەنگی جارچی بزر دەبێ.)
ئەستێرەناس: خۆی دەدوێنێ.) نازانێ خوشکەکەی مردووە یان نەمردووە، خەمی ئەستێرانی نییە...
وەزیر: (خۆی دەدوێنێ.) چ ژنێکی جوانە خودایە، تەنانەت کە دەشگریێ چەند جوانە، ئای خودایە...
سەروناز: (خۆی دەدوێنێ.) بە ڕاوەشاندنەوەی باوەشێن قۆڵم لێ بووەوە...
سەرپزیشک: (خۆی دەدوێنێ.) ئای گەورەم، ئێستاکە تۆ بەمجۆرە وەکوو خاتوونەکەیماڵەوەی من بێچارە دەگرییێت و دەناڵێنی، بەڵام ئەگەر خوشکت بمرێ... داخت بە مندا دەڕێژێ...
میهمەنە بانوو: (دیسان سەر بەرز دەکاتەوەو، دیسانەوە، سەیری ڕووی یەکە یەکەی ئەوانەی دەورو بەری خۆی دەکا، قسە دەکا.) ئاخ وەزیرەکەم، ئاخ ئەستێرەناس، ئاخ سەرپزیشکەکەم... هیچ ئومێدێک نییە؟ خوشکم، تاقانەم، شیرینم دەچێ و دەچێ؟.

دایەن: ڕۆڵەم خۆت ئازار مەدە، پێیەکانت ماچ دەکەم...
میهمەنە بانوو: (دەگەڕێتەوە باری پێشووی، خۆی دەدوێنێ.) وەڵام نادەنەوە... وەڵام نەدەنەوە چاکترە. گەر بڵێن ئومێد نییە، من بەر لە شیرین دەمرم... ئەم کلەش هەمـوو توایەوە، بە چاومـدا دەچێ. برژانگەکانم لە گریان خەریکن هەڵدەوەرێن. خودا بەڵا لە کلیش و لە برژانگیش بدا...
ئەستێرەناس: (خۆی دەدوێنێ.) ئەگەر چوارینێک بڵێین کە لەگەڵ بارو کاتدا بگونجێ، مەسەلا ئەگەر بڵێین، ئەستێرە...
دایەن: (خۆی دەدوێنێ.) بزانە... هیچم پێ نەزانیبوو، ڕدێنی وەزیر چاک سپی بووە.
ئەستێرەناس: (خۆی دەدوێنێ.) چوارینە، گەر بوترێ: ئەستێرە... نابێتە سەرەتا... نابێ... نابێ... نابێ... بوون، تەواوە، ئەوە دۆزیمەوە، دەبێ بەم جۆرە بوترێت: «ها ژێردەستەی، ها بە شا بووی.» بەڵێ «ها ژێر دەستەی، ها بە شا بووی...» ئێستا سەروایەک بۆ «بووی» ؟
سەروناز: (خۆی دەدوێنێ.) ئەم بەو لاولادا چوونەی دایەنەش ئارامم لێ تێکدەدا... گەر باوەشێنەکە بکێشم بەسەریدا.
وەزیر: (خۆی دەدوێنێ.) لە سەیر کردنی ڕووی تێر نابم... کە دەگریێ باڵەکانی لووتی چۆن دەکرێنەوە و دادەخرێن... ئای خودایە...
میهمەنە بانوو: (چاوەکانی بڕاونەتە دەمو چاوی شیرینەوە... خۆی دەدوێنێ.) ئێستە ئەگەر دەست بە جووڵانەوە بکات. قۆڵەکانی لە گەردنم دەئاڵێنێ و پێم دەڵێ: تاتا...
سەرپزیشک: (خۆی دەدوێنێ.) هەر چۆنێک بێت، تۆش چوویتەتە سەر بنجی خۆت، سوڵتانەکەم، سوڵتان سەنەمی باوکت پێنج دەقیقە بەر لەوەی بمرێ فەرمانی لە ملدانی وەستاکەمی نەدا؟.
ئەستێرەناس: (خۆی دەدوێنێ.) نیوە دێڕی دووەمیش تەواو، ئەوجا با بێینەوە سەر سێیەم... «ئەستێرە...» دەچێتە ناو ئەم نیوە دێڕەوە. بڵێین

چی؟ ئەستێرە؟«ئەستێرە» ؟ «ئەستێرە...»

سەرپزیشک: (خۆی دەدوێنێ.) دەبێ کەللە لە پەنجەکانت ڕزگار بکەم، خۆ دزینەوە لەسەرا ئاسانە، سبەی کاروانی عەلی زادە دەچێتە هیندستان... ئەگەر هەزار لیرە. بە نهێنی بدەم بە عەلی زادە... دەربازم دەکات...

وەزیر: (خۆی دەدوێنێ.) سوپاس کە ئەوەندە پیرم ناگەمە ئەوەی پیر بوونی ئەم ڕووە جوانە ببینم...

ئەستێرەناس: (خۆی دەدوێنێ.) «ها تۆ مردووی...» خراپ نەبوو... با بیلێمەوە تا لە بیرم نەچێتەوە:

«ها ژێر دەستەی، ها بە شا بووی
ها گریاوی و ها کە خۆشڕووی
ئایا بەدەست ئەستێرەیە...
کە تۆ دەژیت، یا کە مردووی...»

سەرپزیشک: (خۆی دەدوێنێ.) هەزار لیرە بۆ عەلی زادە زۆرە. ئەم پاژنە هەڵکێشە پیسکەیە کە لەو گۆڕەدا. لە لایەکیشەوە هاکا تەماشات کرد نەخۆشەکە ڕووی لە چاک بوون کرد، بەڵام ئەگەر چاک نەبووەوە. چاک بوونەوەشی بۆ نییە... بەو خودایە میهمەنە بانوو فرمانی لە ملدانی من هەر دەدا...

سەروناز: (خۆی دەدوێنێ.) برسیم بووەوە... تینووشم... زمانم وشک بووەوە

سەرپزیشک: (خۆی دەدوێنێ.)هەشت سەد لیرە دەدەم بە عەلی زادە. هەشت سەدیش زۆرە. پێنج سەد؟ بەڵام ئەگەر نەخۆشەکە چاک بووەوە؟

میهمەنە بانوو: (دایەن دەدوێنێ.) پەرداخێک ئاو.

دایەن: شەکراو بهێنم، تۆ حەزت لە شەکراوی شاتووە...

میهمەنە بانوو: نەخێر... ئاو

سەروناز: (خۆی دەدوێنێ.) خەریکە قلّپ قلّپ لە پێش چاومدا ئاو

بخواتەوە... (دایەن بۆ ئاو هێنان دەچێتە دەرەوە.)

میهمەنە بانوو: (چاوەکانی دیسان براونەتە شیرین، خۆی دەدوێنێ.) ئاخ، گەر دایکمان نەمردایە، دایە. داخۆ ئەگەر من نەخۆش بوومایە، گەر من بکەوتمایەتە ئەم بارەوە، داخۆ شیرینیش وەکو من خەم دایدەگرت؟ یان بیری لە چوونە سەر تەختەکەم دەکردەوە، گەر بەتەماشی نەبووبێ بیری هەر لێ دەکردەوە... تۆزێکیش پێی خۆش دەبوو؟ من، کە باوکم مرد، ئایا دڵم بە چوونە سەر تەختەکەی خۆش بوو؟ بەڵام... بۆچی بیر لەم جۆرە شتانە دەکەمەوە؟

وەزیر: (خۆی دەدوێنێ.) چۆن داڵغەی لێ داوە... کێ دەزانێ چیی بە بیردا تێدەپەڕێ؟ تا ڕۆژی حەشر با بەمجۆرە بیر بکاتەوە، منیش هەروەها تەماشای بکەم... ئای خودایە...

میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) ئێستا ئەگەر دەستی ببزوێنێ... تاقانەکەم، خوشکەکەی خۆم... ئەگەر ئەم دەستەی ئاوا بخاتە جووڵە... برژانگەکانی چەند درێژن؟ داخۆ لەوانی منیش درێژترن؟

ئەستێرەناس: (خۆی دەدوێنێ.) چ بێدەنگییەکە ئەمە... لە دووردا، زۆر لە دووردا، لە وێدا ڕووی شینی ئەستێرەکانیش، ئە ئاوها بێ دەنگ و بێ دەنگدانەوەیە.

میهمەنە بانوو: (بە دڵخۆشییەوە هاوار دەکات و لە جێی خۆی هەڵدەستێ.) جووڵایەوە. نەتاندی؟(کە وەڵام نابیستێتەوە پەژارە دایدەگرێتەوە.) بۆچی وەڵام نادەنەوە، لەگەڵ ئێوەمە. نەتانبینی؟ کوێرن؟ (بە سەروناز.) تۆش نەتبینی؟ چاوتان بە هەڵکۆڵێن بچێ، نەتاندیت؟(نەرم دەبێتەوە.) بینیت، سەروناز وا نییە؟ بینیت...

سەروناز: بینیم، سوڵتانەکەم. ئەم دەستەی، ئە ئاوا...

میهمەنە بانوو: (بە سەرپزیشک.)بۆ لەوێ وەستاوی؟ تۆ پزیشک نیت؟ سەرپزیشکیشی... وەرە سەیری نەخۆش بکە... دەڵێم دەستی جووڵاندەوە... بڕوا بە من ناکەیت؟.

سەرپزیشک: (لە نەخۆش نزیک دەبێتەوە، مەچەکی دەگرێ بەدەستەوە.)
بڕوا دەکەم، سوڵتانی من، بۆم هەیە بڕوا نەکەم؟
میهمەنە بانوو: ئا ئەوەیان... ئا ئەو دەستەیان بوو کە جووڵایەوە... کەواتە تۆش بینیت؟.
سەرپزیشک: بینیم، گەورەم، بەڵام...
میهمەنە بانوو: (بە ئەستێرەناس.) سەیرێکی ئەستێران بکە، ئەستێرەناس، سەیری ئەستێرەی شیرینم بکە. گۆڕانێکی تێدا نییە؟... چۆن؟
ئەستێرەناس: (چاوی بەدووربینەوەیە.) هەیە، بەڵێ. ئەستێرەی سوڵتان شیرین لە کەلووی کارژۆڵەوە هەڵهاتووە...
میهمەنە بانوو: (بە هاوار قسەی ئەستێرەناس دەبڕێ.) درۆ دەکەن. هەر هەمووتان درۆ دەکەن. درۆ. درۆ (لەپڕ بێدەنگ دەبێ.)
سەرپزیشک: (خۆی دەدوێنێ.) دەبێ هەڵبێم...
میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) بە کوڵ، بە گەرمی دەگرییێم... دەنگم چەند ناخۆشە لە گوێمدا...
وەزیر: (خۆی دەدوێنێ.) کە تووڕە دەبێ و هەڵدەچێ، ئەوەندەی دی جوانتر دەبێ...ئای خودایە...
میهمەنە بانوو: (بە دەنگێکی نەرم و لەسەر خۆ، بەڵام پڕ لە خەفەت، پڕ لە هەڕەشە قسە دەکا...) هیچ کامێکتان چاکەتان لە دەست نایەت... خوشکم وا لەپێش چاواندا دەمرێ... ئێوەش... وەزیر و سەرپزیشک و ئەستێرەناسن... شیرینم وا لە پانزدەساڵیدا دەمرێت و... شاری ئەرزەنیش خودا بیگرێت... لە بەیانییەوە جارچی جاڕ دەدا. تاکە کەسێکی بە هانامدا نەهات... خۆم دەزانم چی دەکەم. چاوتان لێ بێ چیی دی ناگرییم... چیی دی هاوار ناکەم... هەر تەرمی خوشکەکەم لە دەرگای سەراوە دەچێتە دەرێ، کەللەی سەری بڕاوی ئێوەشی لەگەڵدا دەبێ... لە ملی هەمووتان دەدەم، لە هی تۆ ئەی سەرپزیشک، هی تۆ

ئەی ئەستێرەناس، (بە وەزیر.) لە هی تۆش... لە شاری ئەرزەنیشدا
هەر لە حەوت ساڵانەوە تا حەفتا ساڵان.. بەردی لەسەر بەرد...
(دایەن. سوراحیی بەدەستەوەیەو دێت، ئاو دەکاتە ناو پەرداخەوەو،
پەرداخەکە بۆ میهمەنە بانوو درێژ دەکاتەوە.)

دایەن: ئاوەکەم هێنا...

میهمەنە بانوو: (بەدەم ئاو خواردنەوەوە.) گرمە... وەک خوێن.

دایەن: لە بەفردانەکەوە هێناومە.

میهمەنە بانوو: جا با واش بێت، هەر تامی خوێن دەدات...

دایەن: هەواڵێک لە دەرگای دەرەوە هات. هاوشارێک دەیەوێت بێتە
خزمەتتان... نەخۆشەکە چاک...

میهمەنە بانوو: (قسە بە دایەن دەبڕێ... بە مێدێکی شێتانەوە هاوار
دەکات.) زوو، ئەو پیاوە بێننە ئێرە، کێ چوزانێ، بەڵکو خدری
زیندەیە... (وەزیر و دایەن دەچنە دەرەوە، سەرپزیکیش دەیەوێ بڕوا.)

میهمەنە بانوو: (بە سەرپزیشک) تۆ بمێنە. تۆ پیاوێکی ئومێدت لە دەس
داوە. دوو قسەی لەگەڵدا بکەیت... تا دەگاتە ئێرە، خدری زیندەش
بێت، باسک و باڵی دەشکێت.

ئەستێرەناس: (خۆی دەدوێنێ.) ئەمەش نەخۆشەکە چاک ناکاتەوە...

سەرپزیشک: (خۆی دەدوێنێ.) ئەگەر نەخۆشەکە چاک بکاتەوە
سەرپزیشکایەتییەکەی ئێمە لە دەست دەچێت... پێی چاک ناکرێت...
ئاخ... گەر ئێستا بوومەلەرزەیەک ببێت... یانیش ئاگرێک بکەوێتەوە...

میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) ئەوەی کە هاتووە، لاوە یان پیرە؟

سەرپزیشک: (خۆی دەدوێنێ.) ئەگەر یەکێک لەم چرایانە بخەمە خوارەوە.

میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) شیرینم ڕزگار دەکات... وام بەدڵدادێت...

سەرپزیشک: (خۆی دەدوێنێ.) شێت بوون لە دەستی مرۆڤدا نییە.

ئەستێرەناس: (خۆی دەدوێنێ.) ئەگەر نەخۆشەکەیان پێ چاک نەکرێت...
ئێمەش تێدا دەچین.

سەروبناز: (خۆی دەدوێنێ.) دیسانەوە خەوم دێ... هێندەی نەماوە بەرببمەوە سەر زەوی...
میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) شیرینی من چاک دەکا...
سەرپزیشک: (خۆی دەدوێنێ.) هەر دەبێ هەڵبێم، هەرچییەکم کردبێ و نەکردبێ هەر دەبێ هەڵبێم..
ئەستێرەناس: (خۆی دەدوێنێ.) ئایا ئەستێرەکان پەکیان پێیەتی، ئەگەر ژیایت و ئەگەر مردیت... لەوانەیە ئەستێرەکان پەکیان پێی نەبێ، بەڵام من پەکم پێیەتی...
میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) داخۆ لاوە یان پیرە؟
ئەستێرەناس: (خۆی دەدوێنێ.) ئەی هاوار... نامەوێ بمرم... مردن (هەست بە خۆی ناکا کە قسە دەکا.) مەرگم ناوێ.
میهمەنە بانوو: (بە ئەستێرەناس.) چیت وت؟
ئەستێرەناس: من؟ بەندەتان؟! نەخێر، هیچم نەوت، ئەی شابانووی گەورەم...
میهمەنە بانوو: (بە سەروبناز.) ئاوێنەیەکم لێرەوە بدەرێ...
لەبەردەمی میهمەنە بانوودا ڕایدەگرێت... میهمەنە بانوو، سەرپۆشەکەی و برۆکانی ڕێکدەخات...)
میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) بەڕاستیش من ئەوەندەی دەڵێن..جوانم...
سەرپزیشک: (خۆی دەدوێنێ.) دەبێ هەڵبێم...
ئەستێرەناس: (خۆی دەدوێنێ.) گەر لە ملی سەرپزیشک بدات، حەقیەتی...
میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) وام هەست دەکرد برۆکانم هەڵوەریون، هیچ نەبووە... تەنیا چاوەکانم زۆر سوور بوونەتەوە.
ئەستێرەناس: (خۆی دەدوێنێ.) من تاوانم چییە؟ جەللاد سەرم پێ دادەنەوێنێ، ئینجا شمشێرەکە بەرز دەبێتەوە... ئینجا بەپشتی ملمدا.

بەپشتی ملی مندا... شمشێرەکە دێتە خوارەوە... ئینجا... تەنگاو بووم... هەندەی نەماوە بتەقمەوە...
میهمەنە بانوو: (بە سەروویناز.) بیبمەرەوە.
(سەرویناز ئاوێنەکە دەباتەوە و دێتەوە جێی خۆی دەست دەکاتەوە ڕاوەشاندنی باوەشێنەکە.)
ئەستێرەناس: گەر ڕێم بدەی ئەی شابانووەکەم، من بچمە سەرەوە و لە کەلووەوە و... ئەستێرەکان...
میهمەنە بانوو: نەخێر، لەوانەیە شتێکت لێ بپرسێ...
ئەستێرەناس: (خۆی دەدوێنێ.) لەگەڵ سەرپزیشکدا ڕێک بکەوم و قوڕ قوڕاگەی ئەم دوو ژنە... پلیکانە نهێنییەکە دەناسم... هەڵدێین... ئەم کارە گەمەی تێدا نییە.
(ئەستێرەناس، هەنگاوێک بەرەو میهمەنە بانوو دەچێ کە پشتی تێ کردووە. سەرپزیشکیش دەجووڵێتەوە، سەرویناز، ماندوو و جاروبار خەو دەیباتەوە و باوەشێن ڕادەوەشێنێ. ڕێک لەم کاتەدا وەزیر، دایەن و پیاوە تازەهاتووەکە دێنە ژوورەوە. پیاوە تازەهاتووەکە بە ڕێزێکی دیارەوە سڵاو لە میهمەنە بانوو دەکات.)
تازەهاتووەکە: خودا چاکی بکا... سوڵتانەکەم...
(بە شێوەیەکی سەیر تەماشای سەرپزیشک و ئەستێرەناس دەکا.)
میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) پیاوێکی چەند ناشیرینە.
تازەهاتووەکە: نەخۆشتان هەیە، دەبێت ئەمەبێت کە لێرە نوستووە...
میهمەنە بانوو: تۆ خەڵکی ئەرزەن-یت؟
تازەهاتووەکە: نەخێر.
میهمەنە بانوو: پزیشکیت؟
تازەهاتووەکە: نەخێر.
میهەمەنەبانوو: ئەستێرەناسی؟
تازەهاتووەکە: نەخێر.

میهمەنە بانوو: خدری زیندەیت؟

تازەهاتووەکە: نەخێر... خدری زیندە دەبێ دەموچاوی جوانتر بێت... کەچی ئێوە هەرکەمنتان بینی و نەبینی، لە دڵی خۆتاندا وتتان... «پیاوێکی چەند ناشرینە»

میهمەنە بانوو: (دەترسێت و دەکەوێتە ژێر سام و کاریگەریی پیاوە تازەهاتووەکەوە.) چۆنت زانی؟

تازەهاتووەکە: (وەکو پرسیارەکەی نەبیستبێت.) هێشتا با سەیری نەخۆشەکە بکەم...

(تازەهاتووەکە دەچێتە لای ئەو لاکێشەیەی شیرین-ی لەسەردا نوستووە، خوێنە کوتەی دەپشکنێت، پێڵوی دەکاتەوە و لێکیان دەنێتەوە، هەڵدەستێتەوە،)

تازەهاتووەکە: جوانیی سوڵتان شیرینی خوشکتان داستانی سەرزارانە... بەڵام، هەرچۆنێک بێت بەمجۆرەشم بەخەیاڵدا نەهاتبوو... پێتان بڵێم بیر لەچی دەکەنەوە و چیتان بەمێشکدا ڕەت دەبێ؟

میهمەنە بانوو: نەخێر... پێویست ناکات...

تازەهاتووەکە: نەخۆشەکەتان مەترسیی لەسەرە، تا بەیانی یان ڕزگاری دەبێت یان نا، تەنانەت باڕوونتر بدوێین، یەک سەعاتی پێ ناچێت و دەمرێ...

میهمەنە بانوو: تۆ هاتوویت ئەمەم پێ بڵێییت؟

تازەهاتووەکە: هاتووم بە تۆ بڵێم خوشکەکەت چاک دەکەمەوە...

میهمەنە بانوو: سوپاس خودایە.

تازەهاتووەکە: تەنیا بەر لە هەموو شتێک، سێ مەرجم هەن.

میهمەنە بانوو: چیت لەمن دەوێ داواکە...

تازەهاتووەکە: بۆ خۆم، هیچ داواکارییەکم نییە، نە چل شاری تۆم دەوێت و نە چل حوشتریشم هەن بۆ لەسەر بارکردنی گەنجینەت... دەبێ ئەمە چاک بزانی ئەی میهمەنە بانووی کچی شا سەنەم.

میهمەنە بانوو: مەرجەکانی تۆم پەسندە.

تازەهاتووەکە: کەوابێ، لە پێشدا (سەروبناز پیشان دەدا.) ئەم کیژۆڵەیە، قۆڵی لەباوەشێن ڕاوەشاندنەوە شەکەت بووە، زگیشی برسییە، ئەستێرەناسیش کاری هەیە دەبێ بیکات، ڕێ بەویش بدە.

میهمەنە بانوو: بڕۆن، (بە سەروبناز.) تۆ گولتەر بنێرە ئێرە.

تازەهاتووەکە: نایەوێت، با کەس نەیێت...

میهمەنە بانوو: باشە.

تازەهاتووەکە: دوایی، فەرمان دەدەیت، کۆشکێک بۆ خوشکەکەت بنیات بنرێ...

میهمەنە بانوو: بۆ شیرینی خۆم، نەک یەک، هەزار کۆشک بە بنیات نان دەدەم...

تازەهاتووەکە: بابێینە سەر مەرجی سێیەم، (لە پڕ ڕوو دەکاتە سەرپزیشک.) ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە ڕاست نییە، سەرپزیشک، چاوم لە جێی تۆ نییە... نەخێر شەیتان و مەیتانیش نیم... تەنیا من لەوە دەگەم کە مرۆڤ بیر لە چی دەکەنەوە، هەر کەسێکیش خۆی تۆزێک ماندوو بکات لەمە دەگا، برا (دەگەڕێتەوە میهمەنە بانوو.) مەرجی سێیەم... چاک بوونەوەی خوشکت، ژیانی خوشکت، بەم مەرجەوە بەندە، (قسەکانی دەبڕێت، ماوەیەک بێدەنگی.) لە دوورەوە هاتم، تینوومە...

میهمەنە بانوو: (بە دایەن.) ئاو بدە.

دایەن: (ئاو دەدات...) نۆشی گیانت بێ...

تازەهاتووەکە: ئاوەکەتان وەک شەکر وایە.

دایەن: لەو سەرچاوەیەی پشتی چیای ئاسنینەوە بۆمانی دەهێنن، بۆ سەرا..

تازەهاتووەکە: دەزانم، شاری ئەرزەن ئاوی خواردنەوەی نییە، کانییەکانی، لە جیاتی ئاو کێمیان لێ دەچۆڕێ...

میهمەنە بانوو: : مەرجی سێیەمت نەوت؟

تازەهاتووەکە: میهمەنە بانوو، تۆ شیرینت زۆر خۆشدەوێت. هیچ خوشکێک ئەوەندەی تۆ خوشکی خۆی خۆش نەویستووە... لەمەو دواش کەسێک وەکو تۆ خوشکی خۆی خۆش ناوێ... بۆ ڕزگاربوونی خوشکت، تاجەکەت و تەختەکەشت... (لەپڕ ڕوو دەکاتەوە وەزیر.) ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە ڕاست نییە، وەزیر، چاوەڕێ بکە تا قسەکانم تەواوبن. (بە میهمەنە بانوو.) بۆ ڕزگاربوونی خوشکت ئامادەیت واز لە تاجیش و تەختەکشت بهێنی... دەزانم، بەڵام پێویست بەوانە ناکا، (دیسان قسەکان دەبڕێ.) منیش مەگەر لە بارێکی نالەباردا بێدەنگ بووم. (ئاوەکە هەڵدەگرێت و دەیخواتەوە.) بەڕاستی ئاوەکەتان لەشەکراوی سارد دەچێت.

دایەن: نۆشی گیانت بێ...

تازەهاتووەکە: بەڵام خەڵکی شارەکە لە تینوواندا دادەهێزرێن. سەچاوەکان لە جیاتی ئاو قوڕاویان لێ دەچۆڕێ...(لەپڕ ڕوو دەکاتە سەرپزیشک.) دیسان نەتزانی، سەرپزیشک، دیسانەوە ڕاستیت بە بیردا نەهات. چونکە مەرجەکەم، ئاو هێنان نییە بۆ شار... دەزانم، کۆششی زۆر کراوە کە ئاوی چیای ئاسنین بهێنرێت بۆ ناو شار.

وەزیر: تاشە بەردەکان کون ناکرێن.

تازەهاتووەکە: دەزانم (بە سەرپزیشک.) بینیت، سەرپزیشک، ئێستا چارەت دیتەوە، بیر دەکەیتەوە کە بیر لە هیچ نەکەیتەوە. بەڵام ئەمیش هەر بیرکردنەوەیە.

میهمەنە بانوو: مەرجی سێیەم؟

تازەهاتووەکە: بۆ ڕزگارکردنی خوشکت دەبێ شتێکی خۆت ببەخشیت... بەڵام ئایا دەتوانیت ئەوە ببەخشیت، ناتوانیت بیبەخشیت... من بە خۆشم ناتوانم بڕیار بدەم.

میهمەنە بانوو: چیت لەمن دەوێ؟

تازەهاتووەکە: (بە سەرپزیشک.) بڕوانە، دیسان دەستت بە بیر کردنەوە کردەوە. سەرپزیشک، چەند بەخراپیش بیردەکەیتەوە، لە کاتێکدا من ئەوەندە پیرم کە هەندێک شتم پێ لە ژنان داواناکرێ، بەناشرینی و هەژاریی خۆشم دەزانم.

میهمەنە بانوو: داواکارییەکەت لە من چییە؟

تازەهاتووەکە: نەک بۆ من، تۆ بۆ خوشکەکەت دەبێ شتێکی خۆت بەخت بکەیت.

میهمەنە بانوو: تێگەیشتی بیر لەچی دەکەمەوە؟

تازەهاتووەکە: بەڵێ، لە دڵتدا دەڵێیت: «بە هەر حاڵ ژیانەوەی خوشکم پێویستی بە مردنی من هەیە.» . لە دڵتدا دەڵێیت: «دەمرم.» دەڵێیت: خۆزگە ئەم کارە زۆر زوو بکرایەو ئەوەندە ئازارم نەچێشتایە. ئا بەمجۆرە، ئەوەتا لە ئێستاوە خەمێک کەوتە بیرکردنەوەتەوە... (یەکسەر ڕووەو وەزیر وەردەگەڕێ.) پەلە مەکە، شالیارەکەم، پێویست بە گیان بەخشینی سوڵتان ناکات، بەڵام پێویستی بە بەخشینەوەی شتێکی ئەوتۆ هەیە کە بەلای تۆوە گیانی ببەخشییایە چاکتر دەبوو.

وەزیر: وس... تێگەیشتم، تێگەیشتم. خودا بتگرێ (بە میهمەنە بانوو.)... ئەم جادووگەرە لە دیارتانەوە دەرکەن...

تازەهاتووەکە: (بە میهمەنە بانوو.)... بڕۆم؟

میهمەنە بانوو: (لە بیرکردنەوە بە ئاگادێتەوە.) چی؟ بۆ کوێ؟ ئەدی خوشکەکەمت ڕزگار نەدەکرد؟

وەزیر: سوڵتانەکەم، داواکارییەکەی بەجێ نەهێنن. لە ملی ئەم نەفرەت لێ کراوە بدەن.

تازەهاتووەکە: (بە میهمەنە بانوو.) ئای کچی شا سەنەم، ڕووت چەند جوانە. لەشی لەو گوڵ جوانترە کە بە حەوت ساڵان جارێک دەپشکوێ. نێو چەوانت وەک ڕووناکیی بەیان... برۆکانت قەڵەم و... چاوەکانت مامز... ئەم خاڵە زێڕینانەی ناو ئەم شەوگارە خەواڵووە... ئەم خاڵە

کەسکانە... ئەو لووتە ورد و ناسکەت... لێوەکانت... ئەم تووترکە تەنیا
لە ئەستەمبوولدا دەڕوێ... ئەم هەڵووژەیە لەدەشتەکانی بۆلییەوەیە...
ئەی کچی شا سەنەم تۆ لەشیرینی خوشکیشت جوانتری.
وەزیر: سوڵتانەکەم، ئەم ئیبلیسە لە گۆ بخەن.
تازەهاتووەکە: کچی شا سەنەم... ئەی کچی شا سەنەم... ئەم لەشەی تۆ،
دەبێ بە وشکە گەڵای دارچنار، زەرد، وشک... خشەخش... ئەم برۆیانە
شاش دەبن و تێکدەچن، ئەم چاوانە وەک چاوی مەڕی سەر بڕاو
دەڕوانن... لووتت درێژ دەبێت... لێوەکانت وەک پارچە داوی لە
شڕەوپڕەی هەژارترین ژنە ئەرزەنی بووەویان لێ دێ... لەگەڵ ئەوەشدا
لە من ناشرینتر نابی...
میهمەنە بانوو: چی دەڵێی، بۆچی ئەم قسانە دەکەی؟
وەزیر: ئەم بەدفەڕە بێدەنگ بکەن...
تازەهاتووەکە: ئەوا مەرجی سێیەمم دەڵێم، میهمەنە بانوو، مەرجی
سێیەمم بۆ ئەوەی خوشکت نەمرێ... تۆ جوا نییەکەت دەبەخشیت و
خوشکەکەت دەژی.
وەزیر: بۆت نییە ئەوە بکەی گەورەم، بۆت نییە مەرجێکی وەها پەسند
بکەی.... تەڵێکی برژانگت بە سەد هەزار...
میهمەنە بانوو: (قسە بەوەزیر دەبڕێ.)... وس
تازەهاتووەکە: دەزانم بیر لەچی دەکەیتەوە، میهمەنە بانوو. چەند بەپەلە،
چەند بە ئاڵۆزی بیر دەکەیتەوە. بەڵام ئەنجام هەر بیر لە هیچ
ناکەیتەوە... تەنانەت بیر لە بیرکردنەوەش ناکەیتەوە. ئەوا حەسایتەوە.
میهمەنە بانوو: بیر لە هیچ ناکەمەوە... نەخێر بیری لێ دەکەمەوە... باشە...
مەرجی سێیەمیشتم پەسند کرد.
تازەهاتووەکە: من درۆم لەلا نییە. ڕووت دەژاکێ، پیر دەبێ، بەڵام لەشت،
دڵت، گشتی وەها تازە، وەها گەش، گشتی وەها بە تینوویەتی
دەمێنێتەوە، بیر لەوە مەکەرەوە کە بڵێیت «هێشتا سوپاس!»، خۆزگە

ئەوانیش پیر دەبوونەوە، ئەوانیش دەمردن.
وەزیر: سوڵتانەکەم... گەورەم... تاقانەکەم... ئای خودایە.
میهمەنە بانوو: با درێژە بەکارەکە نەدەین... مەرجەکەتم لاپەسندە... وتم لەلام پەسندە سا... تێنەگەیشتی، مەرجی سێیەمیشم پەسندکرد. (ماوەیەک بێدەنگی.) باشە، ئێستاکە چی دەبێ؟
تازەهاتووەکە: کچم، ئەلێرە دانیشە.
(تازەهاتووەکە میهمەنە بانوو پشت بە بینەران دادەنێ، ئەو کاسە گەورەیە دەهێنێ کە لە سووچەکەدا دانراوە، شووشەیەک لە گیرفانییەوە دەردەهێنێ و بەناو کاسەکەیەدا بەتاڵ دەکاتەوە... تازەهاتووەکە گوڵێک و لەتە ڕووەکێک لە باخەڵییەوە دەردەهێنێ و دەیخاتە ناو کاسە بە هاڵاوەکەوە. هاڵاو دووبارە بەرز دەبێتەوە. هەموو ئەمانە کە ڕوو دەدا، دایەن لە بارێکدایە کە زۆر دەترسێ. خەریکی دوعا خوێندنەوەیە.)
تازەهاتووەکە: (بە میهمەنە بانوو.) مەترسە کچم، هەرگیز لەشت ناسووتێ، دەستی خوشکەکەت بگرە. (میهمەنە بانوو، هەر پشتی لە بینەرانە، دەستی شیرین دەگرێ.)
تازەهاتووەکە: ئاگری بێ گوناهی لە هەموو شتێک خاوێنترە، ئاگری بێ بەزەیی کە لە هەموو شتێک پاکترە، جوانیی ئەو گوڵەی کە لە ئاگردا سووتاو بوو بە خۆڵەمێش چۆن بە خۆڵەمێشی لقەداربی تێکەڵ بوو، جوانیی تۆش بەو مردنە تێکەڵ دەبێ کە خوشکەکەتی گەماروو داوەو مردنەکە دەبەزێنێ، کچم... (بە سەرپزیشک.) سەرپزیشک... تۆ دەتوانی بڕۆی... (سەرپزیشک دەچێتە دەرەوە) وەزیر... تۆش دەتوانی بڕۆی...
وەزیر: نەخێر. من ناڕۆم. من لێرەم... من...
تازەهاتووەکە: ڕاست دەکەی، مەڕۆ...
میهمەنە بانوو: (بەدایەن کە وازی لە دوعا خوێندن هێناوە و دەگریێ.) مەگریێ... دایە گیان... ئەگەر من لەسەر پێخەفی مردن بوومایە،

شیرین-یش هەر وەهای نەدەکرد؟
وەزیر: نەخێر... نەخێر...، نەیدەکرد. سوێند بە سەری تۆ دەخۆم نەیدەکرد. شتێکی وەها هیچ ئافرەتێک. هیچ پیاوێک. هەرکەس...
میهمەنە بانوو: (قسە بە وەزیر دەبڕێ.)ئا... وەزیرەکەم. لەبەرچی ئەو قسە ناخۆشانە دەکەی؟ تۆ سەری من وس بە... قسە مەکە... تەماشای دەموچاوم کە... سەیری دەموچاوم بکە تا لە دەموچاوتەوە تێبگەم دەموچاوم چیی لێ هاتووە.
تازەهاتووەکە: (بە میهمەنە بانوو.) بیر لە خوشکت بکەوە. خوشکەکەت دیسان وەک جاری جارانی، دیسانەوە وەک کارمامزێک بە دەوروبەرتدا دەگەڕێ... خواردن دەخواو، دەنوێ، هەڵدەستێ، دەژی، لە کاتێکدا کە خەریک بوو دەمرد.
میهمەنە بانوو: بە دەموچاومدا بڕوانە، ئا... وەزیرەکەم. بە دەموچاومدا بڕوانە...نەکەی دەمت بکەیتەوە، قسە مەکە... تەنیا لە یەک شت، خوشکەکەم نامرێ... شیرینەکەم..
(ڕووی وەزیر کە سەرنجی لەو گۆڕانە دەدا لە دەموچاوی میهمەنە بانوودا ڕووی دەدا، ئەبلەق دەبێ.)
تازەهاتووەکە: تۆ خۆشەویستی دەزانی ئەی کچی شا سەنەم... تۆ خۆشەویستی دەزانی...
میهمەنە بانوو: ئای ڕووت چەند زەرد هەڵگەڕاوە.. وەزیرەکەم... بۆچی چاوەکانتم لێ دەشارییەوە؟ جاران لە سەیری دەموچاوم تێر نەدەبوویەوە، بۆچی وەها دەزانی... ئاگام لێ نییە؟
تازەهاتووەکە: خوشکەکەت دەژی... خوشکەکەت وردە وردە گیانی بە بەردادێتەوە... ڕووی لێ وەرمەگێڕەوە... مەجووڵێ...
میهمەنە بانوو: ئا... وەزیرەکەم، چییە؟ تۆش دەموچاوت پیرە، بەڵام هەرگیز ناشرین نییە. ڕووی دایکیشم پیر بوو بەڵام ناشرین نەبوو.. بەڵام ئەوەی من؟ دایە... ئاوێنەکە بێنە، بەرامبەرم ڕایبگرە، نەخێر...

نامەوێ... دوایی تەماشا دەکەم، زۆر دوایی.
وەزیر: ئیدی بەسە. بیکەن لەڕێی خودا بەسە... هەڵسن لەوێوە... دەستی خوشکەکەت بەردە... (لە بارێکی ناخۆشدا دەلاوێنێتەوە.) ئۆ هۆۆۆ...(وەزیر خەنجەرەکەی دەردەهێنێ، دەیەوێ لە سینگی خۆی ڕاکا، تازەهاتووەکە، خۆی دەهاوێتە سەر وەزیر و خەنجەرەکەی لەدەست وەردەگرێتە و، لەم کاتەدا.)
دایەن: ئای...
میهمەنە بانوو: چی دەکا؟ بۆ وای کرد؟ (هاوار دەکەن.)
تازەهاتووەکە: (بە میهمەنە بانوو.) ڕاوەستە... مەجووڵێرەوە، دانیشە... خوشکەکەت ئەوا هەڵدەسێتەوە...
(وەزیر بەسەر لاکێشەکەدا دەکەوێ...)
وەزیر: (بە تازەهاتووەکە.) بۆ لێ نەگەڕایت، خودا بتگرێ.
تازەهاتووەکە: تۆ وەکو ترسنۆکان، وەک بەزیوەکان دڵداری دەکەیت، وەزیر، تەنیا بۆ خۆت... نەک خۆت... تا ئەو ڕادەیەی کە بیر لە کوشتنی من ناکەیتەوە... تەنیا بۆ خۆت دڵداری دەکەیت.
(لەم کاتەدا هاڵاوی ناو کاسەکە دامرکاوەتەوە).
تازەهاتووەکە: (بە میهمەنە بانوو.) ئاگر کوژایەوە، کچی خۆم... خوشکەکەت ڕزگاری بوو.
میهمەنە بانوو: شیرینەکەم...
شیرین: هەپشو... هەپشو...
تازەهاتووەکە: ڕاوەستە... ئەوە... ئەوە چاوەکانی دەکاتەوە... تەواو، ئەوە خوشکەکەت بۆ گەڕایەوە... دەستی بەردە...
وەزیر: خودا هەمووتان بگرێ.
میهمەنە بانوو: خوشکەکەم، شیرینەکەم، تاقانەکەم...
(شیرین تا نیوە و ناتەواوێک ڕاست بووبووەوە... میهمەنە بانوو خۆی بەسەر شیریندا داداوە، دایەن خۆی بە ملیدا پێچاوەتەوە... شیرین لە

بارێکدایە کە وەکو نەببینێ و نەببیستێ وەهایە، لەو کاتەدا تازەهاتووەکە بێدەنگ دەچێتەوە دەرەوە).

دایەن: خودایە سوپاس... خودایە سوپاس...

شیرین: (دایەنی ناسیبووەوە، بەڵام خوشکە گەورەکەی، کە باوەشی پێدا کردووە، هێشتا پشتی لە بینەرانە، نەناسیوەتەوە)... دایە گیان.. داخۆ لە مێژبوو نەخۆش بووم... داخۆ ئێستا بە تەواوی چاک بوومەوە؟ تاتام لە کوێیە؟ خوشکەکەم ئاگادار بکەنەوە... (لەم کاتەدا ڕوو بە ڕووی میهمەنە بانوو سەری هەڵدەبڕێ... بەڵام ڕووی لەلایەن بینەرانەوە نابینرێ بەرامبەر یەک دێن.) دایە گیان، ئەم ئافرەتە کێیە؟

**پەردە**

## کۆتایی دیمەنی یەکەمی پەردەی یەکەم

***

## پەردەی یەکەم - دیمەنی دووەم

ڕووی بەرەو باخچەی ئەو کۆشکەی بۆ شیرین دروست کراوە، پێپلیکانەی پان و بەرین بۆ دەرگاکەی بەسەر دەکەوێ، باخچەکە دارسێوی تێدایە کە میوەی پێوەیە.

دەروێش، بەهزاد، سەروەستا، شەریف، فەرهاد، بۆیاخچی، کرێکاران و دەست و پێوەندەکان.

فەرهاد، لەلای چەپی دەرگاکەوە، لەسەر ئەسکەلەیەکی بڵنددا خەریکی کارکردنە لە نەقشەکانی ژێر گوێسوانەدا، شەریف، ڕێک لەژێر ئەسکەلەکەدا خەریکی کارکردنە، ئەویش هەر نەقش دەکا، نەقشەکانی لای پێپلیکانەکانی لای ڕاستەوەی دەرگا... بەهزاد خەریکی ڕەنگکردنیانە.

سەروەستاو دەروێش تەماشای کۆشکەکە دەکەن، بۆیاخچی خەریکی ئامادەکردنی بۆیاخە، کرێکار و دەست و پێوەند لە کارکردندان و دێن و دەچن.

سەروەستا: (بە دەروێش) ئە ئاوها، هەر کە کاری نەقشەکان کۆتاییان هات، کۆشکی سولتان شیرین تەواو...

دەروێش: چەند کەس، چەند رۆژ کارتان تێدا کرد؟

سەروەستا: ئێ... چوار سەد کەسێک کارمان تێدا کرد... لەوەتیی دەست بە دانانی بناغە کرا تا ئێستا دەکاتە یانزدە مانگ.

دەروێش: چەند ساڵ بەرگە دەگرێ؟

سەروەستا: ئێ... ئەگەر نەسووتێ، ئەگەر نەڕووخێ، چاودێری بکرێ، جار نا جارێک دەستێکی پێدا بهێنرێ، تەمەنی هەزار ساڵی دەبێ...

دەروێش: دوایی چی دەبێ؟

سەروەستا: چۆن، دوایی چی دەبێ؟

بەهزاد: (لەسەر کارەکەیەوە ڕاست دەبێتەوە خۆی تێکەڵی قسەکە دەکا)
دوایی، دەڕاکێ، دەمرێ، خۆ تا قەیامەت هەر نامێنێ.

دەروێش: کەواتە بۆچی وا خۆتان ماندوو دەکەن؟

بەهزاد: بۆچی خۆ ماندوو دەکەین؟ تۆ بۆچی هەناسە دەدەیت؟ دوای هەزار ساڵ، یان تەنانەت سبەینێش بڕووخێ، دەبێ دروستی نەکەین؟ ئێمە دروست دەکەین و دەڕمێ و دروستی دەکەینەوە..

دەروێش: دەڕمێتەوە...

بەهزاد: با بڕمێ... دیسان دروست دەکەینەوە...بنچینەی کار ڕمان نییە، دروست کردنە... (فەرهادی پیشان دەدا کە لەسەر ئەسکەلەدا کار دەکا)

ئەم هەرزەکارەی سەر ئەم ئەسکەلەیە دەبینی؟ ئەمەی وا نەقشەکانی ژێر سوانەکان دەکا؟ نەک ئەوەی لە خوارەوە کار دەکا، ئەوەی سەرەوە، کوڕمە، ناوی فەرهادە، ئەمە ڕێک چوارەمین ڕۆژە بێ ئەوەی هیچ بخوات و هیچ بخواتەوە و... بێ ئەوەی بنوێ...

سەروەستا: شەوانەش چراوگ دادەگیرسێنێ...

بەهزاد: کار دەکا...

سەروەستا: من چەندم پێ وت، دایکی هاتە ئێرە و گریا، باوکی خۆی لێ تووڕە کرد.
بەهزاد: سوودی نییە، کوڕی من بە جارێک خۆی بەکارەکە بەخشیوە... تا ئەو نەقشانە بەگوێرەی دڵی خۆی تەواو نەبن و... تا لە شوێنێکی نادیاردا نەنووسێ «کاری وەستا فەرهادە» و ڕۆژی لێبوونەوەی لەسەر تۆمار نەکا، پەڕەمووچەکەی لەدەست دانانێتەوە.
دەروێش: نەخۆتان دەمێنن و نە نەقشەکانتان... هەر دەمرن...
بەهزاد: ئێمە دەژیین، کاکە، دەژیین... (نەقشەکانی خۆی پیشان دەدا.).
هێشتا تۆ لە نزیکەوە بڕوانە ئەم نەقشانەی من... کوڕەکەی من منیشی ڕەت کرد، بەڵام هێشتا ڕەنگی پرتەقاڵیی من لەوەی ئەو چاکترە.
سەروەستا: ڕاست دەکەی، وەستا بەهزاد، ئێستاش هێشتا لە ڕەنگکاریدا هەر لە پێشەوەیت... بەڵام لە هێڵکاریدا دەستێک نییە بگاتە دەستی فەرهاد... هەمیشە و هەر دادەهێنێ... مەراقی ئەم نەقشانەی ژێر گویسوانەکەم کردووە... خۆزگە تەواو دەبوو و ئەسکەلەکەی لادەبرد بماندییایە...
شەریف: (لەو شوێنەوە کە کاری لێ دەکرد، هەندێکیش بە فەرمانەوە دێتە قسە.) وەستا...
سەروەستا: (بە دەروێش.) تۆ لەژێر دارسێودا هەندێک بحەسێرەوە، تۆزێکی کە لەناو کۆشکەکەشدا دەگەڕێین.
شەریف: وەستا
سەروەستا: ئەوە دێم، شەریف ئاغا.
(سەروەستا دەچێتە لای شەریف.).
شەریف: (ئەو نەقشانەی پیشان دەدا کە خۆی کردوونی.) دەمگوت دە سەیرێک بکە... نابێ؟
سەرەوستا: ئێ... ئێ... خراپ نییە... باشە، زۆر باشە... تەنیا، گەڵاکان... گەڵاکان وەکو بڵێی باش نەکێشراون...

شەریف: گەڵاکان چییانە؟
سەروەستا: (پرسیارەکەی شەریف دووبارە دەکاتەوە.) گەڵاکان چییانە؟
بڕوانە، ڕۆڵە، شەریف ئاغا، لە هونەرەکەی ئێمەدا کە پرسیت «چییانە؟» کارەکە دەئاڵۆزکێ... کار گیروگرفتی تێ دەکەوێ... واتە، نەقشکار وەکو بڵێیی، کامە ڕەنگ، کام هێڵکارو بە هۆی چییەوە و بۆچی، بۆچی گونجاوە و بۆچی نەگونجاوە، ناتوانێ ئەمە ڕوون بکاتەوە، بەڵام دەیزانێ...
بەهزاد: (بێ ئەوەی لە کار بوەستێ و هەر لە جێی خۆیەوە تێکەڵی قسە دەبێ.)
بەخودا وەستا، ئەگەر بەمن بێ، تەنیا زانینی ئەمە بۆ نەقشکار بەس نییە، نەققاش دەبێ هۆ و بۆ چییەکەشی ڕوون بکاتەوە.
سەروەستا: قسەتە، وەستا بەهزاد، بەڵام ئەم جۆرە نەققاشەش لە هەزاردا یەک هەڵناکەوێ...
بەهزاد: فەرهادی من ئە ئاوهایە...
سەروەستا: (خۆی دەدوێنێ.) ئەم وەستا بەهزادەش لەهەموو جێیەکدا هەر کوڕەکەی...
شەریف: (یەکدوو جێی نەقشەکان چاک دەکاتەوە و، لەسەروەستا دەپرسێتەوە.) ئەدی ئێستا چۆنە؟
سەروەستا: ئێ... باشە، باشە... بەڵام... قسەیەکت پێ بڵێم، کوڕم شەریف ئاغا، ئەم نەققاشییەی ئێمە کاری ئازایەکی پایە بڵندی وەکو تۆ نییە.
شەریف: واتە دەتەوێ بڵێیی چی؟
سەروەستا: دەمەوێ بڵێم تۆ تەماشای ئێمە مەکە، گوایە ئەگەر شەیتان خۆی پەسند نەکا شەق دەبا، ئێمەش وەکو هەموو پیشەسازەکانی دی، دارتاش و نەقارچی، ئاسنگەر و زێڕنگەر و پزیشک و هی دی، هونەرەکەی خۆمان دەبەینە کاکێشانی فەلەک، بەڵام دوایی و لە کۆتاییدا نەققاشی...ئەوەی تۆ دەیڵێیی... نەققاشی... (ڕوو لەبەهزاد

دەکا.) وا نییە وەستا بەهزاد؟
بەهزاد: (هەر لە جێی خۆیەوە و بۆ ئەوەی دەس لە کارەکەی هەڵبگرێ، بەدەنگێکی پڕ لە تیزەوە) وەهایە، دایکی شەریف ئاغا دایەنی ناو کۆشکە، دایەنی سوڵتانمانە.
سەروەستا: (بە شەریف.) منیش دەمویست ئەمە بڵێم، شەریف ئاغا، کوانێ با سەرنجێکی قسەکانت بد...
بەهزاد: (هەروەها لە جێی خۆیەوە و بێ ئەوەی دەست لە کار هەڵبگرێ، بەڵام ئەمجارەیان زۆر بە سووربوونەوەوە.) لەو شارەی کە ئارەزووت لێیە... دەبییە والی... شەریف ئاغا...
شەریف: من دەمەوێ ببمە نەققاش...
سەروەستا: تۆ دەزانی... بەڵام بوونە والی...
شەریف: من دەمەوێ ببمە نەققاش... لە ڕاستیشدا بوومەتێ...
بۆیاخچی: (لەسەر کارەکەیەوە دێتە گۆ.) وەستا... ڕەنگی ئاڵم ئامادەکرد...
سەروەستا: ئەوە هاتم... (شەریف بەجێ دەهێڵێ، دیسانەوە چاوی بە نەقشەکانی ئەو دەکەوێ، دەوەستێ، سڵ دەکاتەوە، بەڵام بێ ئەوەی بیەوێ دێتە قسە.) ئەگەر ڕەنگی ئەم گوڵە زەردانەش کەمێک کاڵتر بکەیتەوە... هەر خۆت دەیزانی، شەریف ئاغا... بەڵام تۆزێک کاڵی بکەرەوە... (دەچێتە لای بۆیاخچی.).
شەریف: (خۆی دەدوێنێ.) هەر ڕاست بەگێلم دادەنێن... گەر لە خۆیان نەبیت و ویستت کارەکەیان بکەیت تێدا دەچی... ئەم گەلایانە چییانە؟
ڕەنگی گوڵە زەردەکان قەت تێر نییە... هیچیش... یان بەڕاستی دەبێ هەندێک کاڵ بکرێ؟ ئەی خودا گیانم بستێنێ... بۆچی پێم ئەنجام نادرێ؟
(لەسەرەوە بۆیاخ بەسەر شەریفدا دەچۆڕێ، شەریف دەم دەکاتە سەرەوە.) هەی فەرهاد... سەرو بەرمت بەرباد کرد... بۆیاخ دەچۆڕێ...

(بۆیاخ له داچۆڕان ناوەستێ.) لەگەڵ تۆمە... نابێ ئاگادار بی؟...
(داچۆڕان ناوەستێ.) هێی لەگەڵ تۆمە...
(شەریف دەست بە هەژاندنی پەیژەکە دەکا.)
سەروەستا: (هاتووەتە لای شەریف.) چییە، شەریف ئاغا؟
بەهزاد: (کار بەجێ دەهێڵێ و لە شەریف نزیک دەبێتەوە.) هیچ بووە؟
شەریف: فەرهاد لەسەرەوە بۆیاخەکەی ڕژاند.
سەروەستا: نابێ، فەرهاد بۆیاخ دەڕژێنێ؟
شەریف: تەماشای ئەم دڵۆپانە بکە، یان بۆیاخەکەی ڕژاند، یان لە فڵچەکەیەوە دەیڕژێنێ.
بەهزاد: کوڕی من یەک دڵۆپ لە فڵچەیەوە ناڕژێتە سەر زەوی.
(دڵۆپەکان شێوەی چۆڕاوگە وەردەگرن... بەهزادیش و سەروەستاش چاویان بەوە دەکەوێت.).
بەهزاد: (هاوار بۆ سەرەوە دەکا.) فەرهاد، کوڕم...
سەروەستا: ئەمە چیی لێ بەسەر هات؟
بەهزاد: فەرهاد... کوڕم... وەڵامیش ناداتەوە... (بە شەریف کە پەیژەکە ڕادەهەژێنێ.)
ڕاوەستە سا، شەریف ئاغا، پەیژەکە مەجووڵێنە... (بەسەروەستا.) با سەرکەوم و بڕوانم (دەست دەکا بە سەرکەوتنەوە بەسەر پەیژەکەدا.)
شەریف: بەڵکو مردبێ... خۆ ئەوەتا ناجووڵێتەوە... با مردارەوە بێت...
سەروەستا: (بیر دەکاتەوە.) جوانە، وەها بە پێوە پاڵی بەدیوارەوە داوە و وەستاوە، دەست و باسکیش ناجووڵێنێ.
بەهزاد: (سەر دەکەوێ بۆ لای فەرهاد، ڕووی دەمی دەکاتە خوارەوە.) نوستووە... نوستووە کاکە... بەڵام نەقشەکانیشی، چەند جوانن، گوڵاڵەی وای تێدایە، ئای ناپیاو، ئەمانەی بەچی کێشاوە؟ گوڵاڵەی وەها لەسەر زەویدا نەکێشراوە و نەدەکێشرێت.. نوستووە و پرخەی دێ... وەک هێستری شیر فرۆشان بەپێوە نوستووە.

سەرووەستا: ماندوویی چوار ڕۆژ و چوار شەو...
بەهزاد: بە ئاگا نایێتەوە، سەری بڕی هەڵناستێتەوە...
سەرووەستا: نەبوورابێتەوە؟
بەهزاد: نەخێر گیانەکەم...
سەرووەستا: دایگرە، وەستا بەهزاد... (بە شاگردەکان.) کوڕینە، یارمەتیی وەستا بدەن.
(بەهزاد بەیارمەتیی شاگردەکان، فەرهاد لە باوەشیدا دادەگرێ.. لەژێر ئەو دارسێوەیدا دادەنێ کە دەروێش-ی لەژێردا دانیشتووە. کراسەکەی خۆی دادەکەنێ و دەیکاتە سەرینی ژێر سەری فەرهاد.)
(لەم کاتەدا:)
سەرووەستا: (بە شەریف.) وەرە، با بچینە سەرەوە و بەو نەقشانەدا بڕوانین کە فەرهاد لەژێر سوانەکاندا کێشاونی... شەریف ئاغا.
شەریف: (خۆی دەدوێنێ.) ئۆ... وەستا فەرهاد، منیش شەریف ئاغا. ڕۆژێک دەبێ ناچارتان بکەم بە منیش بڵێن وەستا شەریف.
سەرووەستا: (بەسەر ئەسکەلەکەدا دەکەوێ.) شەریف ئاغا.. نایێی؟
شەریف: ئەگەر سەیری نەقشەکانی فەرهاد بکەین چ دەڵێ؟
سەرووەستا: هیچ... سەیری شتی جوان خێرە..
(سەرووەستا لەسەرکەوتنەکەیدا بەسەر ئەسکەلەدا بەردەوام دەبێ، شەریف-یش یەکەم هەنگاوی بەسەر ئەسکەلەدا دەهاوێ. لەم کاتەدا.)
بەهزاد: (لەژێر درەختەکەدا بە دەنگ دێ.) شەریف ئاغا... شەریف ئاغا...
شەریف: چییە؟
بەهزاد: دەمەوێ لە گۆزەکەی تۆوە جامێک ئاو ببەم... ئەوەی تۆ ئاوی سەرایە ئاوی بناری کێوی ئاسنینە، ئەوەی گۆزەکەی ئێمە دیارە...
شەریف: جا چییە؟
بەهزاد: دەڵێم.. هەندێک دەمی فەرهاد تەڕ دەکەم، کوڕە لێوەکانی شەقی

بردووه.

شەریف: (خۆی دەدوێنێ.) ئاوەکەی مەدەرێ... کوڕە شەرمە، شەریف... دەکرێ ئاو بە تینوو نەدرێ؟

سەروەستا: (چووەتە سەرەوە و خەریکی تەماشاکردنی نەقشەکانی فەرهادە.) فەرهاد دایڕشتوون... وەک دەستەکانی خۆش بن... بە خودا سەوزێکی هەیە، وەستا بەهزاد، ئەمجۆرە سەوزەم نەدیوە و نەدەشبینمەوە، کوڕەکەی تۆ لە ڕەنگیشدا ڕەتی کردووی...

بەهزاد: نەخێر. ئەوەندەش بە تەمەن نییە... (بە شەریف کە بە ئەسکەلەدا سەرکەوتووە و گیشتووەتە لای سەروەستا.) دەمویست ئاو ببەم... شەریف ئاغا...

شەریف: ئێستا دێم... بەخۆم دێم و بۆت تێدەکەم...

سەروەستا: (بە شەریف. کە نەقشەکانیشی پیشان دەدا.) چۆن ئاغام؟ ئەمە شتێکە بەرگەی بگیرێ، ئەم گوڵاڵانە، ئەم سەوزە... سەیری ئەم پێچانە کە...

شەریف: حەسوودیی پێ نایەت؟

سەروەستا: من؟ حەسوودی بە کێ؟

شەریف: بە فەرهاد...

سەروەستا: دەڕۆی چیت لەگەڵدا بکەم، ئەگەر گەنج بوومایە لە حەسوودییان شەقم دەبرد، ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئێستاکەش ئەگەر لایەکی دڵم پێبکەنێ، لایەکەی دیکەی وردە وردە دەکزێتەوە، تەنانەت باوکیشی هەندێکی لە دڵ گرتووە... وا نییە، وەستا بەهزاد؟

بەهزاد: نازانم (بە شەریف.) تۆ چۆنت بینی، ئاغام؟ ڕەنگەکانی بەڕاستیش لەوانەی من...

شەریف: داخۆ ڕەنگەکانی تۆ زمانی قسەیان دەبێ؟ هێشتا لەبەردەمی ئەم سەوزەدا!...

بەهزاد: باشە، باشە...

(شەریف و سەروەستا دادەبەزن، شەریف گۆزەکەی هەڵدەگرێ دەیداتە دەست بەهزاد کە هاتووەتە ژێر ئەسەکەلەکەوە.).

شەریف: بگرە

(کە شەریف گۆزەکە درێژ دەکاتەوە... یان بەرێکەوت یان بە ئەنقەست، بێ ئەوەی خۆشی ئاگای لێ بێ دەیخاتە خوارەوە، گۆزەکە دەشکێ.)

شەریف: ئاخ... بەداخەوە.

بەهزاد: ئەوەشت کرد.

شەریف: بە ئەنقەست نەبوو.

بەهزاد: (بە تووڕەییەوە.) ئەگەر بە ئەنقەستیش
ت کردبێ چی دەبێ... بە ئەنقەست نەیکردووە.

(بەهزاد دەگەڕێتەوە، کە بە تووڕییەوە دەڕوا، شەریف بەدوایدا دێت و قۆڵی دەگرێ.).

شەریف: پێت دەڵێم بە ئەنقەست نەبوو، وەستا بەهزاد.

بەهزاد: قۆڵم بەردە...

سەروەستا: ڕاوەستن، خەریکی چین... وەستا بەهزاد؟

بەهزاد: (قۆڵی ڕادەپسکێنێ) یەک قوم ئاو... شەرمە (بە تووڕەییەوە دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە لای فەرهاد و دەروێش، لەژێر دارسێودا، لەم دەمەدا.).

شەریف: (بە سەروەستا.) بە ئەنقەست نەبوو.

سەروەستا: بێگومان، شەریف ئاغا، پیاو بە ئەنقەست کاری وەها دەکا؟

شەریف: گۆزەکەم بە ئەنقەست نەشکاند، بەڵام بە ئەنقەست کەللەی وەستا بەهزاد...

سەروەستا: دەدەی ئاغا...

شەریف: خودا بەڵا لە ئاغاشتان بدا، لە ئێوەش... (بە تووڕەییەوە دەگەڕێتەوە، ماوەیەک دەسووڕێتەوە. دوایی دەچێتە سەر کارەکەی خۆی.)

(لەم دەمەدا.)

(بەهزاد چووەتە ژێر دارەکە، دەستی لە گۆزەکەی خۆیەوە تەڕ دەکات و بە پەنجـە تەڕەکـانی دەست دەکـا بە تەڕ کـردنی لێـوی فـەرهادی نووستوو.)

دەروێش: پیاوێکی تووڕەیت

بەهزاد: وەهام...

دەروێش: لەچی تووڕە بوویت؟ بە کەڵکی چی دێ؟

بەهزاد: تووڕە بوون بە کەڵکی تووڕەیی دێت، ئەی چۆن تووڕە نابی باپیرە گیان؟ گۆزەکەی بە ئەنقەست شکاند... حەسوودی بە کوڕەکەم دەبا، ئەو نەقفاشیی بۆ چییە؟ خۆ ئەگەر خۆم نەگرتایە چەقۆکەم دەردەکێشا و... بەڵام منیشیان هەڵدەواسی... با هەڵمبواسن.

دەروێش: پەلەی چیتە؟ کەس لەم وێرانەیە نامێنێ...

بەهزاد: ئەمـەش هەر قـسـەیە؟ لەم وێرانەیەدا بەوەی کـە سنگێکمـان دانەکوتیوە دەبێ تووڕە نەبین؟ نابێ کامەران بین، نابێ خۆشەویستی بکەین، حەسوودی نەبەین، شەڕ نەکەین، نەژیین؟!

دەروێش: چاوتان ئەولاتر نابینێ، کەوتوونەتە سەر خەیاڵی دنیاوە.

بەهزاد: خـەیاڵی چی، چ خـەیاڵێک؟ بە بەرد، بە ئاسن، بە تەختـە، من چوزانم، بە بۆیاخ. شـتێک بە فلـچە دروست بکرێ دەبێـتە خـەیاڵ؟ بەڵکو تۆ لە دنیای خۆت بێزار بوویت لۆژ لۆژ دەگەڕێیت و دەوەستی...

دەروێش: من لە حـاڵی دنیا گەیشـتووم و بە جێم هێشـتووەتەوە... قیل و قالی...

بەهزاد: من نەمکردووە، قیل و قال و میل و مالی... پێکەوە هەر هەموویم پێ قبـووڵە، هەمـوو شـتێکی پیـرۆزم خۆش دەوێ، مرۆڤ دەسـتکردی خۆی خۆش ناوێ؟

(لەم دەمەدا سەروەستا، فەرمان بە شاگردەکان دەدا.)

سەروەستا: دەسا ئەسکەلەکە لابدەن، نەقشەکانی ژێر سوانەکان تەواو...

(شاگردەکان، هێشتا لەسەرەوەن دەست دەکەن بەلابردنی ئەو ئەسکەلانەی فەرهاد کاری لەسەر دەکرد)

شەریف: (خۆی دەدوێنێ.) ئەمە لایەکی نەقشەکانی لێ بکردایەتەوە، بەخۆشی هێشتا بۆیاخەکان تازەن و وشک نەبوونەتەوە، مخابن دەبێ، چەند حەیفە؟ چەنە بازی مەکە، مخابنە...

سەروەستا: (بە شاگردان.) ئەمان کورینە لەسەرخۆ... پەلە مەکەن (بەهزادیش بۆ یارمەتی دێتە پێشەوە.)

بەهزاد: ئاگاداربن... هێدی هێدی... بڕوانە، ئەم تەختەیەی سەرەوە خەریکە بەر نەقشەکان دەکەوێ، لاری مەکەنەوە... سا...

شەریف: (خۆی دەدوێنێ.) گەر پالێکی پێوە بنێم، ئەسکەلەکە بەسەریدا دەکەوێ و نەقشەکان... پالێکی پێوە بنێم... پالی پێوە نێم...

(ئەسکەلە لادەبرێ، یەکسەر لەسوانە بەرەو خوار ئەو نەقشانەی ژێر سوانەکان دەردەکەون، هەموو کەسێک کاری خۆی جێ دەهێڵێ و لەوێدا کۆبوونەتەوە و تەماشای نەقشەکان دەکەن.)

دەنگەکان: شتی وا نەبینراوە، ئافەرین... دە ڕاوەستە پێت بەسەر پێمدا نا!... تەماشای ئەم گوڵاڵانە بکە، بە خودا نەققاش بێت و کەس لە سەرووی ئەمەوە نییە، (لەم دەمەدا - ئەستێرەناس - دێتە ژوورەوە، ئاپۆرەکە بەرێزەوە ڕێ و شوێنی بۆ دەکەنەوە.).

ئەستێرەناس: بارەکەڵڵا... باخی بەهەشتتان هێناوە و خستووتانەتە ژێر سوانەکانەوە، (پرسیار لە شەریف دەکا کە لە تەکیدا وەستاوە.) چۆنە، شەریف ئاغا؟

شەریف: جوانە

ئەستێرەناس: (نەقشەکانی بەشی خوارەوە پیشان دەدا.) ئەمانەش ئەوانەی تۆن، وا نییە؟

شەریف: بەڵێ.

ئەستێرەناس: ماشاڵڵا... ماشاڵڵا، ئەوانەش جوانن، دایکی دایەنت، بە

نەققاشیی تۆ خەم دەخوا، بەڵام ئەگەر ئەمانە ببینێ کەیفی پێیان دێ، منیش چەند جارێکم پێ وتووە «خەم مەخۆ دایە، ئەمە هەوەسێکە دێت و دەڕوا» ئەدی شا سەنەمی بەهەشتییش هەوەسی شاعیرییەتیی نەبوو؟

شەریف: ئەوەی من هەوەس نییە

ئەستێرەناس: دەزانم ئەوینە... (پێدەکەنێ.) هەوەست کە درێژەی کێشا... بووە بڕیار... (بەرەو بەهزاد ئاوڕ دەداتەوە.) فەرهادی تۆ ئەمانەی ژێر سوانەکەی دروست کردووە، وا نییە؟

بەهزاد: بەڵێ، کوڕەکەم دروستی کردن.

ئەستێرەناس: لەکوێیە؟

بەهزاد: نوستووە.

ئەستێرەناس: نوستووە؟

سەروەستا: چوار ڕۆژ، چوار شەو بێ ئەوەی هیچ بخوات و بخواتەوە، بێ ئەوەی بخەوێ شەوانەش بە چراوگ...

ئەستێرەناس: (بێ ئەوەی گوێ لە قسەکانی سەروەستا بگرێ، بەرەو شەریف ئاوڕ دەداتەوە.) بڕوانە ئاغا، مرۆڤ کۆشکێکی وەهای ببێت و باخچەیەکی وەهاشی هەبێت،... کە مەی لە کاسەی بلوور دەکەویت و خۆشەویستت بەسەر سینەتدا دەکێشیت و... بڕوانە... چوارینەیەکی نوێم نووسی، با بۆت بخوێنمەوە:

تەمەنمان بەستەییێکە، ئەی هەردوو چاو خومار
پڕکە، خواردنەوە پڕکە، بەللوور با نەبێ بە تاڵ
چونکە ئا ئەم بەستەیەی ژێر ئەم گومەزەدا
دێتە خوێندن تەنیا یەک جار...

چۆنە؟ ها؟ چونکە ئا ئەم بەستەیەی ژێر ئەم گومەزەدا... (دەوەستێ.) ئاخ ئەم بەستەیە، ئەم بەستەیە تەنیا جارێک دەخوێنرێتەوە... (لە سەروەستا دەپرسێ.) وا نییە، وەستام؟

سەروەستا: (هیچ شتێک تێنەگەیشتووە.) وایە...
ئەستێرەناس: وا بزانم دوا جار کە هاتمە ئێرە سێ ڕۆژ لەمەو بەر بوو؟
سەروەستا: بەڵێ بەر لە سێ ڕۆژ تەشریف...
ئەستێرەناس: (قسە بە سەروەستا دەبڕێ) داخۆ لە ژوورەوە زێڕکارەکان لە میچ بە زێڕگرتن بوونەوە؟
سەروەستا: لێ بوونەوە...
ئەستێرەناس: با بچین تەماشایەک بکەین... فەرموو شەریف ئاغا...
(ئەستێرەناس، شەریف و سەروەستا دەچنە ناو کۆشک، قەڵەباڵغی پەرت دەبێ، هەر کەسە و بۆ سەر کاری خۆی، لەم کاتەدا بەهزاد-یش دەچێتە ژێر دارسێوەکە بۆ لای فەرهاد.).
بەهزاد: (سێوێک لە دارەکە دەکاتەوە و قەپاڵێکی لێ دەگرێ.) سێوی چەند جـــوانن، (بەدەروێش.) تۆش خـــەریک بووی بە ژوورەوەدا بگەڕێیت، بۆ ناچی؟
دەروێش: نامەوێ... ئەو پیاوە کێیە؟
بەهزاد: سەرۆکی ئەستێرەناسانە... گوێت لەو چوارینەیە بوو کە خوێندیەوە؟
دەروێش: گوێم لێ بوو...
بەهزاد: ڕێی تۆ جودایە و هی ئەو جودا، بەڵام لەشوێنێکدا یەک دەگرنەوە، کاکە، ئێوە هەردووکتان لە مردن دەترسن... هەر چۆنێک بێ، کوڕەکەی من هیچ جووڵەیەکی نەکرد؟
دەروێش: نەخێر
بەهزاد: باشە... بابخەوێ...
(لە دەرەوە دەنگی دەهۆڵ و نەقـقـارە، ئاوازێکی ڕێ و ڕەسـمـێک دەژەنرێت و نزیک دەکەوێتەوە.).
دەروێش: ئەمە چییە؟
بەهزاد: دەبێ میهمەنە بانووی فەرمانڕەوامان بێت و هاتبێتە ناو شار...
دەروێش: دەنگەکان بەرەو ئەم لا نزیک دەبنەوە.

بەهزاد: ڕاستە... ئێستا دەبێ چی بکەین و نەکەین فەرهاد لەخەو بە ئاگا بهێنینەوە. (لەم کاتەدا، ئەستێرەناس، شەریف، سەروەستا، لەناو کۆشکەوە بەگوڕ دێنە دەرەوە و، شەریف و ئەستێرەناس بەرەو دەنگە دەنگەکە دەچن، سەروەستا دار و پەردووی ناوەڕاست و تەشت و مەشتی بیناسازی پیشانی شاگردەکان دەدات، فەرمان بە کرێکاران دەدا.).

سەروەستا: بۆ ئێرە دێن... ئەمە هەڵگرن... ئێرە خاوێن بکەنەوە.

بەهزاد: (هەوڵ دەدا فەرهاد بە ئاگا بێنێتەوە.) فەرهاد. فەرهاد... هەڵسە کوڕم دەی... هەڵسە.

سەروەستا: (لە فەرمان داندا بەردەوامە.) دەست و برد کەن.. ئەم دار و پەردووە لادەن.

بەهزاد: (هەر هەوڵی بە ئاگا هێنانەوەی فەرهاد دەدا.) فەرهاد... فەرهاد... کوڕم.

دەروێش: لەسەر شانتی بنێ و بیبە دەرەوە... با یارمەتیت بدەم

بەهزاد: نابێ... هەر چۆنێک بێت میهمەنە بانوو نەقشەکان دەبینێ، هەر دەشپرسێ «ئەمانە کێ دروستی کردوون؟» ئەم جۆرە نەقشە ببینێ و...

سەروەستا: (بە کرێکاران.) دەی کوڕینە، دە ئێستا بڵاوەی لێ بکەن.. هەموو بچنە باخچەکەی پشتەوە...

(سەروەستاش دەچێتە پێشوازیی میهمەنە بانوو، لەسەر شانۆدا جگە لە فەرهاد و دەروێش و بەهزاد کەسی دیکە نامێنێ، دەنگی نەقارە و دەهۆڵ نزیک دەبێتەوە.).

بەهزاد: من دەزانم چۆنی بە ئاگا بهێنمەوە...

دەروێش: بەتەمایت چی بکەی؟

بەهزاد: (پێدەکەنێ.) ئێستاکە دەبینی

(بەهزاد دەچەمێتەوە، شتێک بە گوێی فەرهاددا دەچرپێنێ، فەرهاد بە جۆرێک لە خەو ڕادەچەنێ.).

دەروێش: چیت بەگوێیدا وت؟
بەهزاد: پێم وت، ئەو نەقشانەی کە کردت تێکچوون، هەڵسە وەستا فەرهاد... هەڵسە...
دەروێش: گوێی لێ بوو؟
بەهزاد: نابینی، بێگومان گوێی لێ بوو... بڕوانە دەجووڵێتەوە...ئای، کاکیلە. ئەگەر چوویتە سەر گۆڕی هونەرمەندێکی مردوو و گەر پێی بڵێی کارە هونەرییەکەت تێکچوو، هونەرمەند هونەرمەند بێ گۆڕ هەڵدەتەکێنێت و دێتەوە سەر کارەکەی.
دەروێش: ئەوە بەڕاستی هەڵسایەوە...
بەهزاد: ئەدی چۆن هەڵناسێتەوە، فەرهاد... کوڕم
فەرهاد: بابە... نەقشەکانی ژێر سوانەکە دەڵێ...
بەهزاد: (بێدەنگی.) هیچ نەبوو نە... تەنیا تۆ خۆت کۆ بکەرەوە... میهمەنە بانوو بەڕێوەیە... هەرچۆنێک بێت کارەکانت دەبینێت و دەپرسێ کە کێ کردوونی، لێرەبە... ئاگادار بە... دیارە خۆ تەماشای ڕووی ناکەیت، نەکەی ها، نەهی ئەو و... نەهی شیرین و نەهی ئەو ئافرەتانەی لەگەڵیاندان... ئەوە دەزانی خۆ، ئا لەو مەسەلەیە بەم لاوە ئەوەی سەیری دەموچاوی بکا لە ملی دەدا... ئەمان کوڕم، چاوت هەر لە زەویدا بێ، دەی، ئێمە دەڕۆین... بتبینم... (بەهزاد و دەروێش بەدەم دەرچوونەوە.)
بەهزاد: (لەگەڵ فەرهادیەتی.) لەوەیان هەر دەپرسێ کە کێ ئەو نەقشانەی ژێر سوانەکانی دروست کردووە، ئەگەر شەریف ئاغا و فیسار پێشتر هاتن و وتیان (بڕۆ.) نەڕۆی... دەسا بتبینم.
(بەهزاد و دەروێش دەچنە دەرەوە... دەنگی نەقارە و دەهۆڵ تەواوێک نزیک بوونەتەوە، چوار پێشەنگی پاسەوانی میهمەنە بانوو بە مەتاڵ و شمشێریانەوە دێنە ژوورەوەو لە دوو لای قاڵدرمەکاندا بەڕێز و بەرامبەر یەک دەوەستن، شمشێری پاسەوانی لای ڕاست خەریکە بەر

ئەو نەقشانە دەکەوێ کە فەرهاد دروستی کردوون. فەرهاد کە لەکاتی چوونە ژوورەوەی پاسەوانەکان لە پشت دارسێو دا خۆی دەشارێتەوە ئەمە دەبینێ.).

فەرهاد: هشت، کاکە، شمێرەکەت بەر نەقشەکانی باوکم دەکەوێ... هشت، (پاسەوان ڕوو دەکاتە لای دەنگی فەرهادەوە و لە فەرهاد دەگەڕێ، نەقـقـارەکـان بە جـارێـک دەنـگە دەنگـیـان بەرز دەبێـتـەوە. پاسـەوان یەکسـەر خـۆی دەخـاتـە باری ئامـادەییـەوە و لەگـەڵ ئەوانی دیکەدا سەریان بۆ پێشەوە دەنوشتێننەوە و چاویان بە زەویدا دەخەن، فەرهاد، سوود لەم هەلە وەردەگرێ، ئەویش بەسەرنوشتاوەیی و چاو لە زەویدا خۆ دەخزێنێتە پشتی ئەو پاسەوانەوە کە شمشێری بەر نەقشەکە کەوتبوو.)

فەرهاد: (لەپشتەوە بە پاسەواندا دەژەنێ.) شمشێرەکەت هەندێک بەرە بەو لاوە... نەقشەکانی باوکم... نەقشەکانی تێک...

(دەنگی نەققارەیەکی بەهێزتر قسە بە فەرهاد دەبڕێت و میهمەنە بانوو و شیرین و دەستوپێوەندیان و... ئەستێرەناس و دایەن و شەریف و سەروەستا لەگەڵیاندا دێنە ژوورەوە، ئافرەتەکان سەریان داپۆشراوە و، ڕوویان کراوەیە... تەنیا ڕووی میهمەنە بانوو ڕوو پۆشێکی وەکو دەمامکی پێوەیە، بەڵام لە جێی کراوەی ئەم ڕوو پۆشەوە کە چاوی لێوە دیارە، ئەوە دەردەخا کە ڕووی میهمەنە چەند چرچ و پیر بووە و تێکچووە، ئەو پیاوانەی لەگەڵیدان هەموو ڕوو لە زەویدان و چاویان بەرەو زەوی خستووە، لەشی میهمەنە بانوو سەراسا جوان و لاو و سەرنج ڕاکێشە.).

ئەستێرەناس: (بەچرپە دایەن دەدوێنێ...) ئا... دایە... ئەمەی کە لەلای چەپی دەرگاوەیە، نەقشەکانی خوارەوە شەریف ئاغای کوڕت دروستی کردن.

دایەن: دەستت خۆش بێ کوڕم.

ئەستێرەناس: کاری ئاغا پیشانی سوڵتانمان بدە.
شەریف: لە ڕێی خودا واز بێنە، ئەستێرەناس... ئەوانەی من ببینێ چ دەبێ... با نەقشەکانی فەرهاد ببینێ.
شیرین: (کۆشکەکە پیشانی میهمەنە بانوو دەدا.) چەند جوان بووە، تاتە... وەکو کۆشکەکانی بەهەشت.
میهمەنە بانوو: خراپ نییە... (ڕادەوەستن.) سەروەستا.
(سەروەستا بەو شێوەیە چاو لە زەوی دێتە پێشەوە.)
سەروەستا: فەرمانی گەورەمان؟
میهمەنە بانوو: ئەمە کەی تەواو دەبێ؟
سەروەستا: ئەی بانووی گەورەمان، کاری دوو سێ ڕۆژی ماوە.
میهمەنە بانوو: دوو سێ ڕۆژ، نەبێتە دوو سێ مانگ...
(ڕێ دەکەن، سەروەستا دەچێتە جێی خۆی، لەم کاتەدا فەرهاد، بە چرپە پاسەوانەکەی بەردەمی خۆی دەدوێنێ.).
فەرهاد: هشت... قۆڵت هەندێک لانابەیت... لەگەڵ تۆمە... نەقشەکان تێکدەچن...
(میهمەنە بانوو و شیرین و دەستوپێوەند گەیشتوونەتە لای دەرگا، فەرهاد بێدەنگ دەبێ، دایەن، سەرەڕای حەز نەکردنی شەریف، دەچێتە پێشەوە، خۆی بەلای میهمەنە بانوودا دەخزێنێ، نەقشەکانی شەریفی پیشان دەدا.).
دایەن: بڕوانن، سوڵتانی من... هونەری شەریفەکەی من سەیر کەن...
میهمەنە بانوو: چی دەڵێی، دایە؟
دایەن: ئەم نەقشانە کوڕی من دروستی کردوون.
میهمەنە بانوو: توخوا؟ شەریف؟ جوانە...
(لەم کاتەدا فەرهاد چی دی خۆی ناگرێ و پاسەوانەکەی بەردەمی لادەدا و بە هەڵچوونەوە هاوار دەکا.)
فەرهاد: نەقشەکانی باوکم تێکدەدەی سەگباب...

میهمەنە بانوو: ئەوە چییە؟ چی بووە لەوێ...
(دەستوپێوەند دەشڵەژێ... فەرهاد بۆ پێشەوە دەردەپەڕێ، لەم کاتەدا میهمەنە بانوو و شیرین لەسەر قاڵدرمەکاندا، لەسەرەوەن.)
فەرهاد: (چاوی لە زەویدایە.) بە شمشێرەکەی نەقشەکانی باوکم تێکدەدا... بۆیاخەکان تازەن.
ئەستێرەناس: فەرهاد.
(فەرهاد خۆی کۆکردووەتەوە و بێدەنگ بووە.)
(پاسەوانەکان خەریکن بێن بەگژ فەرهاددا، میهمەنە بانوو و شیرین چاویان بڕیوەتە فەرهاد، وەک بڵێی بەرامبەر بە پەرجۆیەک هاتوون.)
میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) ئەمە چەند جوانە!
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) پیاو وا دەبێ...
میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) چاوەکانی...
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) گەر بتوانم بیانبینم
میهمەنە بانوو: (قسە دەکا...) مەیگرن... ئەم لاوە کێیە؟
ئەستێرەناس: فەرهادی بەندەتان، نەققاشە.
(لەم کاتەدا سەروەستا لەبارێکی شپرزەو ئاڵۆزدایە، دەچەمێتەوە سەر پێیەکانی میهمەنە بانوو و قاڵدرمەکاندا.)
سەروەستا: کەموکوڕی و نەزانیی ببەخشن، سوڵتانەکەم... بەزەییتان بەگیانیدا بێتەوە، نەققاشێکی وەها نەهاتووە و نەدێ، درۆم نییە سوڵتانی من... چاوێک بە نەقشەکانی سوانەکاندا بگێڕن...
میهمەنە بانوو: (چاوی هەر لە فەرهادە و خۆی دەدوێنێ.) ناوی...
شیرین: (چاوی هەر لە فەرهادە و خۆی دەدوێنێ.) فەرهاد...
میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) گەر بتوانم ببینم...
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) چاوەکانی...
سەروەستا: بەزەییت بە فەرهادی بەندەت و هەموو کۆمەڵی نەققاشاندا بێتەوە، ئەی سوڵتانی من...

میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) وەڵڵاهی من...
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) پێکرام...
سەرووەستا: سوڵتانی من... گەورەم... بەم نەقشانەدا...
(میهەنە بانوو تەنیا جارێکیش سەیری نەقشەکانی نەکردووە.)
میهمەنە بانوو: (بە سەرووەستا.) هەڵسە... وەستا فەرهادمان بەسەر نەققاشی سەرا دامەزراند... سبەینێ با دەست بەکارەکەی بکات.
(میهمەنە بانوو و شیرین و دەستوپێوەند و پێشەنگی پاسەوانان، دەچنە ناو کۆشک، شەریف، کە لە بەردەمی فەرهادەوە ڕەت دەبێ.)
شەریف: پیرۆز و خێردار بێ فەرهاد ئاغا...
(فەرهاد بەتەنیا لەسەر شانۆدا دەمێنێ.)
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) ئەم کابرایە بۆچی بەمنی وت ئاغا؟... سوڵتان دەنگی چەند خۆشە... لە پاپۆشی هەردووکیان بەولاوە هیچ کوێیانم پێ نەبینرا... پاپۆشی چین... دەڵێی توێکڵی تازە فستقن... بڕوانە بووینە نەققاش... سەریشمان بە زەحمەت پێ ڕزگار کرا... بە هەر حاڵ ژێر سوانەکانی منی بینی...
(فەرهاد دێتە دواوە، نەقشەکانی ژێر سوانەکان تەماشا دەکا...)
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) دەست خۆش وەستا فەرهاد... بۆچی بە منی وت فەرهاد ئاغا؟ ئافەرینت لێ بێ، وەستا فەرهاد. دەستەکانت نەڕزێ... تەنیا ئەوانەی ئێرە هەندێک... هەندێکی دی... (لەم کاتەدا شیرین لە تەنیشتەوە دێتەوە ژوورێ، فەرهاد ئەوی نەدیوە، ئەو لە پشتەوە سەیری فەرهاد دەکا.)
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.)سەیری کوێ دەکا... سەیری نەقشەکانی ئێرە... دەبێ ئەمانە ئەو نەقشانە بن کە شەریف دروستی کردبن؟ فەرهاد... فەرهاد... چی دەبێ گەر سەیری من بکەی...
فەرهاد: (هەر لە نەقشەکانی خۆیدا ڕاماوە، لەگەڵ خۆیدا دەدوێ...) بۆیاخە سەوزە نوێیەکەم چۆن دەبریقێتەوە؟ تۆ ئەوەت لە چەند جۆر گیاوە

دەرهێنا کوڕم تەنانەت باوکیشت نهێنیی ئەوە نازانێ...
شیرین: (هەروەها لە پشت فەرهادەوەیە، خۆی دەدوێنێ.) فەرهاد، فەرهاد، فەرهاد... ڕووم تێ بکەیت، چاو بەرامبەر چاو... گەر وەکو شمشێری ڕووت بەرەو ڕووم بێیت...
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) گوڵاڵەکانیشت... بەکام خامە وێنەت کێشان. هەرگیز نایدۆزنەوە، ئافەرینت لێ بێ سەرۆکی نەققاشان.. ئافەرین وەستا فەرهاد...
(لەم کاتەدا شیرین سێوێکی لە دارسێوەکە کردووەتەوە و لە شانی فەرهادی دەدا... فەرهاد بە پەلە ئاوڕ دەداتەوە... چاوی بەرچاوی شیرین دەکەوێ، ڕووبەڕووی دەبێتەوە... دەحەپەسێ، دەیەوێ سەر نەوی بکا و چاوی دابگرێ، ناتوانێ، سەیری شیرین دەکاتەوە... چاوی دادەگرێتەوە، سەری نەوی دەکا، بەرزی دەکاتەوە، لە کۆتاییدا بەدەستەکانی دەموچاوی دەشارێتەوە.)
شیرین: ڕووت دامەپۆشە، چاوەکانت بۆ دادەخەی...
فەرهاد: چاوەکانم... (دەموچاوی بەلابردنی دەستەکانی دەکاتەوە.)
شیرین: من لە درەگاکەی دیکەوە هەڵهاتم، ئێستا بەدوامدا دەگەڕێن... زووکە... چی دەبێ سەیری ناوچاوانم بکە...
فەرهاد: سەیری چاوانت ناکەم، وەک ڕاستەوخۆ سەیری خۆر بکەیت وام لێ دێ، چاوەکانم ڕێشکە و پێشکە دەکەن...
شیرین: ئەوانەی منیش.
(لەم کاتەدا شەریف لە دەرگاوە سەیری فەرهاد و شیرین دەکات کە ئەمان نایبینن و بزر دەبێتەوە.)
فەرهاد: (لە شیرین نزیک دەبێتەوە.) تۆ چەند شێت و چەند دێوانەیت، وەکو ڕەنگی سوور، وەک سەوز، وەک گوڵاڵە، وەکو ئاو کچێکی وەکو نەقش وەهایت، گەر خۆم نەگرم بەدەنگی بەرز هاوار دەکەم، گەر خۆم نەگرم... (شیرین لە شانەکانییەوە دەگرێت و ماچێک لە لاملییەوە

دەکات.)

تۆ لە کەنیزەکەکانی سوڵتانی؟

شیرین: نەخێر... فەرهاد... من ناوم شیرین ـ ە.

فەرهاد: (بەری دەدات وەک پاڵی پێوە بنێ.) ئەیها... چەند دووری... من بوومەتە گیرۆدەی ئەستێرەی بەیان.

(فەرهاد دیسان دەموچاوی دادەپۆشێتەوە)

## پەردە

## کۆتایی پەردەی یەکەم

***

## پەردەی دووەم

## پێشەکی

(شەریف و فەرهاد و دایەن لەلای ڕاستی شانۆوە دێنە بەردەمی پەردەی دادراوەوە، یەک دوو هەنگاو دەنێن، بەوەستانی دایەن – ئەمانیش دەوەستن.)

دایەن: هەندێک ڕاوەستن. ئەوەندەی نەماوە دڵم شەق ببات.

شەریف: یان شتێک هەیە و ناتەوێ پێمان بڵێیت و لێمانی دەشاریتەوە؟

دایەن: نەخێر، مەراق مەکە، بەڵام هەر چییەک بێت... نەء، مەراق مەکە، کەس لەم بەشەدا نەماوە، هەر یەکەیانم ناردە لایەک، ئاخ، کوڕی خۆم، ئاخ کوڕی خۆم، تووشی چی و چیت کردم... ئەوەی تۆ نەقڤاشی نییە، شێتایەتییە، بتویستایە دەبوویتە وەزیر...

شەریف: هێشتا لەم قسانە گەڕێ، دایە... وەک بڵێیی تەنیا لە چارەی منەوەیە؟

دایەن: وایە بەڵام کارەکەم بەتۆ ڕانەگەیاند با تۆش بە ئێللان و بیللان دەبێ بیکەیت، تووشت نەکردبام، نەک لەبەر شیرین سوڵتان و تەنانەت بابی خودا لێ خۆش بووت لەگۆڕ دەرچووایە...

شەریف: (بە فەرهاد.) گوێت لێ بووە فەرهاد ئاغا؟ واتە دەمەوێ بڵێم...

فەرهاد: ئەدی هەموو ئەمانەمان باس نەکرد؟
شەریف: دیسانەوە با باسیان بکەینەوە... سبەی بەیانی...
فەرهاد: (قسە بە شەریف دەبڕێ.) سبەی بەیانی دێیتە ژوورەکەی من، نهێنیی ڕەنگە سەوزەکەمت فێر دەکەم، ئەو ڕەنگە سەوزەی کە لەسەر ڕووی زەویدا، لەمن بەولاوە کەس نایزانێ...
شەریف: ئەوەی قەڵەمی گوڵاڵەش...
فەرهاد: باسی ئەوەمان نەکردووە
شەریف: ئێ... ئەوەتا ئێستا باسی دەکەین.
فەرهاد: زۆر باشە، نهێنیی قەڵەمی گوڵاڵەشت دەدەمێ... ئیدی، هی دیکە نییە، شتی دیکە لەمن، شتی دیکەشم لێ داوا بکە.
دایەن: (بە شەریف،) شەریف-ەکەم، ئاخ شەریفی من، عەقڵ و بیرت هەموو لەلای بۆیاخدایە، هەموو لە قەڵەمدایە... لە کاتێکدا...
شەریف: نەموت واز لەم لاقرتێیانە بهێنە... دایە... دە...
(ڕێ دەکەن، شەریف بە یەکجاری ڕادەوەستێ.)
شەریف: ترپەترپێک هەیە؟
دایەن: نە بابە... مەترسە... پیاو بێت و...
شەریف: باشە، باشە...
(ڕێ دەکەن.)
شەریف: دەمویست شتێکت لێ بپرسم وەستا فەرهاد، لەوانەیە پێت سەیر بێت، واتە مەراقم کردووە، واتە لە دڵتدا بەوەی کە نهێنییەکانی هونەرت لەدەست دەدەیت و... تووشی پەژارە نابی؟
فەرهاد: نەخێر...
شەریف: زۆرت باوەڕ بەخۆیەوە، بۆیە. لە دڵتدا دەڵێیت، ئەمانەم لەدەست بچن چ دەبێ، من چەندینی دیکەیان دەزانم، دایاندەهێنم، لەبەر ئەوەیە.
فەرهاد: نەخێر...

شەریف: کەوابێ ئەی بۆچی؟
فەرهاد: تێگەیاندن درێژە دەکێشێ... نەفرەتی لێدا، تێگەیاندنیشی، تێگەیاندنیشی دژوارە...
(دایەن ڕێک لەبەردەمی ئەو شوێنەدا دەوەستێ کە دوو لای پەردەی لێ بە یەک دەگەن.)
دایەن: هاتین...
(شەریف و فەرهادیش دەوەستن.)
دایەن: من لێرانەدا چاوەڕێ دەکەم، شەریف بۆ لای دەرگای ژوورەوە دادەبەزێ بۆ نۆرە ئێشک گرتن، دەی، وەستا فەرهاد.
(فەرهاد لە دوولاوە پەردەکە بەدەستەوە دەگرێت و دەست دەکا بە کردنەوەیان، پەردە دەکرێتەوە.)

## پەردەی دووەم - دیمەنی یەکەم

ژووری شیرین، ئەوەی دیمەنی یەکەمی پەردەی یەکەمی تێدا بوو، شەوە، شیرین بە بێ ئارامی دەسووڕێتەوە، لەو کاتەدا کە فەرهاد پەردەکە دەکاتەوە و دێتە ژوورەوە، شیرین پشتی لە فەرهادە، فەرهاد دەدوێ...
فەرهاد: شیرین...
شیرین: (ئاوڕ دەداتەوە) فەرهاد.
(بەرەو ڕووی یەکدی دێن، بەرامبەر یەک دەوەستن، بە چاوی یەکدیدا دەڕوانن).
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) بڕوانە فەرهاد، مەگەر دەشێ ڕووی مرۆڤ لە نەقشیش جوانتر بێ...
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) سمێڵەکانی باریک باریک و ڕەش ڕەشە...
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) تۆ چەند بە ئاسانی بە شیرین گەیشتی، فەرهاد.
لە کاتێکدا دەبوو چەندین چیای بەفرین ببەزێنێ...
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) شانەکانی چەند بەرینن.

فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) دەبوو دەشتگەلێک ببڕی...
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) جارێکی دی قۆڵەکانم دەگرێتەوە.
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) دەبوایە هەواڵی لە قولنگان بپرسم.
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) لە گەردنمەوە ماچم دەکاتەوە.
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) دەبوایە بکەومە زیندانان.
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) لە قۆڵەکانم دەمگرێتەوە و دیسانەوە لە گەردنمەوە ماچم دەکاتەوە.
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) دەبوایە لەگەڵ لەشکری زرێپۆش بە شەڕ بهاتیتایە... لە کاتێکدا تۆ چەند بەئاسانی بە شیرین گەیشتی... فەرهاد.
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) تۆ سێوەکەت لەو گرت، شیرین، یەکەم جار تۆ لەوت گرت، پێت وت سەیری چاوم بکە.
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) مەگەر دەبێ ڕووی مرۆڤ لە نەقش جوانتر بێ.
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) تۆ ئەوەت بانگ کردە ژوورەکەت.
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) جوانی گەر ئەوەندە بێ دەبێتە زۆرداری.
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) تۆ نەک سوڵتان، کچێکی هەژار بوویتایە، شیرین، ئایا دیسانەوە تۆ سێوەکەت فڕێ دەدا؟
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) کوڕم فەرهاد، بۆچی وەها خەمباری؟
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) هەرگیز بیرم لەوە نەکردەوە کە کچێکی هەژاربم...
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) وەستا فەرهاد، وەستا فەرهاد، ئەم جوانییە بۆچی خەمبارت دەکا؟
شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) دەبوایە ئەوەی سێوەکە فڕێ دەدا من بم و ئەوەی دەڵێ تەماشای چاوەکانم بکە هەر من بم.
فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) چەند بە ئاسانی بە شیرین گەیشتی فەرهاد، داخۆ پێ گەیشتی؟ گەیشتن بەو چەند شیاوە؟ چەند دوورە لێت،

ڕێگاکانت هەموو نادیارن فەرهاد...

شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) سمێڵەکان باریک باریک و ڕەش ڕەش...

فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) کوڕم فەرهاد، بۆچی وەها خەمباری؟

شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) قۆڵەکانم دەگرێتەوە.

فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) ئەوەتا لە بەردەمتدا و خۆی بەدەستەوە داوە، دەی، فەرهاد...

شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) قۆڵەکانم دەگرێت و لە گەردنمەوە ماچم دەکاتەوە...

فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) دەی فەرهاد، چاوەڕێی چیتە؟

شیرین: (خۆی دەدوێنێ.) لە گەردنمەوە ماچم دەکاتەوە.

فەرهاد: (خۆی دەدوێنێ.) کوڕم فەرهاد چاوەڕێی چیتە؟ دیسانەوە لە گەردنییەوە ماچی بکە.

(فەرهاد قۆڵەکانی شیرین دەگرێت و لە گەردنییەوە ماچی دەکات، شیرین دوای ماوەیەکی دیکە لە ئامێزی فەرهادەوە دەخزێ، خۆی دەخاتە سەر لاکێشەکە، فەرهاد بەپێوە دەمێنێ، لەبەردەمی لاکێشەدا لەناو سینییەکی گەورەی زیویندا سێوە دانراوە، شیرین دانەیەکی لێ هەڵدەگرێ و پیشانی فەرهادی دەدا.).

شیرین: ئەمەش سێوی ئەو دارەیە کە سێوەکەیم تێ گرتی، هەموو ئەمانەی ناو سینییەکە هەر هی ئەو درەختەیە، (لەسەرخۆ دەست دەکا بە پاک کردنەوەی سێوەکە.) بەوەی کە ناتوانی بێبیت، زراوم چوو...

فەرهاد: لەبەرچی؟ لە کاتێکدا...

شیرین: بۆ بێدەنگ بوویت؟ وتت لە کاتێکدا...

فەرهاد: لە کاتێکدا دەمویست بڵێم، دەمزانی نۆرە ئێشکگری دەرگای ژوورەوە شەریف بوو...

شیرین: بەڵێ...

فەرهاد: دایەن کارەکەی ڕێکخستبوو، قالدرمەیەکی نهێنیی بەرەو

ژوورەکەت هەبوو...

شیرین: دەزانم، بەڵام هەرچەندێک بێت...

فەرهاد: شەریف، دایەن، قاڵدرمەی نهێنی... ئەمەندە کارساناییە، ئەمەندە ئاسانییە، شتێکی جگە لە ئاسانیش، ئەمەندە...

شیرین: (قسە بە فەرهاد دەبڕێ) تێدەگەم، بەڵام هەر چۆنێک دێیت هەر وەرە. هاتنت بەس نییە؟ داخۆ خۆشیی بە یەک گەیشتن، ڕێ بە چۆنیەتیی گەیشتن و چارەسەرییەک نادا؟ بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟ بەمن گەیشتنت، شەریف و دایەن و قاڵدرمەی نهێنی لە بیر ناباتەوە؟

فەرهاد: بە تۆ گەیشتن، گەیشتنە بە دنیا. بینینی ڕووی تۆ، بیستنی دەنگت، گرتنەوەی تۆ، بینینی ڕووی دنیا، بیستنی دەنگت، بەدەستی خۆم گرتنی دنیایە بۆ من... بەڵام دایەن، شەریف، قاڵدرمەی نهێنی. ئەوانە کە هیچیان لەمن نەویستووە، ئەو تاریکییە، تەنانەت گیانیشمی، تەنانەت سەربەستیشمی نەویستووە کە بۆی دابنێم و لە دەستیان بدەم، ناکرێ ئاسانیی فێڵباز لە بیر بکەم، بیری لێ بکەرەوە شیرین، کە بۆ گەیشتن بە تۆ هیچم لێ داوا نەکراوە.

شیرین: باشە، بەڵام، دایەنم وتی، بۆ ئەوەی شەریف ڕازی بێ تۆ...

فەرهاد: (قسەی شیرین دەبڕێ.) جا چییە، دوو نهێنیی هونەرەکەی بدەمێ، ئەو هونەرەی من کەچیی دی بەکاری هیچم نایێ..

شیرین: گوایە چوار مانگە کارت نەکردووە.

فەرهاد: کارم پێ ناکرێ... لەو ڕۆژەوە... کە فڵچە بەدەستمەوە دەگرم، وێنەی گوڵاڵە دەکێشم تەماشا دەکەم گوڵاڵە کە شایانی تۆ نییە... ڕەشی دەکەمەوە... دەبێ هەموو دنیا بخەمە ناو یەک دانە گوڵاڵەوە... هەموو ڕووناکییەکانی، هەموو ڕەنگەکانی، هەموو خۆشییەکانی، هەموو خەمەکانی، دنیا... بە هەموو ئومێدەکانییەوە، واتە دەبێ تۆی لەناو دابنێم، شیرین... دوای ئەوەی کە نەتوانم تۆ لەناو گوڵاڵەدا دابنێم، نەققاشی چ بایەخێکی هەیە...

شیرین: کەواتە ناتوانی ئەرکی تاسەم بکێشی...
فەرهاد: من دەڵێی؟
شیرین: بەڵێ تۆ... گەر ئەرکی تاسەمت بکێشایە، دەتتوانی من لەناو گوڵاڵە دابنێی..
فەرهاد: گوڵاڵە چۆن وێنە دەکێشرێ، دەزانی شیرین؟ هەر وەکو شیعر، ئاواز بۆ سروود دانان، رێک وەک بیناکردن، ئاسن کوتانەوە، وەک خاک کێلان... واتە نەقش کردنی گوڵاڵەش رێو شوێنی خۆی هەیە، یاسای هەیە، پێودانگی هەیە... لە کاتێکدا ئەو تاسەیەی بەرامبەر بەتۆ هەستی پێدەکەم پێودانگی نییە، قاڵبی نییە، سنوور ناناسێ، کەوشەن ناناسێ... ئەو نەققاشەی دەڵێ: «من توانیم یارەکەم بخەمە ناو گوڵاڵەمەوە.» بڕوام پێ بکە شیرینەکەم، ئەو نەققاشەی دەڵێ «من توانیم یارەکەم بخەمە ناو گوڵاڵەمەوە.» یان درۆزنە، یان لە خۆبایی. یان هونەرەکەی بە یارەکەی تێگەیشتووە، یانیش ڕاستییەکە دەزانێت و پێچەوانەکەی دەردەخا، یانیش ئەوەندەی کە تاسە بە هونەرەکەیدا دەئاخنێ، ئەوەندە بەژیری بیر دەکاتەوە. ئێمە ئەگەر لە هەزاردا یەکی تاسەمان توانی بە گوڵاڵەماندا بئاخنین.. لە هەزاردا یەکی... ئەوا نەققاشی بێ بایەخ دەکەین...
(شیرین نیوەی ئەو سێوەی پاکی کردووەتەوە دەداتە فەرهاد.)
شیرین: نیوەی سێوێک بۆ من و نیوەی بۆ تۆ... بۆچی هێشتا بەپێوەیت؟
فەرهاد: لێگەڕێ، وەها بەرەو ڕوو با تەماشات بکەم...
شیرین: بۆ لە نزیکەوە نەبێ؟ لە نزیکەوە ناشرینم؟
فەرهاد: تۆ لە نزیکیشەوە و لە دووریشەوە و هەمیشە، لە هەموو شوێنێکدا، ئەوەندەی ئەو زمانەی پێی دەدوێیت جوانی... شیرین.
شیرین: ناتەوێ بە تەکمەوە دابنیشی؟. وەک لەناو چیمەندا دانیشتبی، بە چۆک دادانەوە، چۆک لە چۆک و ڕووبەڕوو؟
(شیرین دەستی درێژ دەکا، دەستەکانی فەرهاد دەگرێ، ڕایدەکێشێ و

بەرامبەر یەک، ڕێک وەک لە مینیاتۆرەکاندا هەیە، لەسەر چۆک دادەنیشن.)

شیرین: هەمیشە هەر من یەکەمجار سێوەکە هەڵدەدەم؟

فەرهاد: تۆ سوڵتانیت.

شیرین: بیرم لەوە کردەوە فەرهاد.

فەرهاد: کەواتە بیرت لێ کردەوە؟

شیرین: بیرم لێ کردەوە، من نەک سوڵتان، خۆزگە کچێکی هەژاری ئەرزەنی بوومایە.

فەرهاد: ئەوجا چیت دەکرد؟

شیرین: دیسان من سێوەکەم هەڵدەدا، ئەوەی کە دەڵێ سەیری چاوانم بکە هەر من دەبووم.

فەرهاد: دڵنیایت؟

شیرین: بەڵێ...

فەرهاد: خۆزگە کچێکی هەژاری ئەرزەنی بوویتایە.

شیرین: چ دەگۆڕا؟

فەرهاد: دەبوویتە هی من، بە هەمووتەوە بۆ من... لە کاتێکدا تۆ سوڵتان و من نەققاش (ماوەیەکی بێ دەنگی.) خراپم تێمەگە، وەک نەققاشێک خۆم بەکەم نازانم، نەققاشیم بە پاشایەتیی هیندستان ناگۆڕمەوە.

شیرین: کە نەققاشی بێ بایەخە؟

فەرهاد: لەبەر ئەوە بێ بایەخە، چونکە تاسەمی وەکو پێویست نەخستە ناو گوڵاڵەوە. بەڵام نەققاشی، خۆشویستنی چاکترین و جوانترینی فێر کردم، خۆشویستنی دنیا بە ڕەنگەکانییەوە و بە هێڵەکانییەوە و سەر لەنوێ ئەفراندانی.. ئەمە نەققاشی فێری کردم، گوڵاڵەکانم...

شیرین: (قسە بە فەرهاد دەبڕێ.) نە من سوڵتانم، نەتۆ نەققاشی، نەسوڵتانیی من، نە نەققاشیی تۆم لا مەبەستە، تەنانەت گوڵاڵەکانیشتم لا مەبەست نییە. تۆ فەرهادی و من شیرین... بمڕفێنە،

فەرهاد...

فەرهاد: چیت وت؟

شیرین: فەرهاد، من بەبێ ناز کردن، بێ خۆنواندن، بێ پەیوەند و بێ مەرج دەڵێم فەرهاد، فەرهاد، پێت دەڵێم من گیرۆدەی تۆم، دەڵێم بمبە، دەڵێم بمرفێنە، با هەڵبێین، ئەمجارەیان دایەن لێرە نییە و شەریف لێرە نییە، دنیا هەڵبستێ قایل نابن، تەنیا قاڵدرمەی نهێنی هەیە، ئەوەش دەسا پردی سیراتە، ئەگەر گیراین تۆ دەکوژن، یانیش لە زیندانت دەنێن، تا کۆتایی تەمەنت هەر لە زینداندا دەبی، هەمموو ئەمەش بۆ ئەوەی بۆ تۆ بم. گیانەکەم. لە دەستدانی سەربەستیت لێ داوا دەکرێ، با هەڵێین فەرهاد.

فەرهاد: (مەچەکی شیرین دەگرێ.) بڕۆ...

(کە بەرەو پێشەوەی شانۆ ڕێ دەکەن، فەرهاد لە پڕ ڕادەوەستێ.)

فەرهاد: ڕاوەستە.

شیرین: چییە؟ بۆچی؟

فەرهاد: دەبێ نهێنیی ڕەنگی سەوز و قەڵەم و قاڵبی گوڵاڵە بۆ شەریف بنووسم و بەجێی بهێڵم. (فەرهاد کە لەسەر پێستی مامزێک دەنووسێ بەدەستێکیشی، بەدەستی چەپەی، هێشتا مەچەکی شیرین-ی گرتووە.)

فەرهاد: دایەن مەراق دەکات و دێت، کە نەمانبینێ شەریف بانگ دەکا، ئەمە دەبیننەوە.

شیرین: مەچەکم بەردەو بە ئیسراحەت بنووسە.

فەرهاد: نەخێر.

شیرین: ئازارم دەدەیت، نەخێر، نایێشێ، مەچەکم بەرمەدە..

(فەرهاد لە نووسین دەبێتەوە. بە شیرین.)

فەرهاد: با بڕۆین..

(دێتە پێشەوەی شانۆ، فەرهاد، بەدەستێکی پەردە دادەداتەوە، دوایی

لەپڕ شیرین لە ئامێز دەگرێ.)
شیرین: (لە ئامێزی فەرهاددا.) ماچم بکە!
فەرهاد: نەخێر، ئیدی هی منی. تۆ ئەوەندەی بە هەڵاتنەوە ماچت نەکەم هی منی.. (لە ڕاستەوە دەچنە دەرەوە.)

## کۆتایی دیمەنی یەکەمی پەردە دووەم

*

## پەردەی دووەم. دیمەنی دووەم

لەسەرای میهمەنە بانوو-دا هۆڵی تەخت لێ دانان. کات ئێوارەیە، هەموو ئەمانە لە ماوەی دیمەنی دووەمدا لەپێشدا لە زەردەی ئێوارەدا دواتر تاریک و ڕوون و دەکەوێتە تاریکییەوە. میهمەبانوو و وەزیر.
میهمەنە بانوو بێ هێز لەسەر تەختەکەیدا دانیشتووە. وەزیر بە پێوەیە، پەنجەرە کراوەتەوە. ئاسمان دەبینرێ..
میهمەنە بانوو: (سەری بەرز دەکاتەوە، بەرەو پەنجەرە دەڕوانێ.) ئەوا ئێوارەیە.
وەزیر: بەڵێ گەورەم، مۆمەکان هەڵبکرێن؟
میهمەنە بانوو: نەخێر
(ماوەیەک بێدەنگی.)
میهمەنە بانوو: ساردی کرد یان من لەرزم تێ کەوت؟
وەزیر: پەنجەرەکان پێوە بدەم؟
میهمەنە بانوو: نەخێر، خەریکم دەخنکێم.
(میهمەنە بانوو هەڵدەستێ، کە لەبەردەمی وەزیردا ڕەت دەبێ، ماوەیەک سەیری دەرەوە دەکا، دوایی بەمجۆرە پشتی لە وەزیرە و دەدوێ.)
میهمەنە بانوو: شەریف و دایەن دووبارە بۆ لێپرسینەوە بانگ کرانەوە، وا نییە؟
وەزیر: بەڵێ گەورەم، عەرزم کردبووی..

میهمەنە بانوو: ئازار نەدران، وا نییە؟ ئازار نەدران؟
وەزیر: نەخێر... فەرمانتان وەها نەبوو؟
میهمەنە بانوو: دڵنیایت کە ئازار نەدراون؟
وەزیر: بێگومان، گەورەم، لە کاتێکدا کە بەدەست بەندەتان بوایە..
میهمەنە بانوو: (ئاوڕ دەداتەوە، سەیری وەزیر دەکا.) بەدەست تۆ بوایە... بەدەست تۆ بوایە لە مێژبوو هەردووکیان لە چوارمێخە درابوو.. لە مێژ بوو هەردووکیان لە ملیان درابوو...
وەزیر: گەورەم، شایستەبوون، دەستیان لە هەڵاتنی هەڵاتووەکانیشدا نەبێ، بەناو کۆشکدا ئاخنینی نەققاش..
میهمەنە بانوو: (قسە بە وەزیر دەبڕێ.) بەدەست تۆ بوایە.. بە تۆ بوایە، تا هەڵهاتووەکانیش دەگیران.
وەزیر: (چاوەڕێی میهمەنە بانوو دەکا لە قسەکانی ببێتەوە. کە لێ نەبووەوە.) دەگیرێن، گەورەم، بێگومان... دەگیرێن... چوار سەد سوارم خستووەتە دوویان... ئینجا بە هەموو لایەکدا..
میهمەنە بانوو: (قسە بە وەزیر دەبڕێ.) بە تۆ بێ... بە تۆ بێ هەڵهاتووەکان بە چل هێستر دەبەستیتەوە و پارچە پارچەیان دەکەیت...
وەزیر: ئەگەر بەچل هێستری ببەستنەوە و پارچە پارچە بکرێت، هێشتا بۆ نەققاش هەر کەمە... بەڵام دەست لە شیرین سوڵتان دان، من حەددی ئەوەم نییە، گەورەم.
میهمەنە بانوو: ئەگەر حەددت هەبێ ئەویش... بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ بۆچی درۆ دەکەیت؟ تۆ لەڕاستیدا مەبەستت ئەوە، شیرین... لە ڕاستیدا تۆ لەو نەفرەت لە شیرین دەکەیت، بۆچی نازانین؟ بۆچی تەنیا جارێکیش نەچووی کۆشکەکەی ببینی. درۆیە؟ نەفرەتەکەت تا ڕادەی ئاشکرا کردن پێوەتەوە دیارە کە چەند دڵ بەکینەیت! تۆ دوژمنایەتیت لەگەڵ شیرین-دا هەیە، وا نییە؟
وەزیر: بەڵێ.

میهمەنە بانوو: مرۆڤێکی چەند بەدکاری...
وەزیر: تاکە شتێک کە منی دەکردە مرۆڤێکی چاک ئەو لە دەستی سەندم.
میهمەنە بانوو: ئەوەی تۆ دەکاتە مرۆڤێکی چاک جوانیی من بوو... من خۆم ئەوەم بەخشی، من بەوم بەخت کرد... (ماوەیەک بێدەنگ دەبێ.) لەم سایەیەدا تۆ تاکە پیاوێکی کە بۆت هەیە سەیری دەموچاوم بکەیت. (پێدەکەنێ.) بەڵام دەزانم، تۆ دوژمنی منیشی، نەفرەت لە منیش دەکەیت، تۆ مرۆڤ نیت جانەوەری.
وەزیر: ئەوەتان لەدەست دام کە منی دەکردە مرۆڤ.
(میهمەنە بانوو وەڵام ناداتەوە، دیسانەوە ڕووی بەرەو پەنجەرە وەردەگێڕێ، ماوەیەکی دیکەش سەیری دەرەوە دەکا. دوایی هەر پشت لە وەزیر دەدوێ.)
میهمەنە بانوو: کەمترین بەدکاری لەگەڵ هەڵهاتووەکان بکرێ... چوار سەد زێڕەکەی تۆ و، تۆش...
وەزیر: بەڵێ گەورە بانوومان... زیان لە تاڵەموویەکی هەڵهاتووەکان ناکەوێ...(ماوەیەک بێدەنگی.).
میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) ئێوارەیەکی چەند خۆش دەبێ... ئێوارەیەکی چەند خۆش دەبێ خودایە... دنیا چەند جوانە...
(ماوەیەک بێدەنگی... میهمەنە بانوو ئاوڕ دەداتەوە و بە چاوەکانی وەزیردا دەڕوانێ.)
میهمەنە بانوو: دەتزانی، وا نییە؟
وەزیر: چی، گەورەم؟
میهمەنە بانوو: ئەوەت دەزانی کە منیش حەزم لە فەرهادە، وا نییە؟
وەزیر: هەستم پێ کردبوو...
میهمەنە بانوو: لە کاتێکدا گریمانێکی وەها، لە تۆ بەولاوە بەبیری کەسێکی دیدا نەهاتووە.
وەزیر: لە ڕێی ئاماژەشەوە بێت بۆ شیرین سوڵتان و دایەن ئاشکرا

نەبووبوون؟
میهمەنە بانوو: نەخێر... شەرمم دەکرد، تێدەگەی، شەرمم دەکرد.
وەزیر: پیری زۆرزان، ژنێکی پاڵەوان... بەڵام شیرین سوڵتان چۆن بوو و هەستی نەکرد؟ هەبێ و نەبێ هەستی کردبوو.
میهمەنە بانوو: نەخێر.
وەزیر: ئەگەر خۆ هەستیشی پێ کردبێ، نەک هەست، تەنانەت دڵنیاش بێت...
میهمەنە بانوو: چەند خراپ قسە دەکەی، چۆن، وەکو فیکە بۆ ماران لێدەدەی وەها دەدوێیت... لە ناخی منیشدا مارێک هەیە، لە شوێنێکی قووڵی دڵمدا، پەپکەی کردووە و دەنوێ... نەخێر، نانوێ، سەری بەرز دەکاتەوە و گوێ لە با دەگرێ... من فریشتە نیم... هێشتا بەم شێوەیەوە، هەر فریشتە نیم، تێدەگەی؟ نیم. ناوەوەم دەسووتێ... ئازار دەچێژم... تێدەگەی؟ ئا... ئەی وەزیری من، تێدەگەی؟.
(میهمەنە بانوو دیسان ڕوو لە پەنجەرە دەکاتەوە، ماوەیەکی بێدەنگی، قسە دەکا.)
میهمەنە بانوو: وتبووت پەتا بەناو شاردا بڵاو بووەتەوە. پێم وایە دوێنێ بوو؟
وەزیر: بەڵێ، بانووی گەورەمان، خەڵک لە نەخۆشییان دەتلێنەوە، جارێکی دیکەش لە سەردەمی باوکتاندا ئەمە ڕووی دا بوو. ئا ئەم ئاوە لەم چاوگانەوە بێت.
میهمەنە بانوو: هێنانی ئاوی بناری چیای ئاسنینیش بۆ شار لە توانادا نییە...
وەزیر: نەخێر بانووی گەورەمان... بەرد لە چیاکەدا بەجۆرێکن، تەنیا هەر یەک کەس دەتوانێ کاری لێ بکا، تاکە کەسێکیش بە سەد ساڵ چیاکەی پێ کوناودەر ناکرێت. لەسەردەمی باوکی خودا لێخۆشبووتانیشدا گەلێک هەوڵ درا.

میهمەنە بانوو: دەزانم. گەلێک هەوڵ درا.
وەزیر: تا ئەم ئاوەش لەم چاوگانەوە بێت... چاوگەکان نەک ئاو کێمیان لێ دێت (میهمەنە بانوو، ڕوو دەکاتەوە وەزیر.)
میهمەنە بانوو: چیت وت؟ چاوگەکان نەک ئاو، کێمیان لێ دەچۆڕێ.. چەند سەیرە، دەقاو دەق وەکو ئەو قسەکەت کرد... پیاوێکی چەند ڕوو ناشرینە خودایە، لەبیرتە کە بەمنی وت «دیسان ئەوەندەی من ناشرین نابی.» هاتەوە بیرت؟
وەزیر: بەڵێ، بانووی گەورەمان.
میهمەنە بانوو: بۆچی ئەوت نەکوشت و ویستت خۆت بکوژی؟ چیی بە تۆ وت، لەبیرتە؟ «تۆ نازانی چۆن خۆشت بوێ، وەزیر، تۆ وەک ترسنۆکان دڵداری دەکەیت، تۆ تەنیا خۆت خۆشدەوێ...» ئەمانەی بەتۆ وت، وا نییە؟
وەزیر: بەڵێ بانووی گەورەمان
میهمەنە بانوو: درۆیە؟
وەزیر: ڕاستە... بەڵام ئێوەش نازانن چۆن خۆشتان بوێ، بانووی گەورەمان...
میهمەنە بانوو: من؟ نازانم چۆنم خۆش بوێ؟ بۆ ڕزگار کردنی خوشکەکەم، تاقانەکەم شیرینەکەم.
وەزیر: (قسە بە میهمەنە بانوو دەبڕێ.) خۆشویستنی خوشکەکەتانتان زانی. تەنانەت هیچ خوشکێک خوشکی خۆی ئەوەندە خۆش نەویستووە.
میهمەنە بانوو: بەڵێ وای وت، «هیچ خوشکێک ئەوەندەی تۆ خوشکی خۆی خۆش نەویستووە. لەمەو دواش خۆشی ناوێ.» (ماوەیەکی بێدەنگی.) لەمەودواش خۆشی ناوێ...
وەزیر: ئێوە زانیتان چۆن خوشکەکەتان خۆش بوێ، بانووی گەورەمان... بەڵام خۆشەویستیی فەرهاد؟
میهمەنە بانوو: هی فەرهاد؟

وەزیر: بەڵێ، بانووی گەورەمان، خۆشویستنی ئەوتان نەزانی، ناشیزانن.
میهمەنە بانوو: وس... قسە مەکە.
وەزیر: من بۆ ئەوەی لە ئازار ڕزگارم ببێ، بیرم لە خۆکوشتن کردەوە، بۆ لەدەستنەدانی ئەوەی لەدەستم دا، لە پاڕانەوە و تلانەوە بەولاوە هیچم لەدەست نەهات. لە کاتێکدا کە کوشتنی ئەو نەفرەت لێ کراوەش هەبوو... ڕاستە... وەک ترسنۆکان دڵداریم دەکرد، بانووی گەورەمان... ئێستاکە تۆش هەروەها دڵداری دەکەیت، کچم، ئەوەندە ترسنۆکی کە ناوێری ئەوە بەدەست بخەیتەوە کە لە دەستت داوە، ئەوەندە پەرۆشی ئاسوودەیی ئەوەیت کە لە دەستی داویت، ناتەوێ ئازاری بدەیت.
میهمەنە بانوو: وس دەڵێم، لەڕای خودا وس بە.
وەزیر: تۆ ئەوەندەی خۆشەویستیی شیرین دەزانی، ئەوەندە خۆشەویستیی فەرهاد نازانی، کچم... وەک ئەوەی شیرینت خۆشدەویست و جوانیت بەو بەخشی... بە فەرهاد؟
میهمەنە بانوو: (قسە بە وەزیر دەبڕێ.) خۆشەویستیم بۆ شیرین، یان دەبێ کەللەی شیرین ببەخشم؟
وەزیر: کەللەی شیرین... نا، نەخێر، ئەگەر دەتەوێ دیارییەکی وا خوێناوی مەبەخشە... گەر دەتەوێ لەو ئازارە ڕزگار بیتەوە کە دەیچێژی، بۆ ئەوەی لێی هەڵبێیت، ئەگەر دەتەوێ وەک من بکە... هەوڵی خۆکوشتن بدە... یانیش(لەپڕ بێدەنگ دەبێ.)
میهمەنە بانوو: یان چی؟ بۆ بێ دەنگ بووی... یانیش چی؟
وەزیر: دەتوانی فەرهاد بکەیتە هاوبەشی تەختەکەت. ئەم نەققاشە هەژارە خۆرەتاوی سەڵتەنەتی تۆ، شیرینی زوو لە بیر دەباتەوە.
میهمەنە بانوو: ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟
وەزیر: دواتر بیر لە بوونی خۆت بکەرەوە، ئەو هێشتا لاوە، ئەو هێشتا بیست ساڵانە، جوانترین لەشی ئافرەتی هەموو وڵاتەکە هێشتا ئەوەی تۆیە.

میهمەنە بانوو: تۆ شێتی؟ تێکچووی؟
وەزیر: شیرینیش هەندێک ئاخ و ئۆف دەکات و دوایی لە بیر دەکاتەوە.
میهمەنە بانوو: لە بیر ناکاتەوە.
وەزیر: لە بیر دەکا
میهمەنە بانوو: لە بیر ناکا، هەرگیز نابێ... فەرهاد لە بیر دەکرێ؟.
وەزیر: تۆ خۆشەویستی نازانی، کچم... ئێوە خۆشەویستی نازانن، ئەی بانووی گەورەمان. (بێدەنگییەکی درێژ.)
میهمەنە بانوو: پەنجەرەکان پێوەبدە، هەست بەسەرما دەکەم..
(وەزیر پەنجەرەکان پێوەدەدا.)
وەزیر: مۆمەکان دابگیرسێنرێن؟
میهمەنە بانوو: نەخێر... برۆ... دەمەوێ تەنیابم.
(لەو کاتەدا کە وەزیر دەچێتە دەرەوە.) دایەنم بۆ بنێرە... شەریفیش ئازاد بکەنەوە.
وەزیر: فەرمانتان بەجێیە، بانووی گەورەمان.
(وەزیر دەچێتە دەرەوە، میهمەنە بانوو ماوەیەک بەبێ جووڵە دەمێنێتەوە، دواتر بەرەو تەنیشت وەک پێ ڕابکێشێ یەک دوو هەنگاو دەنێ، پشتی بە دیواردا دەداو لەم کاتەدا:)
میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) لەشم هێشتا بیست ساڵانە، پووزەکانم، زگم، مەمکەکانم، قۆڵەکانم، گەردنم... (سەیری مەچەکەکانی خۆی دەکا.) مەچەکەکانم سپین، هێشتا وەک بێچووە کۆترن... دەتوانی ئەوانە بگری، بەدەستە گەنمڕەنگ و درشتەکانی خۆت دەکرێ بیانلاوێنیتەوە. بیانشکێنی، فەرهاد... فەرهاد... ئەی خودایە چەندم خۆشدەوێ... تەنیا بۆ ئەوە نا کە مەچەکەکانم بگرێ، یان سەری بنێتە سەر مەمکەکانم.. ئەوەی دەیەوێ، قسە دەکا، شێت بووە. تەنیا گۆشتم نییە... دڵیشمە، سەریشمە.. تاسەی بیستنی دەنگتە، بینینی دەموچاوتە... خودایە چەندم خۆش دەوێ، ئێستاکە... ئێستاکە... کە

هیچ ئومێدێکم نییە... چەند بێچارەم، بێچارەییم لەوانەیە لە بێ ئومێدیمەوە بێ... دڵم وەک زامێکی قووڵە... چۆن بەرگەی ئەم هەموو ئازارە بگرم... خەریکم دەتۆپم... بمکوژن، وەک دەڵە سەگێکی هار... بمکوژن، یانیش من ئەوان دەکوژم... شیرینەکەم، تاقانەکەم، خوشکەکەم، دەتکوژم... فەرهاد ئەی خۆشەویستم، فەرهادی هەموو شتێکم، خوێنی تۆ دەڕێژم. مرۆڤینە بە زەییتان بەمندابێتەوە... خودایە چیم بە بیردا گوزەر دەکا... من بیر لەچی دەکەمەوە؟ دەبێ بیر نەکەمەوە، تەنانەت بیر لە بیر نەکردنەوەش... ئەو ڕووناکییەی سەر دیواری بەرامبەر چییە؟ دەبێ خۆرەتاوبێ؟ دەبێ بیر لە هیچ نەکەمەوە، تەنانەت بیر لەو هەتاوەش کە لە دیواری بەرامبەر دەدا... فەرهاد... شیرین... شیرینەکەم...، خوشکی خۆم، دەبوایە ببیتە تاقانەم، من ئەوم ڕزگار کرد، من ڕزگارم کرد... من ڕزگارم کرد، من، من... دەبێ پەشیمان بووبمەوە؟ نەخێر، ئەگەر ئەوەندە جوان ببمەوە... فەرهاد... دیسان ئەوەندە جوان ببمەوە، دیسانەوە ئەگەر داوای ئەو کارەم لێ بکەنەوە... فەرهاد، فەرهاد، فەهارد... ئەگەر هەر ئەو شتەم لێ داوا بکەنەوە، بۆ ڕزگار بوونی شیرین، من دیسان... ئایا پەشیمانم؟ تیشکەکەی دیواری بەرامبەر دەتەنێتەوە، وەک شەکراوی تووتڕک لەسەر دیواردا... شەکراوت بۆ بهێنم، تۆ حەزت لە شەکراوی شاتووە. داخۆ پەشیمانم؟ پەشیمانم؟

(لەم کاتەدا دایەن دێتە ژوورەوە، لەلای دەرگادا بەترس و پەرێشان، لەگەڵ میهمەنە بانوو دەدوێ.)

دایەن: سوڵتانەکەم

میهمەنە بانوو: (ڕادەچەنێ، سەیری دایەن دەکا.) ئا... دایە تۆی؟ بۆ لەلای دەرگاوە وەستاوی؟ دە وەرە... زۆریان زویر کردی؟

(دایەن، بەرەو میهمەنە بانوو دەچێ، کە لێی نزیک دەبێتەوە کڕنووش دەبا، دەگریێ، میهمەنە بانوو دەستی دایەن دەگرێت و هەڵیدەگرێ.)

میهمەنە بانوو: هەڵسە... مەگریێ... مەگریێ، دەڵێم... مەگریێ.

(میهمەنە بانوو لەسەر لاکێشەدا دادەنیشێ، دایەنیش لە زەویدا، لە خوار پێیەکانی میهمەنە بانوودا دەچەمێتەوە.)

میهمەنە بانوو: لەژوورێکی دیکەدا، لەسەردەمێکی دیکەدا، دیسان من وەها دادەنیشم، تۆش دیسان وەها لە خوار پێیەکانمدا بووی. چاودێریی نەخۆشێکمان دەکرد. نەخۆشێک لە پێخەفی مردندا... نەخۆش چاک بووەوە، بوو بە دڵدار، بوو بە مەل، لە هێلانەوە هەڵفڕی...

دایەن: وەڵڵا من گوناهم نییە، سوڵتانی من، ملم لە موو باریکترە... بیللا گوناهم نییە..

میهمەنە بانوو: کەس گوناهی نییە... شەریفیش ئازاد دەکەنەوە.

دایەن: دەک ئەوەی دەستی بۆ دەبەی ببێتە تیشک، خودا تۆ..

میهمەنە بانوو: (قسەی دایەن دەبڕێ.) ئازار و ئەشکەنجەیان نەدایت خۆ، وا نییە؟

دایەن: نەخێر.

میهمەنە بانوو: باشە، ئەی تۆ چۆن، کە من لە باوەشی تۆدا لە دایک بووم.

دایەن: (قسەی میهمەنە بانوو دەبڕێ.) ئاخ جەرگم، ئاخ سوڵتانەکەم... ئاخ ڕۆڵەی خۆم... دایکایەتییە، دڵی دایک بەرگە ناگرێ. منداڵێکی گیاندارت دەبێ، دڵێکی وەک بەردی دەبێ... هەموو شتێکی لە دایک دەوێ، وەک جووجەڵە، وەک ئەو جووجەڵانەی هەرگیز گەورە نابنەوە، هەر دەبێ بیاندەیتێ، هەر دایک دەبێ پێیان ببەخشێ، ئەبوانە هەمیشە هەر داوا دەکەن... ئەگەر شەریفی من مەراقی نەققاشی نبوایە منی بەوەی کە «دایە دەمەوێ نهێنیی بۆیاخ فێربم.» تووش نەکردایە...

میهمەنە بانوو: دەزانم... پەشیمانیت؟

دایەن: دەکرێ پەشیمان نەبمەوە؟ هەزار جار، سەد هەزار جار پەشیمانم، زیادەڕۆییم کرد. پیاوێکی بێگانەم خزاندە ناو حەرەمتانەوە..

میهمەنە بانوو: ئەوەم مەبەست نییە... داخۆ لەوە پەشیمانی کە یارمەتیی شەریفت داوە ئارەزووەکەی بەدەست بهێنێ؟

دایەن: خۆ ئارەزووەکەشی هەر بەدەست نەخست... ڕۆڵەی بەدبەختی من... وەستا فەرهاد نهێنییەکەی لەسەر پێستە مامزێکدا نووسیبووەوە و جێی هێشتبوو... بەڵام پێستەکەشیان لە دەست ئەستاندین.

میهمەنە بانوو: پێیان دەڵێم و دەیدەنەوە...

دایەن: ئاخ سوڵتانەکەم، ئاخ ڕۆڵەی من... لە جیاتی ئەوەی لە ملمان بدەیت...(دەگریێ.)

میهمەنە بانوو: مەگریێ، مەگریێ... تەنیا ڕاستییەکەیم پێ بڵێ، بڵێ پەشیمان نیم. بڵێ کوڕەکەم... شەریفم دیسان ئەگەر داوای لێ کردمەوە، نەک پیاوێکی بێگانە بهێنمەوە ناو سەرا، تەنانەت سەراکەشتان دەسووتێنم و دەشیڕووخێنم..

دایەن: خودا پیشانمان نەداتەوە... من ئەوەندەش...

میهمەنە بانوو: (قسە بەدایەن دەبڕێ.) دایە بەرخەکەم، تکایە، بڵێ پەشیمان نیم...

دایەن: پەشیمان... کە پێستەکەش بدەنەوە شەریف.. تۆش لە گوناهمان خۆش بیت و... ئەوەی هەرگیز نابەخشی... تۆ بەشیرین-ی خوشکت بەخشی... جوانیی خۆتت نەبەخشرێت... پەشیمانیت؟.

(میهمەنە بانوو وەڵام ناداتەوە، هەڵدەستێتەوە سەر پێیان، دایەنیش هەڵدەستێ، میهمەنە بانوو دەچێت و پەنجەرەیەک دەکاتەوە.)

میهمەنە بانوو: وەختە بخنکێم. کێ ئەم پەنجەرەیەی داخست..

(دایەنیش دەست بە کردنەوەی پەنجەرەکانی دیکە دەکات. میهمەنە بانوو لەبەردەمی ئەو پەنجەرەیەی کە خۆی کردییەوە وەستاوە و سەیری دەرەوە دەکا. قسە دەکا.)

میهمەنە بانوو: هەر تەنیا جارێک یەکدییان بینی؟

دایەن: بەڵێ، تەنیا یەک جار

میهمەنە بانوو: دەزانم، وات وتبوو، بەڵام بەڵکو ترسابیت ڕاستییەکە بە وەزیر یان بەوانی دیکە بڵێیت. هەر چۆنێکیش بێت ئەوان پیاویشن و بێگانەشن، بەڵام من، من تاتای شیرینم. شیرین هەموو شتێکی منە... دەزانی... دەتوانی ڕاستییەکە بە من بڵێی. هەموو شتێک وەکو خۆی بێ ئەوەی هیچم لێ بشاریتەوە دەتوانیت بە من بڵێیت. بێ ئەوەی هیچ شتێک لەمن بشاریتەوە.

دایەن: بەخودای یەک جار یەکدییان بینی... تەرمی شەریفم ڕامووسم درۆ ناکەم.

میهمەنە بانوو: کەوابوو، تەنیا جارێک.

دایەن: بەڵێ... یەکجار لە باخچەی کۆشکدا یەکدییان بینیوە.

میهمەنە بانوو: دەزانم..

(ماوەیەک بێدەنگی، میهمەنە بانوو هێشتا سەیری دەرەوە دەکا.)

میهمەنە بانوو: تەواوێک بووە ئێوارە.. خۆر ئەوەندەی نەماوە ئاوا ببێتەوە.

(ڕوو دەکاتەوە دایەن.) یەکدییان زۆر خۆشدەویست؟

دایەن: دەبێ بەو جۆرە بێ، بۆیە هەڵهاتن... شیرین بە جۆرێک لێم دەپاڕایەوە و تکای لێ دەکردم و فرمێسکی وەک مرواریی بەسەر کوڵمەکانیدا دەهاتە خوارەوە...

میهمەنە بانوو: (قسە بە دایەن دەبڕێ.) کەواتە یەکدییان زۆر خۆشدەویست.

دایەن: زۆر... وەکو قومری... قومریش وەها گیرۆدەی یەکدی نابن...

میهمەنە بانوو: یەکدییان ماچ کرد؟

دایەن: نازانم...

میهمەنە بانوو: دوای ئەوەی فەرهاد چووە ژوورەوە، تۆ... دوای ئەوەی فەرهاد چووە ژوورەوە، تۆ چاودێریت نەکردن؟

دایەن: نەخێر... بەخودا چاودێریم نەکردن..

میهمەنە بانوو: یەکدییان ماچ کردووە... یەکدییان ماچ کردووە، وا نییە؟
بە هەرحاڵ یەکدییان هەر ماچ کردووە... فەرهاد، گەنم ڕەنگ، بەدەستە درشتەکانییەوە مەچەکی سپیی شیرینی گرتووە...
(لەپڕ قسەکانی دەبڕێت و لە پەنجەرە دوور دەکەوێتەوە.)
میهمەنە بانوو: تینوو بووم... گەرووم وشکەوە بوو..
دایەن: شەکراوت بۆ بهێنم... تۆ حەز لە شەکراوی شاتوو دەکەیت..
میهمەنە بانوو: نەخێر... ئاو... دەبێ لێرە بێ...
(دایەن لە سوراحیی ناو ژوورەکەوە ئاو دەهێنێ و دەیداتێ. میهمەنە بانوو ئاوەکە دەخواتەوە.)
میهمەنە بانوو: وەک خوێن شلەتێنە... دیسان پەتا لە شاردا بڵاوبووەتەوە.
دایەن: شەریفیشم دەیوت... دەڵێن هۆیەکە چاوگەکانە... ڕۆژێک دەبێ ئەم شارە بەم هۆیەوە نغرۆ دەبێ... (ماوەیەکی بێدەنگی.)
میهمەنە بانوو: کەواتە شیرین منی هەرگیز خۆشنەدەویست.
دایەن: ئەمە چۆن قسەیەکە، سوڵتانی من... گوناهی کچەکە هەڵمەگرە... خودای هەیە... گیانی بەتۆ دەبەخشێ...
میهمەنە بانوو: منی جێ هێشت و هەڵهات... فەرهادی لەمن پتر خۆشدەوێ...
دایەن: ئەو خۆشەویستییە جودایە..
میهمەنە بانوو: ئەو خۆشەویستییەی کە دەڵێی لە خۆشەویستیی خوشک جودایە، کەواتە لە خۆشەویستیی دایک و باوک بەرزترە.
دایەن: بەرزتر نییە، جۆرێکی دیکەیە.
میهمەنە بانوو: ئەگەر تۆ تووشی ئەم جۆرە خۆشەویستییە بوویت کە جۆرێکی دییە، شەریفت بەجێ دەهێشت و هەڵدەهاتی؟.
دایەن: من پیرەژنێکم... دوای ئەم تەمەنە...
میهمەنە بانوو: ئەگەر گەنج بوویتایە... باوکی شەریف نەک پار، کە گەنج بووی بمردایە. ئا ئەوسا ئەگەر تووشی فەرهادێک بوویتایە؟

دایەن: نازانم... چوزانم؟ لە شاردا پاکیزە ناوێک هەیە، مێردەکەی ئاسنگەر بوو. پێی دەڵێن پاکیزەی ئاسنگەر... بووکی شەش مانگە بوو کە بێوەژن بوو، زگیشی پڕ بوو... منداڵێکی بوو، کوڕێکی وەک گۆیەکی ڕووناکیی بوو... پاکیزەی ئاسنگەر پرچی خۆی کردە گسک و منداڵەکەی پێگەیاند... ئەوەندە خوازبێنی کەرەوەی هەبوو، شووی نەکرد. تەنانەت گەورەترینی زێڕنگەرانیش داوای کرد...

میهمەنە بانوو: گەورەی دەستەی زێڕنگەران فەرهاد نییە. ئەگەر فەرهاد لەبەردەمی پاکیزەدا پەیدا بوایە.

دایەن: ئەو سەردەمانە فەرهاد لەکوێ بوو؟ پاکیزەی ئاسنگەر پەنجا ساڵان بوو، ئەم فەرهادەی ئێمە...

میهمەنە بانوو: (قسەی دایەن دەبڕێ.) فەرهادی ئێمە، یان فەرهادێکی دی، فەرهادی تووش نەهاتووە...

دایەن: واتە. شیرین کە هەڵهات کارێکی ڕاست بوو؟ ئێستا لەوە تووڕە بوو بوویت کە تۆی جێ هێشت و هەڵهات...

میهمەنە بانوو: تووڕە نەبووم، دایە... یانیش با تووڕە دەبووم... سەرم لێ شێواوە... دڵڕەقی ناخی داگرتووم، مۆمەکان داگیرسێنە.

(دایەن دەست بە هەڵکردنی مۆمەکان دەکا.)

میهمەنە بانوو: لێگەڕێ... لێگەڕێ... ئەوانەش بکوژێنەوە کە داتگیرساندن... دەمەوێ دڵڕەقی ناخم پڕ پڕ بکا... با دڵم بەرگەی ئەم بەسەرهاتەی نەگرێ... دەمەوێ لە ناوەڕاستەوە دوو کەرت بێ...

دایەن: (ئەو مۆمانەی کوژاندووەتەوە کە دایگیرساندبوون.) خودا نەکا... (ماوەیەکی بێدەنگی.)

میهمەنە بانوو: دایە، داخۆ من ئێستاش پەسند دەکرێم؟ دەکرێ خۆشیان بوێم؟ دەبێ کەسێک گیرۆدەی من بێ؟ ناڵێم، پەسند بکرێم؟ بەم شێوە پیرییەمەوە.

دایەن: (قسە بە میهمەنە بانوو دەبڕێ.) کە دەڵێی ئافرەت بۆچی تەنیا

بریتییە لە دەموچاو؟ عەقڵی تۆ، بیری تۆ خۆ هێشتا لەشت، کچی خۆم، لەشت هەروەکو پەیکەر وایە... خودا هەیە، تەنانەت لەشی شیرینیش لەلای ئەوەی تۆدا وەک سەروو دارەبی وایە. بڕوانە، سوڵتانەکەم لە شاردا، زەهرا ناوێک هەبوو، کچی عەلیزادەی کاروانچی بوو... ئاوڵە تێکی دابوو... مشتێک نۆکت بەڕوویدا بکردایە، دانەیەکی لێ نەدەکەوتە سەر زەوی، بەمجۆرە... ئەویش لەشێکی بوو... لەبەردەمی ئەوەی تۆدا، بەکالا نەدەژمێردرا، بەڵام... خودا ئیدی لەشێکی بەویش دابوو، پووزەکانی، مەڕمەڕ، ناوقەد، گەردن... باوکیشی دەوڵەمەند بوو... لاوان لە یەکدییان دەداو شەڕیان بوو لەسەری، ئەویان دەیوت من خوازبێنیی بۆ دەنێرم، ئەمیان دەیوت نەخێر من...

میهمەنە بانوو: کەواتە باوکی دەوڵەمەند بوو؟

دایەن: کاروانێکی بەرەو هیندستان دەچوو و کاروانێکی بەرەو بەغدا... بەڵام لەبەردەمی گەنجینەی تۆدا هی ئەو دڵۆپێکی ناو دەریا بوو... تۆ سوڵتانێکی گەورە و گرانیت... چاوێکت لە کام پیاو، لە کام شازادە بێت... کڕنووش بۆ بەرپێت نابا؟

میهمەنە بانوو: تۆش وەک وەزیر قسە دەکەیت، دایە... بەڵام من، تۆم ناچاری ئەم قسانەکرد، من بەرەو کوێ دەچم؟ من بەرەوچی...

دایەن: (قسە بە میهمەنە بانوو دەبڕێ.) شتێکی خراپم وت؟ دڵم شکاندی؟ خودا گیانم بستێنێ... من پیرەژنێکی بێ ئەقڵم...(دەگریێ.)

میهمەنە بانوو: مەگریێ، وس بە، وس دەڵێم... شتێکی خراپت نەوت، نەخێر... خەتای منە... وس، مەگریێ، بەرگەی بینینی مرۆڤێک ناگرم کە بگریێ... من بە خۆم دەمەوێ لەسەر زەویدا دابنیشم و سەرم بنێمە نێو دوو ئەژنۆمەوە، بەناڵینەوە بگرییێم...

دایەن: ڕۆڵەم، سوڵتانەکەم، دایەنت بە قوربانت بێ... پێیەکانت ماچ دەکەم

خۆت ئەوەندە ئازار مەدە. هەر چۆنێک بێت هەر دەستگیر دەکرێن، نەزانییەک بوو و شیرین کردی... گەورە لە هەڵەی بچووکان خۆش دەبن... فەرهاد بکە وەزیر و مارەیان لە یەک ببڕە و، مارە هەموو خەوشێک دادەپۆشێتەوە... دوعای تەمەندرێژیت بۆ دەکەن... زۆریش بۆ یەکدی گونجاون.

میهمەنە بانوو: زۆر شیاوی یەکدین؟

دایەن: وەک دوو گێلاس...

(لەم کاتەدا وەزیر دێتە ژوورەوە.)

وەزیر: ئەی بانووی گەورەمان... هاتنەوە..

میهمەنە بانوو: (بەبێ هۆش.) کێ؟

وەزیر: شیرین سوڵتان و نەققاش..

میهمەنە بانوو: لە خۆیانەوە هاتنەوە؟

وەزیر: نەخێر... بانووی گەورەمان... دەستگیر کران.

میهمەنە بانوو: هەر ئێستا هەردووکیان بهێنە ئێرە.

وەزیر: تەنیا شتێکتان عەرز دەکەم...

میهمەنە بانوو: چی؟ دەتەوێ چی بڵێی... زووکە...

وەزیر: نەققاش بریندارە...

میهمەنە بانوو: چیت وت؟ فەرهاد بریندارە؟ برینەکەی سەختە؟. شێت بووی؟ تۆ دەڵێی چی؟

وەزیر: برینەکەی سەخت نییە، خەمتان نەبێت، هیچ سەخت نییە.

میهمەنە بانوو: باشە، ئەی چۆن دەبێ؟ ئێمە چیمان بەتۆ وت.

وەزیر: لێبووردن بفەرموون. بانووی گەورەمان... سوارەکانم کە هەڵاتووەکانیان گەماروو داوە، نەققاش بەرەنگاریان بووەتەوە. لە نەققاشێک چاوەڕوان نەدەکرا بانووی گەورەمان، بەڵام ئەو شەیتانە وەک ڕۆستەمی کوڕی زاڵ جەنگاوە. شیرین سوڵتانیشی لە پشتی خۆی سوار کردووە... بەمجۆرە بووە... لەبەر ئەوە وەهابووە... دواتر

شیرین سوڵتان لە ئەسپ بەربووەتەوە و توانیویانە نەققاش دەستگیر بکەن.

میهمەنە بانوو: شیرینیش برینداره؟ کە لە ئەسپ بەربووەتەوە دەموچاوی...

وەزیر: (قسە بە میهمەنە بانوو دەبڕێ.) نەخێر، بانووی گەورەمان... تەنیا کڵاوەی ئەژنۆی هەندێک ئێشی پێ گەییوو... بەڵام تەنانەت ناششەلێ... دەموچاویان، دەموچاوی جوانیان هیچی لێ نەهاتووه... بیری وەها نەفەرموون. هەردووکیان پێکەوە بهێنمە خزمەت؟ فەرمانێکی وەهاتان فەرمووه... بەڵام ئەگەر جودا جودا...

میهمەنە بانوو: (قسە بە وەزیر دەبڕێ.) لەبەرچی؟

وەزیر: ئەگەر بەمن بێ... ئەگەر بە بەندەتان بێ، گونجاوتر دەبوو...

میهمەنە بانوو: باشە... شیرین بهێنە... زووکە... بۆ وەستاوی، دەی

دایەن: سوپاس بۆ خودا... سوپاس بۆ خودا

(وەزیر دەرچووە، میهمەنە بانوو ڕەنگدانەوەکانی سەر دیواری خۆر پیشانی دایەن دەدا.)

میهمەنە بانوو: سەیری ئەم تیشکانە بکە، دایە...

دایەن: تیشکی چی؟ لە کوێ؟

میهمەنە بانوو: ئەمانە دەڵێم...

دایەن: خۆرئاوا دەبێت و تیشکی دیارە.

میهمەنە بانوو: ئەگەر دەتەوێ بڕۆ، دایە...

دایەن: خۆت دەزانی.

میهمەنە بانوو: بڕۆ... بڕۆ

(دایەن دەردەچێ، میهمەنە بانوو وەک شتێک کە هەرگیز نەبینرابێ بە تیشکی خۆری سەر دیوارەکەدا دەڕوانێ، دەستی دەخاتە سەر دیوار، تیشک دەکەوێتە سەر دەستییەوە... دەستی دەکێشێتەوە، دیسان لەسەر دیواری دادەنێتەوە. لەم کاتەدا شیرین دێتە ژوورەوە، سەیری ئەوە دەکا کە تاتەی چی دەکا، شێوەی هەڵبڕزکاوە.)

شیرین: تاته...
میهمەنه بانوو: (ئاوڕدەداتەوە، شیرین دەبینێ.) شیرین، خوشکەکەم... تاقانەکەم (میهمەنه بانوو پتر بەرەو شیرین دەچێ و لەباوەشی دەگرێ.)
میهمەنه بانوو: ئەژنۆت زۆر نەیێشا... ئەی شوێنێکی دیکەت هیچی لێ نەهات.. (شیرین لە ئامێزی تاتایەوە دەخزێ.)
شیرین: نەخێر... هیچ شوێنێکم هیچی لێ نەهاتووە.
میهمەنه بانوو: ئەژنۆت؟ سەرپزیشک بانگ بکەم؟
شیرین: پێویست ناکا... ئەژنۆم چیی دی، هەر ئێشی نییە.
میهمەنه بانوو: چەند زویر بووم، چەند ترسام.
شیرین: چونکە من زویرم کردی..
میهمەنه بانوو: (قسە بە شیرین دەبڕێ.) لێگەڕێ. لێگەڕێ، ئێمەی خوشکە گەورەکان، هێشتا تاتا نیمچە دایکەکانی وەکو من...
شیرین: (قسەی میهمەنه بانوو دەبڕێ و سەیری چاوەکانی دەکا.) بە تەمای چی لەفەرهاد بکەی؟
میهمەنه بانوو: فەرهاد؟ چیی لێ دەکەم؟
شیرین: بەڵێ
میهمەنه بانوو: هێشتا بیرم لەوە نەکردووەتەوە... بەڵام نیگەران مەبە، ئازاری نادەم، (پێدەکەنێ، ) تەنانەت فەرمانی لە مل دانیشی نادەم.. تەنانەت نایخەمە زیندانیشەوە...
شیرین: باشە ئەدی چی دەکەی؟ فەرهاد، من... چیمان لێ دێ؟
میهمەنه بانوو: سەیرە، وەک بڵێی تاوانبارەکە من بم، وا منت خستووەتە بەر لێپرسینەوەوە.
شیرین: لێمان خۆش دەبی. بەڵام منیش خۆم بە تاوانبار نازانم.
میهمەنه بانوو: من گوتم تۆ تاوانباری؟
شیرین: وەکو تاوانبار بم گوتت...

میهمەنە بانوو: باشە، تاوانبار منم؟

شیرین: نەخێر تاتا، تۆ تەنیا تاتا نیت، حوکمداریشی، ئێمە نەک لە ماڵی تۆوە، لەسەرای حوکمداریشەوە هەڵهاتووین. حوکمداریش سوارەی لە دواماندا نارد. هەڵهاتووەکانی گرت... ملمان لە موو باریکترە...

میهمەنە بانوو: من تاتای تۆم، تەنیا تاتا... کە سوارەم بە دواتاندا نارد نەک وەک حوکمدار... تاتا بووم... بۆ کوێ دەچوویت؟ دەبوویتە چی؟ قەت بیرت لەوە کردەوە.

شیرین: نەخێر، بیرمان لەوە نەکردەوە.

میهمەنە بانوو: ناڵێم بیرتان لێ نەکردەوە، دەڵێم بیرت لێ نەکردەوە...

شیرین: منیش دەڵێم بیرمان لێ نەکردەوە... کە من چیی دی بیر ناکەمەوە، فەرهاد و من، ئێمە بیر دەکەینەوە. یانیش بیر ناکەینەوە. کە من چیی دی هەناسە نادەم، فەرهاد و من، ئێمە هەناسە دەدەین، دەسا من...

میهمەنە بانوو: (قسەی شیرین دەبڕێ.) بوویتەتە مرۆڤێکی تەواو جیاواز... شیرینێکی تەواو جیاواز، تۆ ئەمەندە دەگۆڕێیت... تۆ...

شیرین: (قسەی میهمەنە بانوو دەبڕێ.) دەسا من نیم، تاتا..

میهمەنە بانوو: تەنانەت ئێوەش نین..

شیرین: بەڵێ، تەنیا ئەو هەیە...

میهمەنە بانوو: تێدەگەم... زۆر باش تێدەگەم... دەزانم لە چ بارێکدایت، چۆن خۆشەویستی دەکەیت. دەزانم... خۆشەویستی واتای چییە، منیش...

شیرین: (وەکو کرووزانەوەیەک هاوار دەکا. تاتا...

میهمەنە بانوو: چییە؟ چی بووە؟

شیرین: (باوەش بە میهمەنە بانوودا دەکا.) تاتا...تاتا هەڵبەتە کەس وەک تۆ خۆشەویستی نازانێ، ئەوە من... ئەوە ئەم بەدنەمەکە... ئەوە ئەم خوشکەشت گەواهی... گەر بتوانم قسە بکەم، بتوانم بیر بکەمەوە، گەر بتوانم فەرهاد خۆش بوێ و لە ماڵی تۆوە بتوانم هەڵبێم، گەر بژیم،

ئەگەر بژیم ئەمە بەتۆ...

(میهمەنە بانوو، خۆی لە ئامێزی شیرین-ەوە دەخزێنێ و قسەی پێ دەبڕێ.)

میهمەنە بانوو: ئێستا واز لەم قسانە بهێنە.

شیرین: تۆ ئەو شتەی کە هیچ ئافرەتێک لە هیچ دەمێکدا بە کەسی نادا، بە منت بەخشی... تۆ خۆشەویستی لە هەموو کەسێک، لە هەموومان...

میهمەنە بانوو: تۆش بوویتایە هەر وات نەدەکرد؟ بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ لە کاتێکدا من دڵنیام، کە تۆش هەر ئەو شتەت دەکرد... دڵنیام.. دەتکرد، وا نییە؟

شیرین: ئەگەر یەکسەر وەڵام نەدەمەوە... بە هەڵە لە من مەگە، تاتا، ئەگەر یەکسەر وەڵامم نەدایەوە، لەوەوەیە کە هاتوومەتە سەربارێک درۆم پێ ناوترێتەوە، ناوەوەم وا ڕووناکە، وەک باخچەیەک بەهاری تێدا گەشابێتەوە... بەڵێ تاتا، منیش هەر ئەو شتەم دەکرد...

(ماوەیەکی بێدەنگی.)

میهمەنە بانوو: تۆش ئەو شتەت دەکرد... هەر ئەو شتە... دوایی؟ باشە دوایی تووشی فەرهاد بوویت، لەو کارەی کە کردت پەشیمان نەدەبوویتەوە؟

شیرین: ڕاوەستە، با بیری لێ بکەمەوە تاتە... ڕاوەستە بیر بکەمەوە... پرسیاری چیم لێ دەکەی... نازانم... نازانم...

میهمەنە بانوو: کە ناوەوەت وەکو باخچەیەکی بەهار گەشاوەیە؟ کەچیی دیکە درۆت نەدەوت؟ بیر بکەرەوە، ئەگەر تۆ نەک وەک ئێستا بە دەموچاوێکی مرۆڤانەی وەها لاو و گەش و وەکو نەقش، وەک میوە، وەک سێبەر نەبوویتایە، ئەگەر لەسەر ملتدا، شێوەی منت هەڵبگرتایە و تووشی فەرهاد بوویتایە؟ پەشیمان نەدەبوویتەوە؟

شیرین: پەشیمان... پەشیمان دەبوومەوە تاتا... دەبووم.

(شیرین دادەنیشێ، دەست بە گریان دەکا. میهمەنە بانوو لە تەنیشت

شیرین-ەوە دادەنیشێ، دەست بەپرچیدا دەهێنێ.)
میهمەنە بانوو: بۆچی دەگرییێ؟.
شیرین: پێم وایە تۆش پەشیمانیت.
میهمەنە بانوو: من تووشی فەرهاد نەهاتووم کە..
شیرین: چی دەبێ با ببێ، تا ئێستا کە بیرم لەمە نەکردووەتەوە، لەبەر ئەوە بووە کە بیرم لەو ئازارە نەکردووەتەوە تۆ چەشتووتە و چونکە من، تەنیا بیرم لەخۆم کردووەتەوە..بۆیە..
میهمەنە بانوو: (قسەی شیرین دەبڕێ.) مەگریێ، مەگریێ... من تووشی فەرهاد نەبووم... من پەشیمان نیم...(ماوەیەک بێدەنگی.) بەڵام لەبەر ئەوەی تووشی فەرهادیش نەبووم، دڵم لە باخچەیەکی بەهارە ناچێ، واتە درۆشم پێ دەکرێ.
(میهمەنە بانوو هەڵساوەتە سەرپێ.)
شیرین: تۆ درۆ ناکەیت تاتا، ناتوانی درۆ بکەیت.
میهمەنە بانوو: دەتوانم بیکەم... بەڵام چۆنیش... منیش بوومە مرۆڤێکی تەواو جیاواز، شیرین... دەستی یەکدیمان توند گرتبوو و ڕێمان دەکرد، لەپڕ بروسکەیەک کەوتە نێوانمانەوە.
شیرین: چەند سەیر قسە دەکەی، تاتا
میهمەنە بانوو: نە(چەند سەیرە)و نە چەند ترسناک... خۆ ئەگەر بزانی چەند ترسناک بیر دەکەمەوە.
شیرین: تاتا، فەرهاد؟
میهمەنە بانوو: مەترسە... پێم گوتی فەرمانی ئەوە نادەم کە لە ملی فەرهاد بدەن، ئەوەندەی کە فەرمانی ئەوە نادەم لە ملی فەرهاد بدەن...
شیرین: (قسەی میهمەنە بانوو دەبڕێ.) منت خۆشدەوێ... من بێ ئەو... من نیم ئەو هەیە... من...
میهمەنە بانوو: ئێستا تۆ بڕۆ... من لەگەڵ فەرهاددا قسە دەکەم... نەخێر بمێنە... نەخێر بڕۆ... دەبێ تەنیا لەگەڵ فەرهاددا قسە بکەم...

شیرین: دوایی؟
میهمەنە بانوو: ئەگەر بەدەست دایەن بێ دەمودەست مارەتان دەبڕێ و چل ڕۆژ و چل شەو شاییتان بۆ دەگێڕێ...
شیرین: تاتا گیان...
میهمەنە بانوو: گوتم ئەگەر بەدەست دایەن بێ، نەموت بەدەست من... کارەکە هەمووی ئەوەندەیە کە من چەند لە کاروباری خۆشەویستی تێدەگەم... چەند دەزانم...
شیرین: لە هەموو جیهاندا تۆ...
میهمەنە بانوو: دەسا بڕۆ... دەی
(وەکو پاڵ بە شیرینەوە بنێ، لەو دەرگایەوە کە بۆ حەرەم دەچێ، دەری دەکات و دەگەڕێتەوە.)
میهمەنە بانوو: (خۆی دەدوێنێ.) من... لە هەموو جیهاندا.
(وەزیر دێتە ژوورەوە.)
میهمەنە بانوو: تۆ... لەوێ، لەلای دەرگاوە چاودێریی ئێمەت دەکرد، گوێت لەو قسانە گرتبوو کە لەگەڵ خوشکمدا دەمانکرد؟
وەزیر: بەڵێ، بانووی گەورەمان.
میهمەنە بانوو: بیر لە شکاندنی شتگەلێک دەکەمەوە، لە پارچە پارچە کردن و نابوود کردنی شتگەلێک، لە خوێن ڕشتن... وا دیارە خوێنی تۆ دەڕێژم...
وەزیر: چەند باش دەبوو، بانووی گەورەمان.
میهمەنە بانوو: فەرهاد بهێنە.
وەزیر: منیش لە خزمەتتاندابم؟ یان دەتانەوێ تەنیا لەگەڵ نەققاشدا بیت؟ تەنیا هەردووکتان بن شیاوتر دەبێ، بانووی گەورەمان.
میهمەنە بانوو: نەخێر... ئێشکگرەکانیش بابێنە ژوورەوە.
وەزیر: فەرمانتانە، بانووی گەورەمان.
(وەزیر دەچێتە دەرەوە، میهمەنە بانوو بە کاوەخۆ دەچێتە پێشەوە و

لەسەر تەختەکەیدا دادەنیشێ. چوار پاسەوان دێنە ژوورەوە. لە دیوی ژوورەوەی دەرگـاوە دەوەستن. شـانۆ تاریک و ڕوونـە، کـاتێک پەردە دادەدرێتـەوە، ئەم تاریک و ڕوونیـیـە تەواوێک تـاریک دەبێ. وەزیر و فەرهاد دێنە ژوورەوە. وەزیر نەبێ هەموو پیـاوەکانی دیکە چاویان لە زەوییە. فەرهاد بەڕێزێکی تایبەتەوە دێتە پێشەوە و سڵاو دەکا.)

میـهمـەنە بانوو: وەک لە ئاغـەڵەوە مـەڕ بدزیت، خوشکەکەمـانت فـڕاند، وەستا فەرهاد. سەربازمان کردە سەرتان، خۆت بەدەستەوە نەدا..

فەرهاد: خۆ بەدەستەوەدان ڕەوشتی ئێمە نییە، سوڵتانی گەورەم.

میـهمـەنە بانوو: بەشەڕهاتی، مەگەر تۆ نەک تەنیا نەقش دروست کردن، جەنگ کردنیش دەزانیت.

فەرهاد: دەیزانم سوڵتانی گەورەم.

میـهمەنە بانـوو: تۆمان بە سەرنەققاشی سەرامـان دامەزراند، لە کـاتێکدا تەنیا جارێکی دی نەقشەکانتانمان نەدیتەوە..

فەرهاد: نەقشـەکانمتـان نەبینی؟ نەقشـەکانی ژێر سوانـەکانی کۆشکەکەی شیرینیشتـان نەدی؟

میهمەنە بانوو: نەخێر.

فەرهاد: بۆ لەبەر چی؟

میـهمـەنە بانـوو: (قسە بە فـەرهاد دەبڕێ.) سەرت بەرز بکەرەوە، فـەرهاد. تەماشام بکە. لەسەرەوە تا نینۆکی پێ سەیرمان بکە...

(فەرهاد سەری بەرز دەکاتەوە. سەیری میهمەنە بانوو دەکا.)

میـهمەنە بانوو: ئازارت بدەین... پێویستـە ئازارت بدەیـن، دەبێ پێت بڵێین مـردنێـک بۆ خۆت هەڵبـژێرە... بەڵام هیچ مـردنێک، بۆ من... بۆ ئێـمە، ئێمەی میـهمـەنە بانووی کچی شا سەنەم ئەو ئازارەی پێت چەشتین... بۆ من... ئەو شەرمەزارییـەی بەسـەر سەرامـانتـدا هێنا... چەند سـەیر بە ڕوومدا دەڕوانیت؟

فەرهاد: ئارەزووی کـڕنۆش بردنی سەر زەوی و مـاچ کردنی داوێنتـان دەکەم.

بەوەی کە مرۆڤم، شانازی بەوەوە دەکەم کە ئێوە دەبینم و لێتان ڕادەمێنم... ئەوەی ئێوە کردتان، نە فریشتە، نە دێو، نە درەخت نە مەل دەیکات، بەڵکو تەنیا مرۆڤ دەتوانێ بیکا. دڵم بەرێزێکی بەرگە نەگیراوەوە پڕ دەبێ، چاوەکانم..

میهمەنە بانوو: (قسەی فەرهاد دەبڕێ.) وس... بەسە... چاوەکانت داگرە... جارێکی دی ببینین سەیری ڕوومان دەکەیت، فرمان دەدەین لە ملت بدرێت (ماوەیەکی بێدەنگی.) برینت سەختە؟

فەرهاد: نەخێر.

میهمەنە بانوو: برینەکەتیان تیمار کرد؟

فەرهاد: سەرپزیشک-ی بەندەتان کردی.

(لەم کاتەدا لە پەنجەرەکانەوە، لە دەرەوە، دوور، نووزەی قووڵ دەبیسترێ.)

میهمەنە بانوو: (بە وەزیر.) ئەمە چییە؟

وەزیر: خەڵکی شار مردووەکانیان دەلاوێننەوە. عەرزم کردبوون، بانووی گەورەمان: پەتا تەنیوەتەوە...

میهمەنە بانوو: پەنجەرەکان داخەن...

(وەزیر و دووان لە پاسەوانەکان پەنجەرەکان دادەخەن. لاواندنەوە نابیسترێ.)

میهمەنە بانوو: بینیت. وەستا فەرهاد ئێمە ئەو مرۆڤە نیین داوێنی ماچ بکرێت، بەڵام تۆش لە ئێمە جیاواز نیت. تۆش هۆڵی ئەو مرۆڤانەت نییە کە بۆ مردوویان دەگرین. ئێستاکە تۆ بیر لە هیچ ناکەیتەوە شیرین نەبێ (ماوەیەکی بێدەنگی.) شیرینت دەدەینێ وەستا فەرهاد، تۆ ئامادەیت؟ ئەدی تۆ بەرامبەر بەمە چی دەبەخشی؟ ئایا دەتوانی چیای ئاسنین کوناودەر بکەیت؟ چیای ئاسنین کوناودەر بکەیت و ئاوەکەی بناری بگەیەنیتە ناو شار؟ من ئەمە بۆ ئەوە ناڵێم چونکە ئەوەی لە کانییەکانی شارەوە هەڵدەقوڵێ ئاو نییە و... کێمە، ئەوەم

بەلاوە مەبەست نییە کە ئەوەی هەڵدەقوڵێ کێمە یان ئاو، بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی شیرین، ئایا دەتوانی چیای ئاسنین کوناودەر بکەیت؟ ئەمەیە مەرجی من، ئایا مەرجەکەم پەسندە؟

فەرهاد: مەرجەکەتانم پەسندە...

میهمەنە بانوو: ئەم کارە لەوانەیە پانزدە، لەوانەیە بیست ساڵ بکێشێ. بیست ساڵ...

فەرهاد: مەرجەکەتانم پەسندە...

میهمەنە بانوو: لەوانەیە شیرین ئەوەندە ساڵە چاوەڕێت نەکا.

فەرهاد: مەرجەکەتانم پەسندە.

میهمەنە بانوو: تا چیا کوناودەر نەبێ، تەنانەت پەنجەتووتەی شیرینیشت پێ نیشان نادەین.

فەرهاد: مەرجەتانم پەسندە.

میهمەنە بانوو: دوور نییە بەر لە تەواو بوونی کارەکە بمریت...

فەرهاد: مەرجەکەتانم پەسندە.

(ماوەیەکی درێژ بێدەنگی، میهمەنە بانوو لە تەختەکەیەوە هەڵدەستێتەوە سەر پێیان.)

میهمەنە بانوو: زۆر باشە... بڕۆن...

(بە ئێشکگرەکانیشەوە هەموو دەچنە دەرەوە، میهمەنە بانوو خۆی بەسەر تەختەکەیدا دەدات و دادەنیشێ، سەری دەنێتە سەر باسکی و بە پرمەوە دەست بە گریان دەکا.)

میهمەنە بانوو: شیرینەکەم، خوشکی من، تاقانەکەم... فەرهاد... فەرهاد...

## پەردە

## کۆتایی پەردەی دووەم

***

## پەردەی سێیەم

## پێشەکی

پیر و لاو و ژن، پیاوی خەڵکی شاری ئەرزەن، لەلای ڕاستەوە دێنە پێش پەردەوە. هەندێکیان مەشخەڵ بەدەست و هەندێکیان چرای ئەو سەردەمەیان بەدەستەوەیە. ئەمانە لە چەپەوە دەچنەوە دەرەوە، ئەم ئاپۆرەیە، کە لەلای ڕاستەوە بەدەر دەکەون، شەریف و سەمەرقەندی لەلای چەپەوە دێنە پێش پەردەوە. یەکسدوو هەنگاو دەنێن و ڕادەوەستن. دەکشێنە لاوە و سەیری ئاپۆرەی خەڵکەکە دەکەن.

پیاوی مەشخەڵ بەدەست: درەنگە... درەنگە...

ئەو پیاوەی لە تەکیەتی: هێشتا سەعاتە ڕێیەکمان ماوە... شەفەق ئەوەندەی نەماوە.

پیاوی مەشخەڵ بەدەست: بەر لە خۆرهەڵاتن ناگەین.

ئەو پیاوەی لە تەکیەتی: ناتوانین دەموچاوی ببینین.

پیاوی مەشخەڵ بەدەست: درەنگ هاتین... درەنگ هاتین.

سەمەرقەندی: ئەم خەڵکە بۆ کوێ دەچن، وەستا شەریف؟

شەریف: دەچنە چیای ئاسنین.. بۆ بینینی فەرهاد... ئەمڕۆ دە ساڵی ڕێک بەسەر دەست بە کون کردنی چیاکەیدا ڕەت بوو.

سەمەرقەندی: ئەم باسە تا سەرمەرقەندی لای ئێمە گەیشتووە. باوەڕمان نەدەکرد... کەواتە ڕاست بووە.

مێردی ژنە منداڵ لە باوەشەکە: (بە ژنەکەی.) ئەم زەحمەتە بە منداڵی شەش مانگان دەدرێ؟

ژنە منداڵ لە باوەشەکە: (بە مێردەکەی.) هیچ شتێک بەبێ زەحمەت کێشان نابێ... با لە ئێستاکەوە فێربێ... کە ئەوم بوو کەم زەحمەتم کێشا؟ ڕووی فەرهاد پیشانی ئەو دەدەم.

مێردی ژنە منداڵ لەباوەشەکە: ماندوو بوویت... منداڵەکەم بدەرێ هەندێکیش من هەڵیبگرم...

ژنە منداڵ لە باوەشەکە: نابێ، نابێ... بەری دەدەیتەوە.

پیاوی مەشخەڵ بەدەست: درەنگ هاتین... درەنگ هاتین.

ئەو پیاوەی لە تەکیەتی: شەفەق ئەوەندەی نەماوە دەرکەوێ..

سەمەرقەندی: (بە شەریف.) کەواتە لەگەڵ خۆردا دەست بە کار دەکاتەوە، تا خۆر ئاوا دەبێ..

شەریف: کار دەکا.

سەمەرقەندی: باشە، ئەم ئاپۆرەیە، ئەوانەی بۆ بینینی فەرهاد دەچن، ئەگەر بەر لە خۆرهەڵاتن نەگەیشتن؟

شەریف: گوێ بۆ دەنگی گورزەکەی شل دەکەن بیبیستن.. دەنگی گورزە سەد باتمانییەکەی کە کێوی پێ کون دەکا... دەنگێکی ئەوتۆ کە تەواوی دەنگی گۆرانی و ئافەریدە و ئامرازەکان بێنێتە ئاراوە. ترسناک، بەڵام ئەوتۆ جوان، کە شتی وەهات نەبیستبێ، خەمناک بەڵام پڕ ئومێدی وەهات نەزانیبێ...

پیاوە کورتە باڵاکە: (کە لە پشتی پیاوە باڵا بەرزەکەوە داوێنی دەگرێ و ڕایدەگرێ.) ڕاوەستە سا... تۆش شێت بوویت.

پیاوە باڵا بەرزەکە: دەستت لە داوێنم بەردە..

پیاوە کورتە باڵاکە: دە ئەم میللەتە نەزانە نازانێ چ دەکا. خەریکن پیاوەکە بە پێغەمبەر دابنێن.

پیاوە باڵا بەرزەکە: نەخێر، نە پێغەمبەر، نە دێو و نەجنۆکە، ئادەمیزادێکی وەک من و تۆ.

پیاوە کورتە باڵاکە: گیرۆدەی بەرژەوەندیی خۆیە ناپیاوە، کەللەڕەق و نەزان. بەوەی کە هەر دەبێ شیرین سوڵتان بخوازێ و ببێتە زاوای سەرا... تۆ هەڵسە و دەست بە کون کردنی چیاکە بکە، ئەمە عەقڵە؟ بەڵام چاوچنۆکی بەری چاوی گرتووە. کورە ئاخر ئەو چیایە کوناودەر دەکرێ؟

پیاوە باڵا بەرزەکە: پێت دەڵێم داوێنم بەردە (دەجووڵێ و خۆی ڕزگار

دەکا.) من تۆ دەناسم... کە ئاو بەچاوگەکاندا بچۆڕێ، یەکەم کەس، تۆ گۆزەی خۆتی لێ پڕ دەکەیتەوە.
پیاوە کورتە بالآکە: ئاوی چی؟ دە ساڵە چاوەڕێی ئاو دەکەین. دە ساڵی دیکەش چاوەڕوان بین بێ سوودە... تا ئەوسا کێ دەمرێ و کێ دەمێنێ؟ گوێ بە شتی وەها مەدە... دەی بابگەڕێینەوە.
(پیاوە باڵا بەرزەکە پاڵ بە پیاوە کورتە بالآکەوە دەنێ کە ئەمجارەیان بە قۆڵیدا لکاوە و دەیخاتە سەر زەوی، دەڕوا... کورتە بالآ هەڵدەستێتەوە، سەر و لەشی دادەتەکێنێ و دەگەڕێتەوە، لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە... لەم کاتەدا.)
سەمەرقەندی: (بە شەریف.) مەجنوون دەناسین، بە ئەوینی لەیلاوە کەوتە دەشت و دەر، ئاخ و ئۆفی کرد. جەرگی خۆی بە بەردی ڕەشدا دا. پێمان وابوو دلدار دەبێ وابێ... مل چەماوە و چاو بە فرمێسک... لە کاتێکدا فەرهادی ئێوە گریان و فیغان نازانێ...
شەریف: بەدەسکی گورزە سەد باتمانییەکەیەوە نووساوەتەوە و چیاکان کون دەکا. بۆ هێنانی ئاو.
سەمەرقەندی: سەیر و سەمەرەشە کە...
کچە لاوی یەکەم: ئەگەر ئەمڕۆش دەموچاوی نەبینم...
کچە لاوی دووەم: من ساڵی پار بینیم...
کچە لاوی یەکەم: زۆر جوانە؟ ئەویش تۆی بینی؟
کچە لاوی دووەم: کۆمەڵێک خەڵک بووین
کچە لاوی یەکەم: گەر تۆی بدیبایە، لەوانەبوو شیرینیشی لە بیر بکردایە.
کچە لاوی دووەم: گاڵتەم پێ دەکەی؟ هە... وەکو بڵێی شیرینیش ئەوەندە جوانە؟
شەریف: (بە سەمەرقەندی.) تۆ ئێستاکە ئەم ڕێیەت گرتووە (لای ڕاستەوەی بەرامبەرەکەی پیشان دەدا.) ڕاست دەڕۆی، مزگەوتێکت دێتە پێش، ئەوە ڕەت دەکەیت، بە کۆڵانی یەکەمی لای چەپیدا

دەڕۆی، هەر لەویٚ خانی عەلی زادەی لیٚیە، سلاّو لە کوڕەکەت بکە... لەویٚ دەبی...

سەمەرقەندی: باشە، ئەی تۆ؟

(لەم کــــاتەدا ئاپۆرەی خـــەلّک لەلای چەپەوە دەچنە دەرەوە و سەمەرقەندی و شەریف لەبەردەمی پەردەدا دەمیٚننەوە.)

شەریف: من دەچمە لای فەرهاد. وەستا بەهزادی باوکی هەیە، دە ساڵە خەم بۆ کوڕەکەی دەخوا، چونکە نەققاشیی بەجیٚ هیٚشتووە بە هیچ جۆریٚک لە فەرهادی کوڕی خۆش نابیٚتەوە... پیرەم قایل کرد، خەریکم دەیبەمە لای کوڕەکەی، بایی ئەوەشی تیٚدا نەماوە کە بەرگەی تاسەی ئەو بگریٚ. بە ســواریی ئەسپ دەچین و بەر لەوەی خــۆر هەلّبــیٚت دەگەین. دەی سا بە خودام سپاردن.

سەمەرقەندی: نەخیٚر، منیش دیٚم...

شەریف: وەرە... ئینشالّلا بەر لەوەی خۆر هەلّبیٚت دەگەین و بە یەکدیتان دەناسیٚنم.

سەمەرقەندی: من تەنیا بە بیستنی دەنگی گورزەکەشی ڕازیم...

(دەچنە دەرەوە.)

## کۆتایی پیٚشەکی

***

## پەردەی سیٚیەم. دیمەنی یەکەم

گردیٚکی چیای ئاسنین، لەلای چەپدا و لەبنەوە. لەو شویٚنەدا کە کانییەکەی بناری لیٚ هەلّدەقولیٚ و دەمی ئەو ئەشکەوتەی کە فەرهاد کاری تیٚدا دەکات. دارستان، لە دوورەوە... بیٚشە، لە نەخشەی پیٚشەوەدا کە تا دووردەکەویٚتەوە بچووکتر دەبیٚ، یانزدە دارچنار کە بەڕیزە چیٚندراون، یانزدە دار هیٚشــتــا نەمــامن. فــەرهاد ئەو ڕۆژە ئەوەیانی چاندووە. تاریکو ڕوونی بەری بەیانە. کـە پەردە دەکریٚتەوە فـەرهاد هیٚشـتـا لە تەک ئەو یانزدەمین دارەدا وەسـتـاوە کـە هەر ئیٚسـتـا چاندوویەتی، بۆ

پاک کـردنەوەی خـۆڵـی سـەر دەسـتـەکـانی لەپی بەیەکـدا دەسـوێ و درەختەکان دەژمێرێ...

فـەرهاد: هەشت، نۆ، دە، یانزدە... یانزەمین دار چنارمـان چاند... ئەوە دەچینە سـاڵی یانزدەمـەوە... خـۆر لەهەر کـوێیـەکـدا بێت خـەریکە هەڵدێتـەوە...(یانزدەهەمین درەخت دەلاوێنێـتەوە.) نەمامـە گـچکە تۆ هەڵدەلەرزیت، هەڵدەلەرزیت، ڕۆڵە...

دارچنار: دەلەرزم...

فەرهاد: هەندێکی دیکە دنیا گەرم دەبێـتەوە نەمامۆکەکەم... سـەعـاتێک ناکێشێ. هەر کە خۆرەتاو، بەر گەڵا وردەکانت دەکەوێ...

دارچنار: نازانم داخۆ گەرمام دەبێتەوە؟

فەرهاد: دەی... سا، ناز مەکە، گەرم دەبیتـەوە... بڕوانە ئەم باپیرەیەت کە لەسـەرپەڕدایە، بەر لە دە سـالآن ئەوم چاندووە... سـەیری ئەم بەژن و بالآیە. کـە ئەویش لەڕو لاوازێک بوو وەک تۆ... لەبەر ئەوەی لەگـەڵ تۆدا خـەریک بووین ئەومـان لە بیـر کـرد کـە ئەمـڕۆ هاتووین بۆ هەواڵ پرسینی دۆستان.

(گورزەکە هەڵدەگرێ کە دابوویە پاڵ دارچنارەوە.) مەرحەبا ئەی گورزی سەدباتمانیی من... مەرحەبا.

گورز: مەرحەبا.

فەرهاد: (گـورزەکەی لەسـەر زەوی دادەنێت و پاڵـی پێـوە دەدا، ڕێک وەکو ئەوەی کـە لـە چاخـانەی گـونددا سـڵاو لە دەوروبەر دەکـا.) مـەرحـەبا، چیای ئاسنین... مەرحەبا مەڵبەندی ئێمە... مەرحەبا.

چیای ئاسنین: مەرحەبا.

فەرهاد: مەرحەبا، ئەی ئەستێرەی ناهید، هێشتا وەک لەشە حوشتر لەوێدا بە خاوی وەستاوی، مەرحەبا...

ئەستێرەی ناهید: مەرحەبا...

فەرهاد: مەرحەبا ئەی تاریکایی درەوشاوە مەرحەبا.

تاریکایی درەوشاوە: مەرحەبا
فەرهاد: کەڵەکێوییینە، مامزینە... مەرحەبا.
کەڵەکێوی و ئاسک: مەرحەبا...
فەرهاد: ئەو گورگەی چاوەڕێی زستان دەکا، ورچی نوستووی ناو دارستانی کەستانە، مارێک حەزی لە لەشی مرۆڤە، فیێلباز، شەل، خائین، هەموو جانەوەرە دلێرەکان، مێرووەکان، گژوگیا، دارەکان، لقە زەیتوون، دانەی گەنم، هەناری دەم بە خەندە، خۆخی گرینۆک... مەرحەبا.
کۆرس: مەرحەبا
فەرهاد: مەرحەبا برایینە، مەرحەبا لە هەمووتان
کۆرس: مەرحەبا برا، مەرحەبا وەستا فەرهاد، مەرحەبا.
(فەرهاد دیسان گورزەکەی دەداتەوە پاڵ دارچنار و لەژێر دارەکەدا دادەنیشێ. بلبل دەست دەکا بە خوێندنەوە.)
فەرهاد: ئەمڕۆ خەمێکی سەیرم هەیە، کوڕینە، هەر وەکو مێشێکی ڕەش بە دڵی مرۆڤەوە بلکێ و لە ڕەسەنی خۆی نەبێ، وەک سێوی نەگەییو ناخۆش، بەڵام پتەو و دروست و خەمێکی بێ کرم.
بلبل: تۆ دڵداری، وەستا فەرهاد.
فەرهاد: ئەوە دیارە... زۆر سوپاس کە دڵدارین، بلبل. چۆن دڵدارییەکیش، دڵدار گوایە دڵدار بە چاوەوە دەناسرێتەوە، تۆش یەکسەر منت ناسییەوە بلبل. بەڵام تۆ دەبێ شەوی دوێنێ هاتبیتە ئەم ناوە کە...
هەناری دەم بە پێکەنین: (دەست دەکا بە قاقا).
فەرهاد: ئەی هەناری دەم بە پێکەنین بەچی پێکەنیت؟
هەناری دەم بە پێ کەنین: بە حاڵی تۆ.
خۆخی گرینۆک: (بە گریانەوە... پرمەی دێ.)
فەرهاد: خۆخی گرینۆک، بۆچی دەگرییێت؟
خۆخی گرینۆک: بۆ حاڵی تۆ.

فەرهاد: من بە حاڵی خۆم، نەدەگرییێم، نە پێدەکەنم، بە حاڵی خۆم مەمنوونم، زۆر شوکور... بەڵام ئەم خەمە؟ تۆ بۆ ئەم کارە دەڵێی چی ئەی ئەستێرەی ناهید؟

ناهید: دوور دەڕوانی، وەستا فەرهاد. ئەمڕۆ پێ دەنێیتە یانزدە ساڵەوە، کە شیرینت تێیدا نەدیتووە. لەوەتەی دەنگیت نەبیستووە. لەوەتەی دەستیت نە گوشیوە.

فەرهاد: بەتایبەتی ماوەیەکی چەند کەم ئەوم بینی...

ناهید دەموچاویت لەبیرە؟

فەرهاد: نەخێر.

ناهید: کەواتە لەبیرت چووەوە.

فەرهاد: بیرکردنەوە نییە، شتێکی دیکەیە... پەیوەندیی بە لەبیرکردن، یان لە بیرنەکردنەوەوە نییە، شێوەی چاوی و سەری و دەمی و لووتی چۆن بوو... نازانم. هێند زۆر لە خۆم دەکەم، هەرگیز نابێ... دەزانم... ڕووی شیرین لەناو کەللەسەرمدا ڕووناکییەکی سپییە. وەک ڕووناکیی تۆ شتێکی وەهایە، دوور، سپی... نەخێر، تەنیا ئەمەندە نییە، واتا... ئایا... تێدەگەیت، واتە خەیاڵ، تەنانەت وەک خەیاڵیش نییە، شتێکی شلەتێنە. شتێکی گەرم، شتێکی زیندووە، ئەوەندەی بەرگەی نەگیرێ زیندوو، ئەوەندەی کە بەرگەی نەگیرێ زیندوو، دوایيش نزیک، لە پێستی خۆم نزیکترە لە من، ئینجا لە هەموو شوێنێکدا، لە تۆدا، لە چناردا، لەسەر گورزەکەمدا، لە دەنگی بادا، لە ڕووی ئەو مرۆڤانەدا کە دێنە ئێرە بۆ بینینم، لە هەموو جێیەکدایە...

چیای ئاسنین: (تێکەڵی گفتوگۆ دەبێ.) ئێوەی مرۆڤ چەند سەیر خۆشەویستی دەکەن.

فەرهاد: جیت وت چیای ئاسنین؟

چیای ئاسنین: وتم، ئێوەی مرۆڤ چەند سەیر خۆشەویستی دەکەن، سەیری گورگ بکە، سەیری مەل بکە، ورچەکانی دارستانی کەستانە. سەیری

دەنکە گەنم و خۆڵ بکە... ئەوان تەنیا بە گۆشتیان بەلەشیان خۆشەویستی دەکەن. تەنیا بەدەستیان. بە دەمیان، بە چاوەکانیان... لە کاتێکدا ئێوەی مرۆڤ، پەدڵتان، بەخەیاڵتان، تەنانەت بە ئاوەزیشتان خۆشەویستی دەکەن.

فەرهاد: ڕاست دەکەی، چیای ئاسنین، هێشتا نیوەمان ئەگەر لەچاوەکانمان. لە دەمان، لە دەستمان دوور بێت. بە هەموو شتێکمانەوە دەمانەوێ بیگەینێ.

چیای ئاسنین: ئەمەیە هۆی بەدبەختیتان.

فەرهاد: ئەوەی کە بەختیاریشمان دەکا هەر ئەمەیە... هەناسە ساردیشمان و هێزیشمان هەر ئەمەیە...

هەناری دەم بە پێکەنین: (قاقایەکی دوور و درێژ.)

خۆخی گرینۆک: (بەگریانەوە... لەپرمە دەدا.)

فەرهاد: تۆ هەر پێکەنینی دەزانی، ئەی گوڵی دەم بە پێکەنین، تەنیا پێکەنین. تۆش تەنیا گریان دەزانی ئەی خۆخی گرینۆک، تەنیا گریان... بەڵام ئێمە هەردووکیان دەزانین، پێکەنینیش و گریانیش.

چیای ئاسنین: وەستا شەریف هات؟

فەرهاد: وەستا شەریف هات، ئەی چیای ئاسنین؟ (هەڵدەستێ.) کوانێ؟ ئۆه...(شەریف دێتە ژوورەوە، فەرهاد بەرەو شەریف دەچێ.) شەریف بەخێربێی.

شەریف: خێراندار بی، (باوەش بەیەکدیدا دەکەن.) بزانم دەزانی کێم بۆ هێناویت؟

فەرهاد: شیرین.

شەریف: نەخێر، هێنانی شیرینم لە توانادا نییە؟

فەرهاد: ئەدی کێت هێناوە؟ خۆ ناکرێ...

شەریف: دۆزیتەوە، وەستا بەهزادم هێناوە... باوکت...

فەرهاد: باوکم؟ کوا؟ لە کوێیە؟

(لەم کاتەدا بەهزاد و سەمەرقەندی دێنە ژوورەوە، فەرهاد پێشوازی لە باوکی دەکا. لە بارێکی پەشۆکاوی ئەوتۆدایە کە نازانێ چی بکا. دەستی ماچ دەکا.)

فەرهاد: بابە

(باوک و کوڕ ماوەیەک لەیەکدی ڕادەمێنن.)

بەهزاد: هەروا تەماشای شێوەت بکەم و بوەستین، وەرە لە باوەشم بگرە، لە باوەش گرتن و فڕاندن و لەپێناویدا چیا کوناودەر کردن، دەبێ بە تەنیا هەر بەشی سوڵتان شیرین بێ؟

فەرهاد: (باوەش بە باوکیدا دەکا.) بابە.

بەهزاد: (لە باوەشی فەرهادەوە دەخزێ.) ڕاوەستە... دە ڕاوەستە... خەریکە دەمخنکێنی... ماشاڵلا... لەوەتی وازت لە نەققاشی هێناوە و دەستت بە بەردشکێنی کردووە وەک ئاسنت لێ هاتووە. نەققاشێکی وەکو تۆ، دیسان ئەوا کەللەم خوێنی تێ دەزێ...

سەمەرقەندی: مەرحەبا... وەستا فەرهاد.

فەرهاد: مەرحەبا بەخێربێی.

شەریف: (سەمەرقەندی دەناسێنێ.) خەڵکی سەمەرقەندە، تازە گەیشتووەتە شاری ئێمە، بۆ بینینی چۆنیەتیی نیگارکێشانی گوڵاڵەی لای ئێمە، هاتووەتە ئێرە.

بەهزاد: تێگەیشتی، ئەی یاریدەدەری بەردشکێن، کوڕی خەڵکی لە سەمەرقەندەوە هەڵدەستن و تا ئێرە دێن، بۆ بینینی گوڵاڵەی لای ئێمە دێن و تۆش...

فەرهاد: بابە... دانانیشی؟ هەر بەپێوەیت...

بەهزاد: نەخێر...(ماوەیەک بێدەنگی.) ئەو گورزەی تۆم بدیبایە.

(فەرهاد گورزەکەی دەهێنێ.)

بەهزاد: دەڵێن سەد باتمانییە... با بزانم ئەوەندە دەبێ... بێنە بزانم.

فەرهاد: پێوەی دیار نییە، بەڵام لەڕاستیشدا وەهایە. هەندێکیش

قورسترە.

بەهزاد: تۆ هێشتا بمدەرێ... هێشتا ئەوەندە پیر نەبووین. کە تۆ بتوانی هەڵیبگری... منیش

(دەست دەداتە گورزەکە... دەیەوێ هەڵیبگرێ، بەڵام هەر ئەوەندەی پێ دەکرێ لەسەر زەویدا بیجووڵێنێتەوە و بەس.) بە ڕاستیش گرانە.

(فەرهاد گورزەکە بەدەستەوە دەگرێ.) بۆ وەشاندنی ئەمە تەنیا مەچەک نییە، مرۆڤ دەبێ دڵی وەک ئەوەی تۆشی هەبێ...

(فەرهاد گورزەکە لەجێی پێشوویدا دادەنێتەوە کە دابوویە پاڵ دارچنارەوە.)

بەهزاد: (تەماشای دەورو بەری دەکا.) ئێرە زۆریش ناخۆش نییە.

سەمەرقەندی: دیمەنی... ئاو و هەوای.

بەهزاد: (قسەی سەمەرقەندی دەبڕێ. ڕوو دەکاتە فەرهاد.) دەبزانم ئەو جێیەم پیشان بدە کە بۆ هێنانی ئەم ئاوە لەناو بەردەکانەوە، کونی دەکەیت.

فەرهاد: ئە ئێرەیە... بابە.

(هەموو پێکەوە دەچنە بەردەرگای ئەشکەوتەکە.)

فەرهاد: لەناو ئەم ئەشکەوتەدایە.

بەهزاد: (سەری دەباتە ژوورەوە.) لە کونە ورچ خراپترە، هەر دەڕواو دەڕوا و بنی نایەت (سەری دەهێنێتەوە دەرەوە.) (شەریف و سەمەرقەندییش تەماشا دەکەن، دواتر باوک کوڕە بە تەنیا جێ دەهێڵێت و دوور دەکەوێتەوە. لە کاتی گفتوگۆدا گەڵای دار لێدەکەنەوەو لە نێوانیاندا قسە دەکەن.)

فەرهاد: بە دەساڵ، ڕێگەی هەزار پێم قووڵتر کردووەتەوە.

بەهزاد: قسەی پووچ. لەم کونە جانەوەرەدا... لەم سەر چیایەدا... خەریکم بڵێم دەک بەڵا-م لەو کچە دا کە شیرینی پێ دەڵێن. ناتوانم بڵێم، کێ دەزانێ، لەوانەیە منیش یەکێکی وەهام تووش بهاتایە، لەوانەبوو

منیش وەک تۆ.

فەرهاد: باشە، ئەی دایکم؟

بەهزاد: دایکت خودا لێی خۆش بێت، چاکترین ژنێکی سەر ڕووی زەمین بوو، بەڵام بەر لە هەموو شتێک دایک بوو. واتە پیرۆزترینی ژنان... بەڵام... (بێدەنگ دەبێ... ماوەیەک بێدەنگی.) تا مرد، هەموو ڕۆژێک بێ ئەوەی من پێی بزانم، دەهاتە ئێرە و دەوەستا...

فەرهاد: بەڵێ.

بەهزاد: بێ ئەوەی من پێی بزانم... لە کاتێکدا من بۆ بینینی تۆ... هاتنیم... لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو نەهاتبایە لای تۆ من ئەوەندە کەللەڕەقیم نەدەکرد... ئەو دەڕوا کوڕی دەبینێ، من دەمتوانی هەندێکی دییش ڕێی لێ بگرم، دەڵێم، لێم تێدەگەیت؟

فەرهاد: تێدەگەم بابە.

بەهزاد: لە باوەشمدا مرد، لە باوەشی مندا مرد. بەڵام دوا وتە ناوی کوڕەکەی بوو، وتی: فەرهاد و... کوژایەوە. (ماوەیەک بێدەنگی.) تۆ کەی هەواڵی مردنی دایکت زانی؟

فەرهاد: بۆ ڕۆژی دواتر... وەستا شەریف هەواڵەکەی بۆ هێنام.

بەهزاد: چیت کرد؟

فەرهاد: ئەو ڕۆژە کارم پێ نەکرا. لەژێر دارچنارەکەدا دانیشتم، لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا تەنیا ئەو ڕۆژە کارم نەکردووە، لەژێر دارچنارەدا دانیشتم... زار زار گریام... وەک منداڵێکی پێنج ساڵە زار زار.

بەهزاد: بیرت لە مردن کردەوە؟

فەرهاد: بیرم لێ کردەوە...

بەهزاد: چۆن؟

فەرهاد: شتێکت پێ بڵێم، بابە. بیر لەوەکردنەوە کە ڕۆژێک دەبێ دەمرم، هێزم پێ دەبەخشێ، لەبەر ئەوە نییە کە ژیانم خۆش ناوێ، بە پێچەوانەوە لەبەرئەوەیە کە زۆرم خۆش دەوێ.

بەهزاد: وەکو من. منیش وەهام... هەر لەم ڕووەوە تەمەنم حەفتا، کوڕە نەک حەفتا، شەست، بەڵام کارم کۆتایی نەهاتووە... (ماوەیەک بێدەنگی.) ئاو دێتە ناو شار، وا نییە؟

فەرهاد: دێ... بابە

بەهزاد: خەڵکی شار چەندیان تۆ خۆش دەوێ، ئەگەر لێیان بپرسی، تەنانەت جاروبار لە منیش بپرسی، تۆ وەک بڵێی چیای ئاسنین، نەک بۆ شیرین، لەبەرئەوەی کە ئێمە بە ئاو شاد دەبین.

فەرهاد: (قسەکانی باوکی دەبڕێ.) دوو کار تێکەڵی یەک بوون، بابە. تەنانەت وای لێ هاتووە بڵێین داخۆ کامەیان پتر، مەسەلەی پتر بوونیش نییە، واتە وەکو بڵێی ئەوەی دەمەوێ...

شەریف: (لە دوورەوە قسە دەکات و دێتە پێشەوە.) وەستا بەهزاد، وەستا بەهزاد.

(سەمەرقەندییش لەگەڵ شەریف-دا پێکەوە نزیک دەبنەوە.)

بەهزاد: چییە؟

شەریف: دەتۆ سەیرێکی ئەم پەلکانە بکە... (گەڵاکانی دەستی پیشانی بەهزار دەدا.) چ دارێکە نازانم؟ بەڵام ئەم گەڵایانەی، ئەم لایانەی درێژ بکرێتەوەو ئەو لایانەی دیکەی لێ بکەینەوە، دەتوانین لەو نەقشانەی میحرابەکەی تۆدا بەکاری بهێنین.

بەهزاد: ئافەرین وەستا شەریف، ڕەنگەکانیشی ڕەنگە سەوزەکەی فەرهاد.. (ڕوو دەکاتە فەرهاد.) کوڕە نهێنیی بۆیاخی ڕەنگی سەوزت بەمنیش نەوت. بە وەستا شەریفت دا. ئەویش وەک ماڵدۆزەرەوە مەغریبییەکە لە ئێمەی دەشارێتەوە.

شەریف: (بۆ ئەوەی بیکاتە لاقرتێ.) ئایا دەزانی، فەرهاد، چوزانی، بۆ ئەوەی پێم بڵێن وەستا شەریف، نەک شەریف ئاغا.

بەهزاد: (قسە بە شەریف دەبڕێ.) لە کۆتاییدا ناچارت کردن کە بیڵێن... بەڵام بەڕاستیش بوویتە وەستا... ڕاستییەکەی ئەمەیە.

فـەرهاد: منیش با سـەیرێکی ئەو گـەڵایانە بکەم... (گـەڵاکـان لە بەهزاد وەردەگرێ.) ئەمانە... بۆ میحراب ناشێن.

شەریف: لەبەرچی؟

فەرهاد: زۆر پانن.

شەریف: ئەم لایانەشی لێ کەم دەکەینەوە...

بەهزاد: ئەم لایانەش درێژتر دەکرێن...

فەرهاد: کەواتە، بڕوانن (دەنوشتێتەوە سەر زەوی و بە پارچە دارێک چەند نەقشێک دەکێشێ، ئەوانی دیکەش لێی گرد دەبنەوە.) ئەم میحرابە، وەهایە؟ نەقـشـەکـانیش لێـرە دەکـرێن، وایە؟ ئەوە هەرچەند ڕاسـتی بکەنەوە و درێژی بکەنەوە نابێ...

شەریف: باشە، بەڵام

بەهزاد: کـوڕی من ڕاست دەکـا، وەسـتـا شـەریف... لەوە زیـاتر کـەللەڕەقی مەکە... شەریف ئاغات پێ دەڵێمەوە...ها.

فـەرهاد: (هەڵدەسـتێ.) ڕاوەستن من گـوڵێکتـان بۆ بهـێنم... (دەچێ و گوڵێک لێ دەکاتەوە.) ئەوەتا.

بەهزاد: جوانە

فەرهاد: دەمویست شتێک بڵێم...

بەهزاد: منجە منج مەکە، دە بڵێ بزانم.

فـەرهاد: دوای ئەوەی ئاو دەگـاتە چاوگـەکـان. دەچم هەر هیچ نەبێ، یەکـەم چاوگـەی ئاوی نزیک شـار هەیە؟. نەقـشی ئەم گـوڵە، لەسـەر ئەو چاوگەیە دەکێشم. بەناوی چاوگەی چیای ئاسنینەوە. جاروبار بیر لەوە دەکەمەوە.

بەهزاد: ئەوەیان بۆ من بەجێ بهـێـڵـە، چۆن دەبێ ئەرکی ئاوەکـەش و نەقشەکەش بخرێتە ئەستۆی تاکە مرۆڤێک، دەبێ؟... خەمت نەبێ من نەقشەکە دەکەم، تەنانەت نەقشێکی وەهای لێ دەکەم کە گوڵەکانی چیـا ئاسنینەکـەی تۆ، کـە دوای ئاوهێنان، بێـیت و تەمـاشـای

بکەیت...(لەپڕ وسکت دەبێ.) بەڕاست، ئەوسا من لە دنیادا نامێنم...
هێشتا پانزدە ساڵی دیکەی دەوێ، بەلای کەمەوە پازدە ساڵ، چاوت نەترسێ، ئەویش کۆتایی دێت و بەسەر دەچێ... بەڵام من ئەوسا لە دنیادا نیم...جا... با نەبم... نەقشەکانم لەو چاوگەدا دەمێنێ کە خوڕخوڕ ئاوی پێدا دێتە خوارەوە.
شەریف: نانا... وەستا بەهزاد، تۆ هێشتا بیست، بیست و پێنج ساڵ...
بەهزاد: (بە ڕووی کوڕەکەیدا ڕاماوە، قسەی شەریف دەبڕێ، بە فەرهاد.)
ڕاوەستە بزانم، واوە بوەستە... تا ڕووناکتر دەبێتەوە زەردایی ڕووت ئاشکراتر دەبێ... ئامان ڕۆڵە... دەزانم گیرۆدەیی کارێکی سەختە، پیاو زەحمەت لە خوویەک ڕزگار دەبێ کە گیری پێوە خواردبێ... بەڵام تۆ، بە زۆر و زەحمەتیش بێ، شێوەی کاتی کارەکەت بگۆڕە، شەوانە کار بکە، بە ڕۆژ لەبەر خۆردا بحەسێرەوە، هەندێک لەبەر خۆرەتاودا بنوو... ئامان ڕۆڵە... ڕووت زۆر زەردە...
فەرهاد: ڕاست دەکەی بابە...بەڵام بەخۆشت وتت... زەحمەتە.
بەهزاد: دەزانم، دەزانم... منیش ناڵێم یەکسەر... بەرخەکەم، ڕۆڵەکەم...
هەندێک ئاگات لە خۆت بێت، دەک خودا من بگرێ، دە ساڵ سەرم لێ نەدایت... دەک خودا گیانم دەرکێشێ... هەر یەکسەر دەست دەکەم بە نەقشی چاوگەکەی تۆ... دەمودەست، بەڵکو منیش تا ئەوسا نەمردم...
بەڵام تۆ ئاگات لە... ئۆف... ئۆف... دەی سا با ئێمە بڕۆین وەستا شەریف... با بڕۆین... ها ئێستا خۆر هەڵدێتەوە... با دەست بە کارەکەی بکاتەوە، با بڕۆین... من دیسان دێمەوە، سبەی هەمدیس دێمەوە، ئۆف، ئۆف... دەی، دەی سا... دەستم ماچ بکە، دەی ئێمە دەڕۆین.
فەرهاد: (دەستی بەهزاد ماچ دەکا.) بابە، دیسان دێیتەوە، وا نییە؟
بەهزاد: دێمەوە... دێمەوە... دەی، دەی سا، با ڕێبوار ڕێ بگرێتە بەر
شەریف: بەخودام سپاردن
سەمەرقەندی: بمێنە بەخێر، وەستا فەرهاد.

فەرهاد: بەخۆشی و شادی. ڕێیەکی خۆش... بابە، سبەی هەر دەبێ بێیتەوە.

(فەرهاد ئەوان بەڕێ دەخات، هێدی هێدی دەگەڕێتەوە.)

فەرهاد: (بەسەر پێوە پاڵ بە دارچنارەوە دەدات و قسە دەکا.) تۆ، زەمانت پێ دەڵێن، زەمان، لەتۆوی هەڵتۆقیودا، لە باڵی مەلدا، لەپێی مێروولە دایت؟ لە کوێدایت ببە، پەلەتر بەگوڕتر ڕەت بە، هەر ڕۆژە و خوڕەت بە هێزتر بێ، تۆ هەرچەند بەهێزتر ڕەت بیت، چاوگەکان لە ئاو و من لە شیرین–م ئەوەندە نزیکتر دەبمەوە...

زەمان: بە پیریش و بە مردنیش...

فەرهاد: تۆ ئەو چیرۆکە بۆ ئەوانە بڵێ کە لە ژیان دەترسن... تۆ بە گوڕتر، هەستەوەرتر هەڵکە، ئەو ڕۆژانەی کە دێن، لەو ڕۆژانە جوانترن کە لە کۆتاییاندان... (لەم کاتەدا شیرین دێتە ژوورەوە، فەرهاد، ئەو نابینێ. دوو ئافرەتی لەگەڵدان و سەربازی چەکداریشی لەگەڵدان. بەدەست ئاماژە بۆ ئەوانە دەکا، دوور دەکەونەوە. دوایی هەر وەکو جموجووڵەکانی دیمەنی دووەمی پەردەی یەکەم تەماشا دەکرێت. تەماشای دارەکان دەکا. دارسێوی لێ نییە. بەردێک لە زەوییەوە هەڵدەگرێ و لە شانی فەرهادی دەگرێ. فەرهاد ئاوڕ دەداتەوە. شیرین دەبینێ.)

فەرهاد: شیرین... (ڕادەکا و شیرین لە باوەش دەگرێ. بەیەکدا دەئاڵێن، ماوەیەک بەو شێوەیە دەمێنێتەوە و لێک دەبنەوە.) تۆ... شیرین... تۆ

شیرین: من...

(فەرهاد دووبارە شیرین لە باوەشی دەکات و وەها توند بەسنگیدا دەنووسێنێتەوە کە:)

شیرین: ئاخ...

فەرهاد: (شیرین بەردەدا.) گیانتم سووتاند؟ جێیەکم شکاندی؟

شیرین: نەخێر... نەخێر... تۆ لێرە دارسێوت نییە... بۆ ئەوەی لە تۆی بگرم...

فەرهاد: (قسەی شیرین دەبڕێت و سەری دەنێتە ناو دوو دەستییەوە، ڕوو لە خـــۆرهەڵات دەکـــا.) ڕووت لە ڕووناکی بکە. بەرەو ڕووناکی وەرگـەڕێ... پتـر، بەرەو ڕووناکی... خـۆریش هەر هەڵنەهات. خـودا بیگرێ... ڕاوەستـە، با تەمـاشـات بکەم. ڕاوەستـە... (پەنجـەکـانی بەڕووی شیرین-دا دەسوێ.)

ئەمە نێوچەوانت، ئەمانە چاوەکانتن، ئەمـە لووتت، دەسمت، چەناگەت... پەنجەکانم با دەموچاوت لەبەر بکەن.

شیرین: فەهاد...

فـەرهاد: تۆم چۆن نـاسـیـیـەوە، هەر کـە تۆم دیت و نەدیت، تەنانەت بەر لەوەی بشتبینم، کاتم نەما بۆ بینینت، هەر کە هەستم کرد و نەکرد... لەکاتێکدا...

شیرین: منت لە بیر کردبووەوە؟

فـەرهاد: تۆم لەبیـر بکردایە لێـرە کـارم چی بوو؟ کـارم لە دنیـادا چی بوو؟ قسـە بکە. شتـگەلێک بڵێ. با گـوێم لە دەنـگت بێ، تەنیـا دەنگت... چونکە بەرگەی ئەوە ناگرم لە یەک کاتدا گوێم لە دەنگیشت بێت و بە دەموچاویشـتدا بڕوانم. لێـرە دانیشـە. (شیـرین لەسەر بەردێکی بەرز دادەنێ، خـۆیشی لە خـواری پێیـدا دادەنیـشێ. سـەری دەنێـتـە سـەر ئەژنۆکانی کچەدا.)

شـیـرین: ئای کـە قـسـەم هەیە بۆتی بکەم. نەک قـسـە، تەنانەت ئەو هەواڵەشم پێ ناوترێتـەوە کـە بۆم هێناویت (پرچی فـەرهاد دەگـرێ و سەری بەرز دەکاتەوە.) هەواڵێکی ئەوەندە خۆشە کە بڕوای پێ ناکرێ، بۆ تۆم هێناوە. بۆ هەردووکمان، بۆ ئێمە...

فەرهاد: مەراقی هیچ هەواڵێک، هیچ شتێک ناکەم. لەوانەیە بە دوای دە دەقیـقـە، یان دوای پێنج دەقـیـقـە، بەوەی کە بزانم چۆن توانیت بێیـتـە ئێرە و بۆچی هاتی. ئەو هەواڵە چییە کە پێتە؟ لەوانەیە لە مەراقان، لە خەمـان، یان لە خـۆشییـان بمرم. بەڵام هێشـتـا، ئێـسـتـاکـە. نامەوێ

هیچ شتێک بزانم، دەمەوێ ڕووی تۆ ببینم، دەنگی تۆم دەوێ، بۆنی تۆم دەوێ، دەتوانم دەست لە گۆشتت بدەم، ئێستا لەم کاتەدا جیاوازیم لە گورگ، لە دەنکە گەنم نییە.

(شیرین بێدەنگ دەگریێ.)

فەرهاد: دەگرییت، بۆچی دەگرییی؟

شیرین: لە خۆشییان

(شیرین پێدەکەنێ.)

فەرهاد: پێکەنیت

شیرین: لە خۆشییان

فەرهاد: من لە ناخمەوە، نە گریانم دێ، نە پێکەنین، نە هاوار کردنی لێ هەڵدەقوڵێ، هاوار بکەم بڵێم: ئەی چیا، ئەی بەرد، ئەی گورگ، ئەی مەل، مرۆڤینە با هەموو پێکەوە بەختیار بین، مەگەر ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە، تۆزێک بەر لە تۆ باوکم لێرە بوو.

شیرین: بیستوومە لە چارەی منەوە لەتۆ زیز بووە، کەواتە هات؟

فەرهاد: هات، بە تەمایە سبەینێش بێت... سبەینێ تۆ دێیت... سبەینێش دێیت، دووسبەیش دێیت.

شیرین: نەخێر...

فەرهاد: لەبەرچی؟

شیرین: هاتنی من پێویست نییە.

(دیسانەوە دەگریێ.)

فەرهاد: چیت وت؟ بوویت بەچی؟ دیسانەوە بۆ دەگرییی.

شیرین: بۆ دە ساڵی خۆم، دە ساڵ کە بەبێ تۆ بەسەرچوو. (پێدەکەنێ.) بوومەتە ئافرەتۆکەیەکی چاو بە فرمێسک، وا نییە؟ بەڵام سا کۆتایی هات... کۆتایی هات، دەسا لە یەکدی جیانابینەوە. دابڕان، هەناسە ساردی، فرمێسک... کۆتاییان هات.

فەرهاد: تەواو؟ لێرە... ئیدی لێرە لەلای من دەمێنییەوە؟ بە ڕۆژ چیا

هەڵدەکۆڵم، بەشەو لێرە کاردەکەم، لەژێر دارچنارەکەدا کۆشکێکت بۆ دروست دەکەم. هەموو شتێکی بەدەستەکانی خۆم لەبناغەیەوە تا نەقشەکانی.

شیرین: ئێمە، کۆشکێکی ئامادە و دروست کراومان هەیە، فەرهاد... بەڵکو تاکە کەموکورییەکی هەبێ ئەوەیە کە هەموو شتێکت بەدەستی خۆت دروست نەکردووە. بەڵام بۆ یەکەمجار یەکدیمان لەوێ بینی...

فەرهاد: تێناگەم کە... من، کەوابێ بەبێ ئاگاداریی تاتات هاتوویتەتە ئێرە، نەخێر، یانیش، پرست بەو کردووە... باشە بەڵام، چۆن دەبێ؟ دەپێم بڵێ...

شیرین: ئەوەتا سا لەمەراقان دەستت بە نیگەرانی کرد، بەڵام گوێ بگرە، لێم گەڕێ با قسە بکەم... لە نووکەوە قسە بکەم، دەبێ؟ لەسەرەتادا... بۆچی هەموو شتێک بە سێ وشە نەڵێم و بیبڕمەوە... بێ جووڵە، بە بیرکردنەوە، تەنیا بە بیرکردنەوە، دە ساڵی لە دەست چووم هەیە؟ ئێستا هەموو شتێکت لەسەرەتاوە تێدەگەیەنم، داخۆ هۆی بە درێژی باس کردنی هەموو شتێک ئەمەیە؟ یان ئەو ساڵە پڕ لە نیگەرانییانەیە کە لێرەمان دانان، یان بۆ ئەوەیە کە جارێکی دی تەنانەت باسیشیان لێوە نەکەینەوە، بەڵام هەموو شتێک لەسەرەتاوە باس دەکەم؟ گوێم لێ دەگری؟ دەتوانی دان بە خۆتدا بگریت؟

فەرهاد: بەڵێ.

شیرین: (دەستەکانی درێژ دەکا.) دەستەکانم بگرە... جارێکی دی بەریان نەدەیتەوە، دەستەکانم بگرە. (فەرهاد، دەستەکانی شیرین دەگرێ و دەیانسوێ بە دەموچاویدا.)

شیرین: کە تاتام مەرجی بۆت دانا زۆر زویر نەبووم. چونکە دەیتوانی بتکوژێ، یان بتخاتە زیندانەوە، ئەوەندە لە تۆ دڵنیا بووم کە نەک تەنیا لە خۆشەویستیت، لە عەقڵت، لە هێزیشت دڵنیا بووم... چونکە چاک لەگەڵ ئەوانەدا جەنگایت کە هاتبوون بمانگرن.

فەرهاد: ئێستاش پشتم پێ دەبەستیت؟ لە کاتێکدا لە هەموو دەمێک پتر، بە عەقڵ و بەهێزترم...
شیرین: بۆچی وەها خائینانە قسە دەکەی؟ هەروەها دەکەیت، هەندێک جار دەوەستی و دەوەستی و لاقرتێیەک پەلارێک دەهاوێژی وەکو بەرد. بەڵام ئەم حاڵەشتم پێ ناخۆش نییە. ئێستا گوێم لێ بگرە، چیم دەگوت، فەرهاد، وامدەزانی لە ماوەی ساڵێکدا چیای ئاسنین... یان بە دوو ساڵ کوناودەر دەبێ...
فەرهاد: من ئەو بە یەک دەقیقە کون...
شیرین: دەزانم... قسەم مەبڕە، دوایی قسە ناکەمەوە، ئەگەر دەنگم نەبیستی... هیچ شتێکم بە تاتام نەوت. کەمترین ستەمێکم نەبینی. فەرهادەکەم بۆ من گەیشتن، بەوەی کە دەتویست ئازاریش بچێژێ.. بیر.
فەرهاد: ئازار چەشتن نییە، کەس هەیە حەز لە ئازار بکا. بۆچی من دەروێشی چلەکێشم؟ بە تۆ شایان بوون، تۆ بە ئارەقەی نێوچەوان بەدەست خستن.
شیرین: بەڵێ ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەوەم پێ لە بیر دەبەیتەوە کە دەمەوێ پێتی بڵێم... لەگەڵ تاتامدا تەنیا جارێکیش ئەم باسەم نەکردووە، تەنیا جاروبار لە کاتی گریاندا من ئەوەم دیوە، جاروباریش ئەو منی بینیوە. بێ ئەوەی هیچ شتێک باس بکەین... باوەشمان بەیەکدیدا دەکرد و دەگریاین.
فەرهاد: تاقانەی من، ڕۆڵەی من...
شیرین: تۆ هیچ نەبێ، تۆڵەی داخی دەروونت لەو چیایە دەکەیتەوە کە کونی دەکەیت بەڵام من...
فەرهاد: تێدەگەم. شیرینی من، تێدەگەم
شیرین: کۆتاییی ساڵی سێیەم بوو. لەم لاو لاوە بەگوێمدا دەدرا کە چیا کە نەک بە دوو ساڵ، بە دە... پانزدە ساڵیش کوناودەر نابێ... من بڕوام

نەدەکرد. داخۆ بە ئاسانی باوەڕ بە نائومێدییەکی وەها دوور و درێژ دەکرێ، فەرهاد؟ کۆتاییی ساڵی سێیەم بوو، وەزیر... وەزیرت لەبیرە؟

فەرهاد: بەڵێ

شیرین: دەتزانی کە دوژمنی من بوو؟

فەرهاد: هەستم بەوە کردبوو

شیرین: هۆیەکەی؟

فەرهاد: ئەوەش

شیرین: باسی چیم دەکرد، وەزیر بەر لە مردنی بە ڕۆژێک، چونکە ڕۆژی دواتر دڵی لە لێدان کەوت و... کەوت و مرد، بەڵام دەیزانی دەمرێ، دەمویست چی بڵێم، بەر لەمردنی، بۆ ئەوەی خەمم بداتێ هاتە کۆشک، دوو شتی پێ وتم...

فەرهاد: چی؟ چیی وت؟

شیرین: وتی تۆ ئەمە بزانە شیرین سوڵتان، چیا بە بیست ساڵیش کوناوەدەر ناکرێ. من بە خۆم بەر لەوەی لە دایک بم، لە کاتی باوکیشمدا هەوڵ دراوە، نازانم مردنی چەند کەسێکی ژمارد، دواییش وتی «ئینشائەڵلا بە فەرهادەکەتان دەگەن. بەڵام ئەوسا دەموچاوتان لەوەی تاتاتان پیرتر دەبێ. هەر هیچ نەبێ لەشی ئەو گەش و لاوە، ئێوە، لەشیشتان...» . دواییش قسەکەی دیکەی وت...

فەرهاد: ئەو چی بوو، قسەکەی دی؟

شیرین: ئەمەیان زۆر دواتر لەگەڵ تۆدا قسەی لێوە دەکەین. شتێکە پەیوەندیی بە تاتامەوە هەیە... ڕۆژێک ئەمەت پێ دەڵێم کە منیش و تۆش پیر دەبین. من باوەڕم نەکرد، بەڵام بە جۆرێک گومان کەوتە ناخمەوە... ئێستا وەکو گورگ دەمکرۆژێ... لەوە خراپتر، خراپتر... بیستنی ئەمەی دووەمیانە، بۆ ئەوەی لەو مەرجە بگەڕێتەوە کە تۆ پەسندت کردبوو، ئەگەر بیرم لەوە بکردایە بچم لە تاتام بپاڕێمەوە و بکڕووزێمەوە لێم تووڕە نەدەبوویت، وا نییە؟ چی بکەم؟ جاروبار هێزم

تێدا نەدەما، بەڵام تەواو، دەسا هەموو ئەمانە تەواو بوون. بە پاڕانەوە و سکاڵای من تاتام لە مەرجەکەی بگەڕێتەوە شتێکە و ئەو لە خۆیەوە، نەتۆ، نەمن لێی بپاڕێینەوە و سکاڵای لێ بکەین، ئەو لە خۆیەوە... دەسا چ حەقی ئەوەی هەیە لە خۆیەوە مەرجی وەها بۆ تۆ دابنێ؟ مرۆڤێک بە خۆی بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤێکی دی، مافێکی بەسەر ئەو مرۆڤە بۆ دابین دەکا؟ داخۆ بەدنمەکی دەکەم؟ داخۆ هەناسە سەردیی تۆ منی کردە مرۆڤێکی زۆر بەدکار؟ بۆ لە سووتان ڕزگارکردنی منداڵی دراوسێیەکەت، ئەگەر خۆت کرد بە ناو ئاگردا و کوێر بوویت، مافی ئەوەت دەبێ دەسا بڵێیت ئەو منداڵە هی منە؟ تکایە وەڵامم بدەرەوە، فەرهاد، تکایە قسە بکە...

فەرهاد: بیر لەوانە دەکەمەوە کە لە پێناوی کاری گەورەدا مردوون، بۆ وێنە ئەوانەی لە پێناوی ئەوەی وڵاتیان لە دوژمنان بپارێزن مردوون. ئەوانە، مردووەکان داوای هیچ مافێکیان ناکەن.

شیرین: بەڵام ئەگەر لە ژیاندا بوونایە؟ بەڵام ئەوانەی لەگەڵ دوژمناندا جەنگاون و نەمردوون؟

فەرهاد: بێگومان کە قسەی خۆیان دەکەن و قسەکانیان بەر لە هەموو کەسێکی دیکە لە گوێ دەگیرێ. بەڵام ئەو دۆزەی لەنێو تۆ و تاتاتدایە جیایە، مافی بەدەستهێنراویش، ئەگەر بۆ زۆرداری بەکار بهێنرێ، لە ماف بەدەردەبێ... هەرچی بێ، واز لە مانە بهێنە، واتە ئێستا تاتات واز لەو مەرجە دەهێنێ کە بۆ منی داناوە؟

شیرین: بەڵێ

فەرهاد: تۆ چی دەڵێیت؟

شیرین: بەڵێ، دەڵێم، دەڵێ، واز دەهێنێ، دوێنێ شەو ناردی بە شوێنمدا، لە مێژبوو یەکدیمان نەدیتبوو. من لەم ساڵانەی دواییدا خۆم لەو بە دوور دەگرت. ئەویش لەوە دەگەیشت. لە من هەڵدەهات، دوێنێ شەو ناردی بەشوێنمدا، وتی. سبەی لەبەیانییەوە بەر لەوەی خۆر هەڵبێ،

بچۆرە لای فەرهاد، بەو بڵێ، من لە مەرجی خۆم واز دەهێنم، وتی: زۆرم ئازاری ئێوە دا، لێم ببوورن. بەڵام نەدەگریا، چاوەکانی وەکو من نەبێن وا بوون. وەک لەگەڵ دیواردا قسە بکا وەهابوو. وتی ئەگەر دەتانەوێ وەرن لەسەرادا دانیشن. گەر دەتانەوێ لە کۆشکدا جێی خۆتان بکەنەوە... کۆشکت لەبیرە، فەرهاد؟ وەک کۆشکی بەهەشت... ئەو نەقشانەت لەبیرە کە لەژێر سوانەکاندا کێشاتن؟ من دە ساڵە ئەوەندەم سەیر کردوون، لەبەرم کردوون... باخچەکەت هاتەوە بیر؟ ئەو باخچەیەی کە سێوەکەم لێی کردەوە و تێم گرتی... بەختیاریمان پێ ڕەوابووەوە. وا نییە فەرهاد؟ زۆرمان چەشت. وا نییە؟ بیر لە چی دەکەیتەوە؟ بۆچی تێم نائاڵێی؟ وەک ئەوەی ئێستا تا شکاندنی ئێسکەکانم نامگوشیتەوە؟ چیت لێ هات؟

فەرهاد: (هەڵدەستێ و کە هێشتا دەستی شیرینی گرتووە ئەویش هەڵدەگرێتە سەرپێ.) وەرە تاقانەکەم، شیرینی من...

شیرین: چەند سەیر ئەمەت وت؟ وەکو بڵێی ئەوەی دەیلێی نەزانی چییە؟ تۆ چیت لێ هات؟

فەرهاد: وەرە ئەو جێیەت پێ نیشان بدەم کە کاری تێدا دەکەم... لەپێشدا گورزەکەم ببینە... ئەوەتا...

شیرین: (دەیەوێ گورزەکە بجووڵێنێتەوە کە دراوەتە پاڵ دارچنارەوە بەڵام ناتوانێ بیجووڵێنێ.) چەند قورسە... چەند بەهێزی.

(بە فەرهاد-دا دەئاڵێ، لەلاملییەوە ماچی دەکا.)

فەرهاد: (شیرین دەهێنێتە لای دەمی ئەشکەوتەکە.) ئێستا ئەو شوێنە پیشانی تۆ دەدەم کە کاری تێدا دەکەم. ئەوەتا، لەناو ئەمەدا کار دەکەم.

شیرین: فەرهادی من... لێرەدا... چۆن دەبێ؟ ئێرە، خودا گیانی بسەندمایە... ڕزگارم بووایە... بمردمایە... تووشی من نەهاتیتایە... هەموو ئەم شتانە لە ڕووی منەوە بەسەرتدا هاتووە. (ئێجگار بێدەنگ

دەگرییّ.)
فەرهاد: مەگرییّ شیرینی من... بەڕاستیش چاوت پڕ ئەسرین بووە... دەپێبکەنە بزانم.
شیرین: (پێدەکەنێ.) بەڕاستی زۆر چاو بە فرمێسکم؟
فەرهاد: زۆر... ئێستا گوێ لە من بگرە.
شیرین: گوێم لێیە...
فەرهاد: بەردەکانم بە درێژایی هەزار پێ هەڵکۆڵیوە... واتە، ئاو هەزار پێ نزیکترە... ئێستا کۆمەڵە بەردێکی ئەستووری دیکەم هاتەوە پێش... ئەویشم کە هەڵکەند، ئاو بە دەشتدا دەڕوات و لەوێوە بەرەو شار. خەڵکی شار ئیدی وەک ئەوەی ئەو ئێوارەیە... وەک ئەو ئێوارەیە مردووەکانیان نالاوێننەوە، کە لە تینووان وەک مێش بەردەبوونەوە و دەمردن، هەموو دۆزەکە لە ئەستوورایی ئەو بەردانەدایە... بەڵام من گورزەکە تۆزێ قورستر.
شیرین: تۆ باسی چیم بۆ دەکەیت؟
فەرهاد: باسی ئەوەت بۆ دەکەم کە چۆن بەردەکانم هەڵکۆڵی، چۆنیان هەڵدەکۆڵم، باسی چۆنیەتیی گەیشتنی ئاوت بۆ دەکەم بۆ ناو شار... بەردەکان.
شیرین: لەبەردەکان بە من چی، بە تۆ چی؟ یەک دەقیقە، تەنیا یەک دەقیقە نامەوێ لێرە بووەستم... دەی بابڕۆین.
فەرهاد: نەخێر
شیرین: چی؟ وتت نەخێر؟ تۆ دەڵێی چی، فەرهاد؟
فەرهاد: ئەم بەردەش هەڵدەکۆڵم، ئاوەکە دەگاتە ناو شار، کێم نا، ئاوی سازگار و خاوێن خاوێن دەبێ بە چاوگەکاندا بچۆڕێ...
شیرین: ئەوە تۆ شێت بووی؟ پێت دەڵێم تاتام وازی لە مەرجەکەی خۆی هێناوە... تۆ تێناگەی؟
فەرهاد: ئەو مەرجەی تاتات بۆ منی دانابوو... لەمێژە لە بیرم چووەتەوە.

شیرین: منیشت لە بیر...

فەرهاد: نەخێر... (شیرین لە ئامێز دەگرێ.) تۆ ناکرێ لەبیر بکرێی... من کە بژیم، چۆن دەتوانم تۆ لە بیر بکەم... گەر تۆم لەبیربکردایە لە مێژە لێرە نەدەمام... لەبیرکردنی تۆ، لەبیرکردنەوەی دنیایە، لەبیرکردنەوەی خۆشەویستیی مرۆڤ و ئەو ئاوەیە کە لە چاوگەکانەوە دەچۆڕێ، لە کاتێکدا هەر یەکە لەمانەم، ڕۆژ بەڕۆژ پتر خۆش دەوێ... واتە تۆ، شیرین-ەکەم ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر، ڕۆژ بەڕۆژ لە خۆبوردەییەوە...

شیرین: تێناگەم، هیچ شتێک تێناگەم، فەرهاد... نەخێر، نەخێر، تێدەگەم، مەسەلەی ئابڕووە، ڕێزە، مەسەلەی کەسایەتیی مرۆڤە، مەسەلەی ئەرکە، مەسەلەی کۆتایی پێ هێنانی کارێک کە دەستی پێ کرابێ، دۆزی ئەو مرۆڤانەی کە بۆ ئەو مردووانەیان دەگریێن لە تینووان دەمرن... باشە، بەڵام، هی ئێمەش، دۆزێکی هەردووکمان هەیە...

فەرهاد: دۆزی هەردووکمان، لە دەرەوەی هەموو ئەمانەوەیە کە ژماردتن یان لەو لایانەوە نییە تاقانەکەم...

شیرین: تۆ ئیدی منت خۆش ناوێ... چیی دی منت خۆش ناوێ... داخۆ مافی ئەوەت هەیە کە خۆمان، من، هەردووکمان بۆ ڕیزە دۆزێک، بۆ کەسانی دیکە خەرج بکەیت؟. بڕوانە چۆن خەریکم پیر دەبم، بڕوانە هێڵەکانی ڕووم، بڕوانە.

فەرهاد: (سەری شیرین دەگرێتە ناو دوو لەپییەوە.) لێرە، لەناوەڕاستی ناوچەوانتدا هێڵێک پەیدابووە.

شیرین: کەواتە بینیت؟

فەرهاد: بێگومان بینیم... هەر کە ئەو هێڵەم بینی و نەبینی، گیرۆدەی ئەم هێڵەی دە ساڵ چاوەڕوانیی من بووم، گیرۆدەی هێڵی دە ساڵ بیر لە من کردنی تۆ بووم... با ئەو هێڵە ماچ بکەم... (ماچ دەکا.)

شیرین: بەرم بدە... (لە ئامێزی فەرهادەوە ڕزگار دەبێ، دەگەڕێ، یەکسەر لە گریان دەوەستێ.) دەشگرییێم و گوێی نادەیتێ.

فەرهاد: تۆ دەگرییێیت، من خەم دەخۆم... من تەنیا جارێک گریاوم، کە هەواڵی دایکم پێ گەیشت.

شیرین: لە کاتێکدا کە دابڕان دەتگرییێنێ؟ منیش بە مردوو دەژمێردێم.

فەرهاد: لە دنیادا تۆ، من (دەوروبەر پیشان دەدا.) هەموو ئەمانەی دەیانبینی... تا بمێنن، دەکرێ جودا ببینەوە؟

شیرین: ئەمانە هەموو لاف و گەزافن.

فەرهاد: شیرین تکات لێ دەکەم، جارێکی دیکەش پێبکەنە. ئەگەر نابەدڵیش بێ... تکات لێ دەکەم، تەنیا بەخەندەشت، پێویستم بە تەنیا خەندەشت هەیە تا ئەو ڕادەیەی کە نایزانی.

شیرین: چۆن دەزانم پێبکەنم؟ من کە کەوتوومەتە ئەم حاڵە.

فەرهاد: دەپاڕێمەوە... چۆنم خۆشدەوێیت... ئاخ چۆنم تۆ... تۆ چۆن، لە دوورەوەش و لە نزیکەوەش، هەموو کاتێک لە هەموو شوێنێکدا.

شیرین: (بە حاڵ زەردەخەنەیەک دەکات و قسەی فەرهاد دەبڕێ.) ئەمەت جارێکی دیکەش بە من وتبوو... بەبیرتدا هاتووە؟

فەرهاد: دە ساڵە ئەوە هەموو ڕۆژێک دەڵێمەوە...

شیرین: من تێناگەم کە...(ماوەیەکی بێدەنگی.) زۆری پێ دەچێ؟ ئایا کوناودەرکردنی ئەم بەردانە زۆریان پێ دەچێ؟

فەرهاد: نازانم... نازانرێ... لە دەرەوە پێوانی ئەستوورایی لە توانادا نییە... لەژێر گڵدایە

شیرین: هەر هیچ نەبێ درۆم لەگەڵدا بکە، ساڵێک، پێنج ساڵ... بڵێ... نەخێر... هەڵمەخەڵەتێنە... دە ساڵ چاوەڕێم کرد، تا مردنیش هەر چاوەڕێ دەکەم...(پێدەکەنێ.)... لەم چیرۆکەدا هەر کەسەو هونەرێکی نواند، منیش چاوەڕوانی دەزانم... چاوەڕێ دەکەم، چاوەڕێ کردنی تۆ فێر دەبم... فەرهاد... وەک ئەو دایکانەی کوڕیان دەچنە غەریبی... بەدان بە خۆداگرتنەوە و بەبێ سکاڵا کردن... دە گیانەکەم سا ماچم کە... لە گەردەنمەوە ماچم کە... دواییش لەو هێڵەوە.

(فەرهاد، گەردنی شیرین و هێڵی نێوچەوانی ماچ دەکا.)

فەرهاد: سبەی، یان دوای ساڵێک، یانیش چوزانم، دوو سبەی نایێیتەوە؟

شیرین: ناتوانم بێم، فەرهاد... بە تۆم نەوت، تاتام وتی، ئەگەر فەرهاد دەمودەست کارەکەی بەجێ نەهێڵێ و لەگەڵتدا نەیێ مەرجەکەم لانەبەم... وتی تا ئاو بە چاوگەکاندا دێ، دیسان تەنانەت پەنجە تووتەشت نابینێ، ئەمەشی لەو کاتەدا وت کە من لە دەرگاوە دەردەچووم، بە دوامدا هاواری کرد. خودایە دەنگی چەند ترسناک بوو.

فەرهاد: باشە.

شیرین: (بەدوا ئومێدێکەوە.) تاتام وای وت، تێدەگەی؟

فەرهاد: تێدەگەم... باشە

شیرین: دێمەوە... فەرهاد

(فەرهاد دیسان دەیەوێ بەشیرن-دا بئاڵێ، بەڵام شیرین کە هەست دەکا ئەوە جموجووڵێکی ماڵئاواییە، سووکێک پاڵی پێوە دەنێ، دەوەستێ، تەماشای ناوچاوەکانی فەرهاد دەکا. دوایی دەگەڕێتەوە. وەکو شێت بەڕاکردن دەچێتە دەرەوە. فەرهاد ماوەیەک لەو جێیەدا دەمێنێ کە لێیەتی، دوایی دەچێتە سەر بەردەکان. بەولایەدا دەڕوانێ کە شیرینی لێ بزر دەبێ. لەم کاتەدا خۆریش لە هەڵهاتندایە. لەپێش هەمووواندا ئەو ژنەی کە منداڵی لە باوەشدایە و مێردەکەی و ئەو ئەرزەنییانەی (خەڵکی ئەرزەن.) کە هاتوونەتە لای فەرهاد. دێنە پێشەوەی شانۆ.)

ژنە منداڵ لە باوەشەکە: وەستا فەرهاد

فەرهاد: (ئاوڕ دەداتەوە، قەڵەباڵغییەکە دەبینێ.) بەخێر بێن.

ئەرزەنییەکان: خێراندار بی، وەستا فەرهاد.

(فەرهاد لەسەر بەردەکانەوە دێتە خوارەوەو بەرەو گورزەکەی دێت و ئافرەتە منداڵ لە باوەشەکە ڕێی پێ دەگرێ، منداڵی باوەشی دەداتە فەرهاد.)

ئافرەتە منداڵ لە باوەشەکە: کوڕەکەم بۆ تۆ هێنا... شەش مانگانە... ڕووی تۆ ببینێ، بەنیازی ئەوەوە کە لە ئێستاوە فێر بێ، وەکو تۆ ئازابێ

فەرهاد: (منداڵەکەی لێ وەردەگرێ.) ئەو لەمن ئازاتر بێ... من ئەوەندە... من ئەوەندەش ئازانیم... (منداڵەکە ماچ دەکا، دەیداتەوە بەدایکی. گورزەکەی دەگرێتە دەست، ڕێ بەناو قەڵەباڵغیی دەوروبەریدا دەکاتەوە و دەچێتە ناو ئەشکەوتەوە. قەڵەباڵغی، هەندێک لەسەر زەویدا دانیشتوون، هەندێکیان پاڵیان بە دارەکانەوە داوە، شانۆیان پڕ کردووە، لە بارێکی ڕێزو سەرسامیدان، دوای ماوەیەک، لەناو ئەشکەوتەوە دەنگی گورز دەبیسترێ...)

ئافرەتی منداڵ لە باوەشەکە: (منداڵەکەی بەناو ئەشکەوتەکەدا دەکا.) دەنگی گورزەکە ببیستە، کوڕم... دەنگی گورزەکە ببیە...

(کە دەنگی گورزەکە بەردەوام دەبێ، پەردە دادەدرێتەوەو-تا- پەردەی دیمەنی دووەم -دەکرێتەوە-کە هەندێک درەنگ دەکرێتەوە- لەکۆتاییدا وردە وردە کە بزر دەبێ- ئەگەر پێویست بوو... مۆسیقا دەبیسترێ.)

## کۆتایی دیمەنی یەکەمی پەردەی سێیەم

***

## پەردەی سێیەم. دیمەنی دووەم

***

## لەبارەی شانۆنامەی (فەرهاد و شیرین)ەوە

ئەو نووسینانەی خوارەوە لەو نامانەی (نازم حیکمەت)ەوە وەرگیراون کە سالّی(١٩٤٨) بۆ (پیرایە)ی هاوسەری ناردوون، زانیاریی ئەوتۆ بەدەستەوە دەدەن کە پێوەندییان بە شانۆنامەی(فەرهاد و شیرین)ەوە هەیە. لەبەرگی دووەمی ئەم چاپەی لەبەردەستماندایە ناو و نیشانی شانۆنامەکە بەمجۆرە نووسراوە.

فەرهاد، شیرین، میهمەنە بانوو و ئاوی بناری کێوی ئاسنین. مێژوو بە نامەکانەوە نییە، بەلاّم لە مێژووی سەر زەرفەکانەوە دیارە کە لە نێوانی(١٩٤٨/٦/١٤) و (١٩٤٨/٩/٦)دا نووسراون.

لەنامەیەکی(١٩٤٨)ی نازم حیکمەت-دا کە بۆ پیرایەی نووسیوە دەڵێ:

دەمەوێ بەناوی (فەرهاد و شیرین)ەوە شانۆنامەیەک بنووسم، چیرۆکی(فەرهاد و شیرین) دەزانی، وا نییە؟ من نیوەی ئەو چیرۆکە وەک بناغە وەردەگرم، بابەتەکە بە کورتی بەم شێوەیە دەبێ: (شیرین)ی خوشکی(میهمەنە بانوو)ی سوڵتانی شار، عاشقی فەرهاد دەبێ کە نەقشی کۆشکەکەیان دەکات و فەرهادیش عاشقی ئەو دەبێت. دایەنی شیرین ئەمە بە میهمەنە بانوو ڕادەگەیەنێ، میهمەنە بانووش عاشقی فەرهاد بووە، بەلاّم لە نێوانی ئەو خۆشەویستییە زۆرەی خوشکەکەی و ئەو عەشقەی بەرامبەر(فەرهاد)دا کە هەستی پێ دەکا، دادەمێنێ، لە کۆتاییشدا بیانوو بە فەرهاد دەگرێ و لە هەڵوێستێکی بێ ئەنجامدا، بەنیازی لەناوبردنی فەرهاد داوا کارییەکی بە ئەرکی بەمجۆرەی دەخاتە ئەستۆ: شیرین بەمەرجێک دەدەمە تۆ، ئاو بۆ شار دابین بکەی، چونکە شار بێئاوی دەچێژێ و پێویست دەکا لە چیایکەوە ئاو بۆ شار بهێنرێ. فەرهاد مەرجەکە پەسند دەکاو بە عەشقی شیرین-ەوە دەست دەکا بە هەڵکۆڵینی چیا. لەلایەکەوە چیا هەڵدەکۆڵێ، لەلایەکی دیکەوە وێنەی شیرین لەسەر تاشە بەردەکاندا دادەتاشێ، ئەم کارە سالاّنێک درێژە

دەکێشێ و ئەو عەشقەی کە فەرهاد بەرامبەر شیرین هەیەتی، بەو ئامانجە دەگۆڕێتەوە کە چیاکە کوناودەر بکات و ئاوەکە بۆ شار بهێنێ، لەم بەینەدا میهمەنە بانوو دەمرێ. ئاستەنگ لەبەردەمی جووت بوونی شیرین و فەرهاددا نامێنێ، بەڵام فەرهاد بەشێوەیەک پابەندی ئەو کارەی خۆی بووە کە ناکرێ لە نیوەدا جێی بهێڵێ. نەخۆشە، ماندووە، بەڵام لە هەڵکۆڵینی چیاکەدا بەردەوامە. لە کۆتاییشدا لەو کاتەدا کە مژدەی هاتنی ئاو بۆ ناو شاری پێدەگا... دەگاتە ئاواتە گەورەکەی و لەتەک کارە مەزنەکەیدا لە نێوانی باسکەکانی شیرین... دا دەمرێ. ئا بەمجۆرە چیرۆکی (فەرهاد و شیرین)م کردە بناغەی مەبەستێکی وەها. بەم شێوەیە کە بابەتەکە باس کرا، بەڵکو وەها بە کورتی کە باس کرا. لەوانەیە زۆر ڕوون نەبێتەوە، بەڵام ئەم بابەتە، هەست دەکەم ئەوەندە بەهێزە، لەو بڕوایەدام ببێتە کارێکی چاک. بۆ نموونە، بەو عەشقەوە کە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی و بەرامبەر خێر و خۆشیی مرۆڤایەتی، کۆششی عەشقی هەست پێ کراو نییە، بەڵکو دەبێ یەکییەتییەک پێک بهێنێ. هەروەها پێم وایە ئەو پێوەندییەی نێوان مرۆڤ و سروشتەش وەک ویستوومە، بتوانم بەدی بهێنم، ئێستا هەرچییەک بڵێم بۆشە، دەبێ بینووسمەوە، بزانم چۆن دەبێ؟

**لەنامەیەکی دیکەوە:**

خۆشەویستم، تاقانەکەم

چیرۆکی فەرهاد و شیرین، دەقەکە خۆی بەو جۆرە نییە کە وەک جاری پێشوو بۆم نووسیبوویت. تەنیا نەققاشیی فەرهاد و ئەوەی کە شیرین خوشکی فەرمانڕەوایەکی بەناوی میهمەنە بانووەو لەگەڵ کون کردنی چیادا لەلایەن فەرهادەوە بۆ ڕاکێشانی ئاو بۆ کۆشکی شیرینی تێدایە، ئینجا ڕووداوەکان درێژە دەکێشێ و دەڕوا... ئەوانەی من لەسەرەوە باسم کردوون، لە کتێبم گواستووەتەوە، هەر ئەوەندە.

لەنامەی داهاتوودا پەردەی یەکەمت بۆ دەنێرم، چونکە لە پەردەی یەکەم بوومەوە. ماوەتەوە پاکنووسی بکەم، بەوپەڕی هێزو تینمەوە و بە

زەوقـەوە کـار دەکـەم. ڕەگـەزێک کـە لـە تەکنیکـی شـانۆدا هەر لە کـۆنەوە بەکـــارهێنـراوەو دواتر وازی لێ هێنـراوە. من پەرەم بەم ڕەگـــەزە داوەو جێبەجێم کردووە، واتێدەگم خراپیش نییە، ڕەگەزی ئەفسـانەم تەرخان کردووە، بەتایبەتی سوودم لەو ڕەگەزەی بینیوە کە واتای (سیمبۆڵ)ییانە دەنوێنێ، بەڵام ڕیالیسـتـانە کـارم تێـدا کـردووە، هـاودژییـەکـی سـەیری لێ دەرچوو، تا یەک دوو ڕۆژ پەردەی یەکەمت بۆ دەنێرم، وەڵامەکەی کە دیدو بۆچوونی تۆیە، ئەمەیان بەمەراقێکی شێتانەوە چاوەڕوان دەکەم.

## لەنامەیەکی دیکەیدا:

دوای ئەوەی کە هەموو (فەرهاد و شیرین)ەکەت خوێندەوە، لە کاتێکی وەهادا کە پێت خۆش بێ و لە ڕۆژێکدا کە کەمتر هەست بە ماندوویەتی دەکەی لەبارەی ئەم کـتێبە گچکەیەوە بیروبۆچوونی خۆتم بۆ بنووسیتەوە بەختیار دەبم، چونکە بەمجۆرە دووراو دوورەش بێت، هەندێکیش بەسەر هاتمانم- بێ ئەوەی هەســتی پێ بکەم- تێکردووە. دوای تەواو بوونی نووسینەوەی و لەسەر لەنوێی پێداچوونەوەیدا هەستم بەوەکرد.

سەرەتا نیـازم بوو بە جـۆرێکی دیکە کـۆتایی بە (فـەرهاد و شـیـرین) بهێنم. هەروەها دەمـویست پەردەی سـێـیـەمـیش بکەم بە دوو دیمەن، لە دیمەنی دووەمـدا، واتە لە دیمەنی دووەمی پەردەی سـێـیـەمـدا، دەمـویست چۆڕانی ئاو لە چاوگەکانەوە و ئینجا مردنی فەرهاد لە ئامێزی شیرین-دا تۆمـار بکەم، بەڵام دوایی بیـرم لێ کـردەوە، لەلایەکـەوە بەپێی بیـری بنچینەیی، دیمەنێکی پەردەی سـێـیـەم لە دیمەنی یەکـەمـدا کـۆتایی دێ. هەروەها فەرهاد و شیرین لایەنێکی ئەوتۆی هەیە کە لەمن و تۆ دەچن. ئا لەو کاتەدا کە خۆم بەتۆ دەگەیەنم، وەک بڵێی خۆم لە باوەشی تۆدا دەکوژم وەهام لێ دێ، هێزم بەسەر ئەمەدا نەشکا. کە نامەم بۆ دەنووسی. ئەگەر هەندێک درێژتر لە بارەی (فەرهاد و شیرین)ەوە بدوێیت، بۆ وێنە، پتر چ لایەنێکیانت لا بەدڵ بوو، بە کوێیەوە گیرۆدە بوویت، ئەوانەم بۆ بنووسیت زۆرم پێ خۆش دەبێ.

(.....)

با دیسانەوە لە بارەی فەرهاد و شیرین-ەوە بدوێین، کە وتم بەپێی بیری بنچینەیی پێویست بوو لەوێ کۆتایی پێ بێت. هەروەها هێشتا ئاو لە چاوگەکانەوە نە چۆڕاوە و مرۆڤەکانیش بە ئومێدەوە، بە پەرۆشییەوە خەریکی بیستنی دەنگی گورزی فەرهادن.

(.....)

دەبێ شتێکی جوان نەبێ، کە من ئەم فەرهاد و شیرین-ەم بەترسەوە دەنووسی، کە دەشمنووسی پەسندم نەدەکرد، بەڵام دوای تەواوبوونی و سەر لەنوێ سەرتاپا خوێندنەوەی و ئەو هاندانەی کە لە بارەی هەر پەردەیەکییەوە لە تۆوە پێم دەگەیی و دەنگەکانی پەسندکردن، تێگەیشتم و زانیم کارێکی چاکم ئەنجام داوە، بەڕاستی لەوە دەچێ کە خراپ نەبووە؟ بڕوانە هێشتا لە ناخمدا- لەوە دەچێ- یەک هەیە، چونکە، ئایا چەند لەم بابەتە گەیشتووم، نازانی، لە جێیەکدا کە فەرهاد بە شیرین دەڵێ: ئێمە هەر تەنیا لە هەزاردا یەکی هەناسەی ساردمان دەتوانین بخەینە ناو لالەوە، ئەمە دەڵێ! دە هەروەها دەبێ، منیش ئەوەی لە ناخمدایە هەر ئەوەندەی دەتوانم بخەمە ناو ئەم شانۆنامەیە، کە لە هەزاردایەکی، ئەوەیە کە لە ناخمدایە. بەوەی کە ئەوەندە بێ دەسەڵاتم، خەمی پێ دەخۆم، دیسانەوە نەمتوانی هەموو ئەوەی لە ناخمدایە بیخەمە ناو شانۆنامەکەوە، بەڵام ئەوەش دەزانم کە هەر هیچ نەبێ، یەک لە سەدیم لەناو داناوە.

***

**سەرچاوە:**

دەقی شانۆنامەکە و هەڵبژاردەی بڕگەی نامەکانی نووسەر، لەم کتێبەی خوارەوە وەرگێڕراوە:

Nazim Hikmet- Ferhad ile Sirin (de) yayinevi-

Birinici Baski: Eylül, 1965.

# دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
# ئاراس
# هەتا ئێستە ئەم کتێبانەی خوارەوەی بڵاوکردووەتەوە:

(١) هەڵکەوتی دیریکی لە کوردستاندا. دانانی: حوسێن حوزنی موکریانی.
(٢) سەروا. دانانی: د. عەزیز گەردی.
(٣) ژنی کورد بەستەم دەوره دراوە. دانانی: د. کوردستان موکریانی.
(٤) الحرب الكردية وإنشقاق ١٩٦٤.تأليف: ديڤيد ادامسن وجرجيس فتح الله.
(٥) رحلة الى رجال شجعان في كردستان. تأليف: دانا ادامز شمدت. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٦) جمهورية مهاباد ـ جمهورية ١٩٤٦ الكردية. تأليف: وليم ايغلتن الابن. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٧) كردستان أو الموت. تأليف: رينيه موريس. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٨) كرد وترك وعرب. تأليف: سي.جي. ادموندز. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٩) طريق في كردستان. تأليف: أي.ام. هاملتن. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(١٠) ئەدەبی رووسی و کێشەی پاستیرناک. دانانی: د. مارف خەزنەدار.
(١١) لە پێناوی راستی و کورد و خانیدا. دانانی: محەممەدی مەلا کەریم.
(١٢) کۆچی سوور. رۆمانی: حەمە کەریم عارف.
(١٣) مساهمة علماء كردستان في الثقافة الاسلامية. تأليف: محمد زكي حسين.
(١٤) لە کوردستانی عێراقەوە هەتا ئەوبەری چۆمی ئاراس. نووسینی: مورتەزا زەربەخت. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شەوکەت شێخ یەزدین.
(١٥) فەرهەنگی کوردستان. دانانی: گیوی موکریانی.
(١٦) خاک و کێشەی مان. رۆمان: عەزیزی مەلای رەش.
(١٧) امارة بهدينان الكردية. تأليف: صديق الدملوجي . تقديم: د. عبدالفتاح علي بوتاني.
(١٨) المجتمع البشري لماذا يشبه مستشفى المجانين...؟. تأليف: مسعود محمد.
(١٩) جوایەز. بەرهەمی نۆ شاعیری هەولێری.
(٢٠) نەخشەی رۆنانی رێژەی کار لە زمانی کوردیدا. ئەندازیار د. شێرکۆ بابان.
(٢١) زریزەی زێڕین. دانانی: محەممەد ساڵح ئیبراهیمی.
(٢٢) شێخ رەزای تاڵەبانی شاعیری گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. دانانی: ئەحمەد تاقانە.
(٢٣) خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری. دانانی: رۆهات ئالاکۆم. وەرگێڕانی: شوکور مستەفا.
(٢٤) عەبدورەزاق بەدرخان. دانانی: جەلیلێ جەلیل. گۆڕینی بۆ کوردی باشوور: شوکور مستەفا.

(٢٥) القومية الكردية و د. عبدالله جودت في مطلع القرن العشرين. تأليف: مالميسانژ. ترجمة: شكور مصطفي.
(٢٦) كۆمەڵناسیی گەلی کورد. دانانی: مارتن ڤان بروویین سن. وەرگێڕانی: شوکور مستەفا.
(٢٧) هەڵبژاردنەکانی کوردستان. دانانی: بەدران ئەحمەد.
(٢٨) تنوع الكرد في العراق ـ مدخل الي السياسة. تاليف: سامي شورش.
(٢٩) هەڵەبجە ـ کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨. دانانی: هەورامان عەلی توفیق.
(٣٠) گاڵتە بەچەک. ڕۆمان ـ نووسینی: جێمس ئۆڵدرج. وەرگێڕانی: د. عەزیز گەردی.
(٣١) لە مۆرکە تایبەتییەکانی ڕێزمانی کوردی. دانانی: د. شێرکۆ بابان.
(٣٢) بەرەو ڕێزمانی کوردی، بەرەو زمانی نووسین. دانانی: د. شێرکۆ بابان.
(٣٣) نادرنامەی ئەڵماس خانی کەڵهوڕ. ئامادەکردنی: شوکور مستەفا.
(٣٤) نظام الأناضول الشرقية. تاليف: اسماعيل بيشكچي. ترجمة: شكور مصطفى.
(٣٥) سینتاکسی ڕستەی کوردی. د. کوردستان موکریانی.
(٣٦) فەرهەنگی شارەزوور. کوردی- ئینگلیزی. دانانی: د. شەفیق قەزاز.
(٣٧) الصراعات الدولية. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٣٨) مەلا مەحموودی بایەزیدی یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد. دانانی: د. فەرهاد پیرباڵ.
(٣٩) گێتی زیندەوەر. دانانی: عەلائەدین سەجادی.
(٤٠) مێژووی پەخشانی کوردی. دانانی: عەلائەدین سەجادی.
(٤١) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی. ئامادەکردنی: شوکور مستەفا.
(٤٢) كردستان ودوامة الحرب. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٤٣) ڕۆمانی ڕێگا. دانانی: محەمەد مەولوود مەم.
(٤٤) مقالات حول القضية الكردية. تأليف: فوزي الأتروشي.
(٤٥) حياتي الكردية أو صرخة الشعب الكردي. مذكرات: نورالدين زازا.
(٤٦) بۆ کوردستان. دیوان: هەژار موکریانی.
(٤٧) جنوب كردستان في الدراسات الانثروپولوجية. ترجمة: جرجس فتح الله.
(٤٨) مهد البشرية او الحياة في شرق كردستان. تأليف: دبليو. أي. ويگرام وادگار. تي. أي. ويگرام. ترجمة: جرجيس فتح الله.
(٤٩) مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهري. تأليف: جرجس فتح الله.
(٥٠) أيامي في ثورة كردستان. مذكرات: يونان هرمز.
(٥١) لقاء الكرد واللان في بلاد الباب وشروان. تأليف: جمال رشيد.
(٥٢) ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە ساڵێکدا - چالاکییەکانی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠دا و پلانەکانی بۆ داهاتوو.
(٥٣) کۆڤاری ڕووناکی. ئامادەکردن و پێشەکی: د. کوردستان موکریانی.

(٥٤) مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی یەکەم. دانانی: د. مارف خەزنەدار.
(٥٥) شازادە چکۆلە. ڕۆمانی مێرمندالآن. نووسینی: سەنت ئێگزوپێری. وەرگێڕانی: ئاسۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.
(٥٦) حەمکێ توڤی. دانانی: د. مەسعود کتانی.
(٥٧) حەیران. دانانی: غەفوور مەخمووری.
(٥٨) گەشتێک بە کۆماری مەهابادا. بیرەوەری: عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی.
(٥٩) نظام الأناضول الشرقية.الجزء الثاني. تاليف: اسماعيل بيشيكچي. ترجمة: شكور مصطفى.
(٦٠) فەرهاد و شیرین.شانۆنامە: نازم حیکمەت. و. لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە